# پرس

سەرپەرشتیارانی ڕۆژنامە : کاروخ عومەر - لاوان ئەحمەد

ئەم ژمارەیە لەسەر ئەرکی سەرۆکی کۆماری عێراق (دکتۆر بەرهەم ساڵح) چاپکراوە

ڕۆژنامەیەکی تایبەتە بەپرسی ئەنفال و جینۆساید تیراژ : ٢٠٠٠ دانە ژمارە (١) ٢٠٢١/٤/١٤


## بۆچی سەرجەم موستەشارەکان بەشدارن لە تاوانی جینۆسایدی ئەنفال؟

عەلی مەحمود محەمەد

## جینۆسایدکردنی کوردستان تاوانێک لەڕابووردوو، مەترسییەک لە پێشماندا!

تەها سلێمان

## ڕەنگە بە دادگایکردنی موستەشارەکان مێژووی زۆر پاڵەوانی ئەم میللەتە ئاوەژوو ببێتەوەو ڕاستییەکان دەربکەون

کاوە لەتیف – نووسەر و پارێزە ،لە وتارێکیدا کە بۆ ڕۆژنامەی (پرس)ی نووسیووە تایبەت بە تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال و دەستگیرنەکرادنیان دەنووسێت « پێویستە خەڵکی کوردستان و کەس و کاری سەربەرزی قوربانیانی ئەنفال بزانن ڕەنگە بە دادگایکردنی موستەشارەکان زۆر بابەت پەردەی لەسەر هەڵبدرێتەوە و زۆرکەسی تریش کە بە قارەمان و پاڵەوانی ئەم میللەتە ناویان دەرکردووە تێوەبگلێن و مێژووی زۆر پاڵەوانی ئەم میللەتە ئاوەژوو ببێتەوەو ڕاستییەکان دەربکەون»

هەروەها دەنووسێت « خۆشباوەری خەڵکی کوردستان بە حکومەتەکەی و چەندبارە هەڵبژاردنەوەیان وپێشنەخستنی سیستەمێکی گونجاو بۆ ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان کە تیایدا دادگا سەروەر بێت و بڕیارەکانی تەنها مورەکەبی سەر کاغەز نەبن هۆکارێکی ترە بۆ دەستگیرنەکردنی مستەشارە تۆمەتبارەکانی دوسیەی ئەنفال بویە تاوەکو خەڵکی هەرێمی کوردستان و کەس و کاری سەربەرزی ئەنفالەکان بڕوایان بەو دەسەڵاتە هەبێت کە فەرمانڕەوای دەکات لە هەرێمی کوردستان و تاوەکو تێپەڕی ئەو عەقڵێتە حزبیە نەکرێت کە لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت ئەوا تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال هەروا بە ئازادی دەسورێنەوە و زیاتر زیان بە خەڵکی کوردستان دەگەیەنن « درێژەی وتار لەلاپەڕە (٦) بڵاوکراوەتەوە .

# (پرس) بۆ یەکەمجار دیدارێکی نەوشیروان مستەفا تایبەت بەئەنفال بڵاو دەکاتەوە

**تایبەت بە پرس**

نەوشیروان مستەفا - لەدیدارێکدا کە ڕۆژنامەنووس (سەلام عەلی ) ئەنجامی داوەو بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (پرس)ەوە بڵاو دەکرێتەوە باس لە هەڕەشەکانی بەعس دەکات پێش پرۆسەی ئەنفال و دەڵێت «پێش پرۆسەی ئەنفال زانیاری ئەوەمان بۆ هات عێراق هێرشێکی زۆر گەورەی بەدەستەوەیە، ئێمە ئەمانزانی هێرشدەکەن و هێرشێکی دڕندانەش دەکەن بۆ سەرمان»

نەوشیروان مستەفا لەوەڵامی پرسیارەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسە دەڵێت» پێشتریش چەند جارێك بۆردومانی کیمیاییان کردبووین ، بەڵی ئێمە ئەمانزانی هێرشدەکەن و هێرشێکی دڕندانەش دەکەن بۆ سەرمان، ئەمانزانی ئەوانە کارەساتێکی گەورەیان بەدەستەوەیە، بەڵام دوو ڕێگە لەبەردەممان بوو، یان ئەبوایە بەرگری بکەین یان ئەبێت تەسلیم بین، ئێمە بەهیچ جۆرێك تەسلیم بوونمان پێ باش نەبوو، لەبەر ئەوە بڕیارماندا بەرگری بکەین» لە لاپەڕە (٢) بەشێکی کورتی چاوپێکەوتنەکە بخوێنەرەوە...



## ئەو دادوەرەی لەسەر دەستگیرکردنی جاش و موستەشارەکان ناچار بەهەڵهاتن کرا نهێنیەکان ئاشکرا دەکات و دەڵێت : بەدڵنیاییەوە ئێستاش هەڕەشەی کوشتنمان لەسەرە

**تایبەت بە پرس**

بە پشت بەستن بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لەلایەن (دادوەر هاوژین) دادوەری پێشووی دادگای بەرایی شاری کفری فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سێ موستەشار دەرکراو لە دوای جێبەجێکردنی بڕیاری دەستگیرکردنەکە ، ڕۆژ دوای ڕۆژ فشارەکان بۆ سەر ئەم دادوەرە ڕوو لە زیادبوون بوو ، تا گەیشتە ئاستی بڕیاری گواستنەوەی دادوەر هاوژین حامد لە شاری "کفری"یەوە بۆ شاری (ئامێدی)، ئەمەش ناڕەزایەتی لە نێو کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال و زۆرێك لە چالاکوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لێکەوتەوە، بەڵام فشارەکان و هەڕەشەکان ئەم دادوەرەیان نەوەستاند وسوور بوو لەسەر ئەوەی( تاوانبار و بێتاوان) لە تاوانی ئەنفالدا یەکلابکاتەوەو ئەوەی تاوانبار بوو سزای خۆی وەربگرێ.بەڵام لەبری پشتیوانیکردنی سزا دراو ناچار بە هەڵهاتنی لەکوردستان کراو تۆمەتبارانیش ئازاد کران لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (پرس) ئەو دادوەرەی لەسەر دەستگیرکردنی جاش و مووستەشارەکان ناچار بەهەڵهاتن کرا بۆیەکەم جار نهێنیەکان ئاشکرا دەکات و دەڵێت» بەدڵنیایەوە ئێستاش هەڕەشەی کوشتنمان لەسەرە» درێژەی دیدارەکە لە لاپەڕە (٣) بڵاو کراوەتەوە

## بۆچی (پرس)؟

سی و سێ ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفالدا، تێدەپەڕێت، دەسەڵات بەگشتی و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بەم وەزارەتە پەیوەست بە ئەنفال نەیانتوانیوە قۆناغی شین و شەپۆڕ و کولاندنەوەی برینی بەجێماوانی قوربانیانی ئەنفال تێپەڕێنن بێ بەرنامە و بێ پلان لە ناساندنی کەیسی ئەنفال بە جینۆساید لەئاستی جیهانیدا ، هەروەها پێداگربن لە دادگایی کردنی جاش و موستەشارو تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال و ناچارکردنی عێراق بەقەرەبووکردنەوەیان ...

ڕۆژنامەی (پرس) وەک ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەت بەپرسی جینۆساید و کۆمەڵکوژی و گەیاندنی دەنگی نەبیستراوی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بەنەفەسێکی جیاوازی کارکردن بڵاو دەبێتەوە و هەوڵێک دەبێت بۆ خستنەڕووی دیوەشاراوەکانی تاوانی ئەنفال و تێپەڕاندنی قۆناغی کولاندنەوەی برینی کەسوکاری ئەنفالکراوان و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی کەیسی ئەنفال بۆ دەستکەوتی حیزبی و سیاسی ، موزایەدی سیاسیەکانی کورد، لێرەوە ئەرکی ڕۆژنامەی (پرس) دەستپێدەکات.

**سەروتار**

## چۆنێتی بەنێودەوڵەتی کردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

## مەلا بەختیار : پێویستە پرسی ئەنفال لە دەستی حیزبە سیاسییەکان دەربهێنرێت و لەبەزەیی مرۆییەوە بگۆڕدرێ بە پرسێکی نەتەوەیی ستراتیژی

**تایبەت بە پرس**

مەلا بەختیار- ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتی لە وتارێکدا کە تایبەت بۆ ڕۆژنامەی (پرس)ی نووسیووە باس لە گرنگی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەیەکی زانستی لەسەر ئەنفال دەکات کە تیایدا کەیسی ئەنفالکراوان لەبەزەیی مرۆییەوە بگۆڕدرێ بە پرسێکی نەتەوەیی ستراتیژی،هەروەها دەنووسێت «پرسەکە ناکرێ تەنها لە دەستی حیزبە سیاسیەکاندا بمێنێتەوە ، چونکە ئەم حیزبانە دوای (٣٣) ساڵ نەیانتوانیبێ پرسەکە بکەنە پرسێکی ستراتیژی، تازە دوای لە دەستدانی ئەو ساڵانە.. بەتایبەتی لەدوای ڕوخانی بەعسدا و لە نوسینی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا، نەیان توانیبێ، پرسەکە بکەنە ستراتیژی، لەمەو دواش پێیان ناکرێ درێژەی وتارەکە لە لاپەڕە (٤) بڵاو کراوەتەوە

## محەمەد حاجی مەحمود : بەبڕوای من جاش و موستەشارەکان جیاوازییان نییە هەموویان پیاوی ڕژێم بوون

## چیرۆکەکانی ئەنفال و کوردی بێدەربەست

## «لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانی بە پێی بڕگەی (٦)ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق هیچ شەرعیەتێکی نییە»

## کاتێک نەوەی ئەنفالەکان یاخی دەبن

## چیرۆکی هەڵگرتنی بوخچەکانی دوای ئەنفال

## پرسی گۆڕەبەکۆمەڵەکان و هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالکراوان

# نەوشیروان مستەفا : پێش ئەنفال ئەمانزانی ڕژێم کارەساتێکی گەورەی بەدەستەوەیە


نەوشیروان مستەفا

تایبەت : بە **پرس**

**سازدانی : سەلام عەلی**

نەوشیروان مستەفا - لەدیدارێکدا کە ڕۆژنامەنووس (سەلام عەلی ) ئەنجامی داوەو بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (پرس)ەوە بڵاو دەکرێتەوە باس لە هەڕەشەکانی بەعس دەکات پێش پرۆسەی ئەنفال و دەڵێت «پێش پرۆسەی ئەنفال زانیاری ئەوەمان بۆ هات عێراق هێرشێکی زۆر گەورەی بەدەستەوەیە، ئێمە ئەمانزانی هێرشدەکەن و هێرشێکی دڕندانەش دەکەن بۆ سەرمان» لێرەدا بەشێک لە چاوپێکەوتنە بڵاودەکەینەوە :

**- کاك نەوشیروان پێش ئەنفال سەرکردایەتی یەکێتیی درکی بەوەکردبوو کە ڕژێم بەنیازی هێرشیکردنە لەبەرامبەردا ئێوە چ ئامادەکارییەکتان هەبوو؟وەکو خۆشت لەکتێبەکەتدا (خولانەوە بەناو بازنەدا)، نووسیوتە، لەدانیشتنەکاندا عەلی حەسەن مەجید چەند هەڕەشەکی ئاڕاستەی ئێوە کردووە، ئەگەر لەهەندێ خاڵدا ڕێکنەکەون؟**

نەوشیروان مستەفا: ئێمە پێش ئەنفال زانیاری ئەوەمان بۆهات عێراق هێرشێکی زۆر گەورەی بەدەستەوەیە، پێشتریش چەند جارێك بۆردومانی کیمیاییان کردبووین ، بەڵی ئێمە ئەمانزانی هێرشدەکەن و هێرشێکی دڕندانەش دەکەن بۆ سەرمان، ئەمانزانی ئەوانە کارەساتێکی گەورەیان بەدەستەوەیە، بەڵام دوو ڕێگە لەبەردەممان بوو، یان ئەبوایە بەرگری بکەین یان ئەبێت تەسلیم بین، ئێمە بەهیچ جۆرێك تەسلیم بوونمان پێ باش نەبوو، لەبەر ئەوە بڕیارماندا بەرگری بکەین.

**- ئەگەر بکرێت باسێکی ئەوە بکەیت کە لەکتێبی (خولانەوە لەناو بازنەدا) باسی مفاوەزات و هەڕەشەکانی عەلی حەسەن مەجید کراوە چ هەڕەشەیەکی کردبوو؟**

نەوشیروان مستەفا: عەلی حەسەن مەجید نەبوو لەڕاستیدا (تارق عەزیز) هەڕەشەی کردبوو، لەکاتی مفاوەزاتەکەی( ١٩٨٤) دا باسی ئەوەی کردبوو باشتر وایە ئێستا لەگەڵمان ڕێکبکەون چونکە ئێستا پێویستیمان بەئێوەیە، ئەگەر ئێستا لەگەڵمان ڕێکنەکەون دوای (شەڕی ئێران - عێراق) ئەو هێزە گەورەییەی دروستمان کردووە بۆ شەڕی ئێران، ئەیهێنین شەڕی ئێوەی پێئەکەین سەد هەزار کەسشمان لێبکوژرێت گرنگ نیە بەڵام کۆتایی بەمەسەلەکەی ئێوە ئەهێنین، بەڵام من نازانم ئەوانەی ڕەخنە لەئێمە ئەگرن گوایە بیرێکی ترمان بکردایەتەوە، چیمان بکردایە تەسلیم بوینایە، بەمەرجەکانی ئەوان ڕازی بووینایە، بچووبایەین بۆ ئێران؟ یەعنی چیمان بکردایە؟، ئەگەر بەرگری ناکەیت چی ئەکەیت.

**- مەبەستەکە ئەوەیە وەك پێشتر زانیاریتان هەبوو ، نەئەکرا ڕێگەی چارەی تر بگرنە بەر بۆ ئەوەی خەڵك دەرباز بکەن و ئەو هەموو خەڵك و پێشمەرگەیە ئەنفال و شەهید نەکرابان؟**

نەوشیروان مستەفا: زۆرترین ژمارەی قوربانیەکانی ئەنفال لەناوچەی گەرمیاندا هەبوو، وەك بۆم باسکردیت ئەنفال چەند قۆناغێکی هەبوو ، هەموو ڕۆژێك زیاترمان لێئەکوژراو عێراق زیاتر ئەهاتە پێشەوە، گەمارۆکانی سەرمان زیاتر ئەبوون، ئێمە کە کشاینەوە جگە لەچەند کەسێك نەبێت یەکێك لەوانە شێتێك بوو لەگەڵمان نەهات، ناوچەکەی ئێمە بەرەو ژووری ١٠٠ هەزار کەسێك تێدابوو، پێش خۆمان بەڕێمان کردن، واتە پێش ئەوەی پێشمەرگە ناوچەکە چۆڵبکات و بکشێتەوە سەرتاپای ناوچەکەمان چۆڵکرد، پێش ئەوەی چۆڵیشی بکەین، ئەو زەمانە هەموو دێیەك ئەنجومەنی ئاواییان هەبوو، ڕۆژێك نوێنەری ئەنجومەنی ئاواییەکان هاتن بۆ بارەگاکەی من، لەمنیان پرسی وتیان بەتەمای چین؟، وەهەموویان لەماڵەکانی خۆیان ڕایانکردبوو، لەشاخدا خۆیان شاردبووەوە، چونکە هیچ خەڵکی دێیەك نەیانتوانی لەناو دێیەکانی خۆیان بژین، منیش پێم وتن» هەتاکو بتوانین بەرگری ئەکەین، بەڵام لەوە ناچێت بتوانین تاکو سەر بەرگری بکەین ،ئێوە ژمارەیەك ژن و مناڵ و پیرو پەککەوتەتان هەیە، وتم خۆتان سەر پشك بن بۆ ئەوەی یەکێك لەو دووڕێگایە هەڵبژێرنەوە، ئەگەر ئەچنەوە بۆ عێراق ئێمە هیچ ڕێگایەکتان لێناگرین، لەچ ڕێگایەکەوە بڕۆن ڕێگەکەتان بۆ چۆڵ ئەکەین، ئەگەر ئەچنە ئێران کارئاسانیتان بۆ ئەکەین و ڕێگەتان بۆ ئاسان ئەکەین بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ ئێران ، بەڵام لەهەردوو حاڵەتەکە ئەوە بزانن، ئێمە دوژمنێکمان هەیە لەدڕندایەتییە لەسەرتاسەری دنیایە نموونەی نییە،وە دۆستێکشمان هەیە کەئێرانە لەسەرتاسەری دنیا نموونەی نیە بۆ بێ وەفای، وتم لەبەر ئەوە لەهەردوو حاڵەتەکە ئەوە بەهەند وەربگرن، ئەوە ئەنجومەنەکان ماون ئەتوانن بڕۆن قسەیان لەگەڵ بکەن، کەچوونەوە بەجیا کۆبونەوەیان کرد، لەکۆبونەوەکەی خۆیاندا بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ ئێران، ڕێگەمان بۆ کردنەوە ....

**- دا لەڕۆژنامەیەکدا بینیم بەنزار خەزرەجی پرسیاری ئەوەی لێکراوە لەکیمیا بارانکردنی هەڵەبجەدا ئەو خۆی بەوە دادەنا کە ئەسڵەن ئاگای لێنەبووە؟**

نەوشیروان مستەفا: دوورنیە ئاگای لەکیمیابارانکردنی هەڵەبجە نەبووبێت،چونکە ئەوە بەئەمری سەدام حسێن کراوە، لە کردە سەربازییەکە بەشداری کردووە، بەڵام لە قەسفی شاری هەڵەبجە سەدام بڕیارەکەی دەرکردووە، واتا فەرمانی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە کیمیایی شەخسی سەدام حسێن دەریکردوە.

# چیرۆکەکانی ئەنفال و کوردی بێدەربەست



**لەتیف فاتیح فەرەج**

ئەشکەوتی کونەکەمتیار ، ئەشکەوتێکە لە نزیك هەردوو گوندی نەورۆزو داربەسەرەو لە سنوری ناحیەی قادر کەرەمدایە ،ئەو ئەشکەوتە شاهیدی مانەوەو پاراستنی شەش خێزانی سنورەکەیە بۆ زیاتر لە ٥ مانگ، ژمارەی ئەندامانی ئەو شەش خێزانە زیاتر لە ٤٠ کەس بوونەو لە مانگی چوارەوە تا مانگی نۆ لەو ئەشکەوتە ماونەتەوە ، هەر لەو ئەشکەوتەدا مناڵێك لە دایك بووە کە ئێستا پۆلیسی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، هەروەها هاوسەرگیریەکیش کراوە کە ئەوەیان بەرپەرچدانەوەیەکی بوێرانەیە بەرانبەر کردەی لە ناودانی بەعسیەکان .

هاوسەرگیریەکە ڕێکەوتنی نێوان باوکی کچەکەو کوڕەکە بووە ، بۆئەوەی وەك خۆیان وتویانە ئەگەر مردن با بە ئاسودەیی بمرن ، ئێستا ئەو خێزانە وەك خێزانێکی کەرکوکی درێژە بە ژیان دەدەن ، کاتی خۆی ئەم چیرۆکەم بڵاوکردەوە ئەو کاتە یەحیا بەرزنجی ڕۆژنامەوان هات بۆ کەناڵی ڕوداو ستۆریەکی لەسەر کرد ، لەم ماوانەشدا بۆ هەمان مەبەست محەمەد سەیدی هونەرمەند پەیوەندی پێوە کردم تا بۆ کەناڵی کەرکوك کارێکیان لە سەر بکات ، باوەڕی من وایە ئەو ژمارە خەڵکەو ئەو چیرۆکە چیرۆکی جولەکە یان ئەرمەن بوایە ئێستا دەیان فیلم و ڕۆمانی لە سەرکرابوو ،لێ چونکە پەیوەستە بە کوردەوە زۆر بایەخی پێنەدراوە .

ئەمە نمونەی چیرۆکێکە لە هەزاران چیرۆکی تر ، کە هەریەکەو بە جۆرێك تراژیدیای ئەنفالمان بۆ دەگێڕنەوە ، لای من ئەم چیرۆکە تەواو نابێت و نەگێڕدراوەتەوە تا ڕۆژێ کە چیرۆکی خێزانی ئەشکەوتەکەتان بە تەواوەتی بۆ دەنووسرێتەوە تا ئەو کاتەش گرنگە هەڵوەستە لە سەر هەندێ ڕوداوی نێو ئەو تراژیدیایە بکەین ، ئەوان کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەو ئەشکەوتەدا ماونەتەوە چیرۆکی جیا جیا دەگێڕنەوە ، بۆنمونە تەنانەت گوێدرێژەکەشیان کە ئاوی پێدەهێنن بە ڕاوێ لەو شوێنەدا کە دەکەوێتە بەرنیگای تۆپەکانی بەعس بە سروشت فێر دەبێت کە چوار پەلی بنوشتێنێتەوەو بە چوار چەنگۆڵە بڕوات، یانی هەمان لاسایی مرۆڤەکان دەکاتەوە ، لە ئەنفالدا چیرۆك گەلی سەیر لە بارەی ئاژەڵەکانەوە هەیە دەمێکە لە خەیاڵی ئەوەدام ئەو چیرۆکانە هەموولە دووتوێی کتێبێکا کۆبکەمەوە بە نێو نیشانی « ئەنفال و ئاژەڵ « ئەوەش پڕۆژەی خەمێکی ترە .

ئەو کوڕو کچەی لەو ئەشکەوتە هاوسەر گیریان کردووە، بە دەر لە شەرم و دورە پەرێزی خۆیان لە گێڕانەوەی ئەو هاوسەر گیریە ، ئەوان بەو کارە بە گەورەترین شێوە بە گژ بە عسا چونەتەوە ،کاتی خۆی کە ویستم چیرۆکەکەیان لە زاری خۆیانەوە بگوێزمەوە شەرمیان دەکرد لە گێڕانەوەی لە کاتێکا هاوسەرگیریەکە باوکی هەردوکیان پێی هەستاون و ئامانجەکەش ئەوە بووە باوکی کچەکە وتویەتی پێش ئەوەی بمرم دەمەوێ کچەکەم دامەزرێنم ،هەردوو باوك مەلاو قازی و شاهید بوونەو کارەکەیان کردوە ، ئەوە یەکێکە لە گەورە ترین چیرۆکەکانی ئەنفال دەبوو حکومەتی هەرێم لە بۆنەیەکی تایبەتا ئەو دوو هاوسەرەو کۆی خەڵکەکەی ناو ئەشکەوتی کونە کەمتیاری ڕێز گرتبا ، من کاتی خۆی ئەوەم نووسی ، کێشە ئەوەیە ئەم حکومەتە توانای گوێگرتنی نیە ، ڕاستیەکە هەر گوێی گوێگرتنی نیە .

کێشەکە هەر حکومەت نیە بە تەنێ ، خەڵکیش لەو ڕووەوە بێدەربەست و کەمتەرخەمە ، خەڵکیش نایەوێت لە گەورەیی پرسی ئەنفال بگات و کۆی چیرۆك و بەسەرهاتەکان بپارێزێت ، بۆنمونە هەموو گوندێك زیاتر لە خوێنەوارێکی هەیە ئەوان لە بری نوسینەوەی حەکایەت و چاو پێکەوتن دەکرێت چیرۆکەکان بنووسنەوە ،جگە لە نووسینەوەی چیرۆکەکان دەکرێت ناوی هەموو کانی و گردو دۆڵ و شیوو ناوچەیەکی گوندەکانی خۆیان تۆمار بکەن ئەو کارە دەبێتە سامانێکی گەورە گوند نیە چەم و کانی و شیوو دۆڵ و گردو تەلانەکانی ناویان نەبێت هەر ناوەش چیرۆکی خۆی هەیە کۆکردنەوەو نووسینەوەی ئەمانە ئەرکێکی ئاکاریە لە یادەوەری زارەکیەوە دەخرێتە سەر ڕووپەڕەو دەبێتە دیرۆك و سەرچاوە .

ئەمەم بۆیە باسکرد کە ناکرێ سڵ لە هیچ گێڕانەوەو بابەتێکی تایبەت بەو پرسە بکرێت ، ناکرێت لە بەر هەر هۆیەك چیرۆکەکان لە بیر بچنەوەو لە ناو بچن ، تۆمار کردن و نووسینەوەی چیرۆکەکان ئێمە بە گشتی دەکاتە بەشێکی دانەبڕاو لە پرسی ئەنفال و ناچارمان دەکات لە ڕووی ئاکاریە خۆمان بە بەرپرسیاربزانین لە بەرانبەر ئەنفال و خۆمانی لێبەخاوەن بکەین .

چیرۆکی کونەکەمتیار دەکرێت لە هۆلیۆد بکرێتە فیلمێکی سینەمای گەورە ، دەکرێت دەرهێنەرە ناسراوو گەورەکانی دنیا بەو کارە هەستن لە بری نیشاندانی کڕوزانەوەی خەڵك دەسەڵات دەکرێت گەورەیی خەڵك نیشان بدات ، گەورەیی خەڵك لەو پەیوەست بونەوەیە بە مانەوەوژیانەوە خۆزگا بەهەمەنی قوبادی کاری لە سەر ئەم چیرۆکانە دەکرد .

**»تۆمار کردن و نووسینەوەی چیرۆکەکان ئێمە بە گشتی دەکاتە بەشێکی دانەبڕاو لە پرسی ئەنفال و ناچارمان دەکات لە ڕووی ئاکاریەوە خۆمان بە بەرپرسیار بزانین لە بەرانبەر ئەنفال و خۆمانی لێ بەخاوەن بکەین» .**

## ئەو دادوەرەی لەسەر پرسی دادگایکردنی جاش و موستەشارەکان شار بەدەر کرا
## بۆ ڕۆژنامەی (پرس) نهێنیەکان ئاشکرا دەکات :

# دادوەر هاوژین حامد : هەڕەشەکانی سەر ئێمە لەلایەن کەسانێکی دەست ڕۆشتووە بوون کە تا ئێستاش حساب بۆ دەنگی ئەنفالکراوانیش ناکەن..



دادوەر هاوژین حامد

سازدانی : پرس

دوای ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکان بەیوەست بە تاوانی ئەنفال بە بریاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٧) سزای لە سیدارەدانی بۆ چەند تاوانبارێک دەرکرد لەوانە ( عەلی حەسەن مەجید، سوڵتان هاشم و چەند تاوانبارێکی تر )، وەهەروەها بە بریاری ژمارە (١٠) لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤) بریاری دەستگیرکردنی بۆ ٤٢٣ تۆمەتبار دەرکرد کە لەو ژمارەیە ٢٥٨ کەسیان کورد بوون . بریاری دەستگیرکردنی تۆمەتباران ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کرا بۆجێبەجێ کردن، وەهەروەها ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان بە بریاری ژمارە (٩٤٣) لە (٢٠١١/٥/٥) فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ئەوتۆمەتبارانە دەرکرد کە لە بریاری دادگای باڵای تاوانەکاندا ناویان هاتبوو، ، بەلام جێبەجێنەکردن و دەستگیرنەکردنی تۆمەتباران بووە مایەی نیگەرانی لای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال.

بەڵام لەگەرمیان بە پشت بەستن بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لەلایەن (دادوەر هاوژین) دادوەری دادگای بەرایی شاری کفری فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سێ موستەشار دەرکرا لە دوای جێبەجێکردنی بڕیاری دەستگیرکردنەکە، ڕۆژ دوای ڕۆژ فشارەکان بۆ سەر ئەم دادوەرە ڕوو لە زیادبوون بوو ، تا گەیشتە ئاستی بڕیاری گواستنەوەی دادوەر هاوژین حامد لە شاری "کفری"یەوە بۆ شاری (ئامێدی)، ئەمەش ناڕەزایەتیەکانی لە نێو کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال و زۆرێك لە چالاکوان و ڕێکخراوەکانی, فشارەکان و هەڕەشەکان ئەم دادوەرەیان نەوستاند وسوور بوو لەسەر ئەوەی( تاوانبارو بێتاوانن) لە تاوانی ئەنفالدا یەکلابکاتەوەو ئەوەی تاوانبار بوو سزای خۆی وەربگرێ. بەڵام لەبری پشتیوانیکردنی سزا دراو ناچار بە هەڵهاتنی کوردستان کراو تۆمەتبارانیش ئازاد کران ..ڕۆژنامەی پرس وەک یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە (٣٣) هەمین ساڵەی تاوانی ئەنفالدا هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (دادوەر هاوژین حامد ) سازدەکات :

**پرس : (دادوەر هاوژین) دادوەری پێشووی دادگای بەرایی شاری کفری فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سێ موستەشار دەرکات لە دوای جێبەجێکردنی بڕیاری دەستگیرکردنەکەش ئیدی فشارەکان بۆ سەرتان دەست پێدەکات دەکرێ بزانین کێ بوون ئەوانەی فشارەیان دەکرد لەو کەیستەدا ؟**

دادوەر هاوژین : گوشارەکان لەلایەن کەسانێکی بەهێزەوە بوون کە تا ئێستاش حساب بۆ دەنگی ئەنفالکراوانیش ناکەن، ئەوانە گەورەتر خۆیان دەبینن تەنانەت لە ئەنفالکراوانیش، چونکە دەنگی ئەوانیش نابیستن.

بۆ ئەوەی بزانین کێ بوون ئەوانە، دەبێت بپرسین کێن ئەوانەی کە دەستگیرکراوانیان ئازاد کرد؟

لەوە گرنگتر ئەوەیە بپرسین کێن ئەوانەی ئێمەیان وەدەرنا، یان ئەو دەسەڵاتدارانە کێن کە کاریان نەکردووە بۆ گەڕانەوەی ئێمە، چونکە هەر دەسەڵاتدارێک کە کار بۆ لابردنی ئەو ستەمە لەسەر ئەنفاڵکراوان و ئێمەش ناکات، ئەوە هاوبەشی ئەو تاوانەیە. چونکە کاری دەسەڵاتدار لابردنی ستەمە وەمانەوەی ئێمەش لەدەرەوە ستەمێکی گەورەیە.

**پرس: بڕیاری دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارانە لەگەرمیان بە پێی چ بنەماو بڕیارێک بوو؟**

دادوەر هاوژین : تەواوی بڕیارەکانم لە یاد نەماوە، چونکە زۆرن و ٧ ساڵیش تێپەڕیوە. بەڵام بڕیارەکان لە دادگاوە بوون لە بەغدادەوە، وە پاشان بڕیار و فەرمانی پێدەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزەراتی داد و ئەنجومەنی دادوەری. جگە لەوەش پاش دەرچوونی ئێمە، ئەنجومەنی دادوەری هەرێم دووبارە فەرمانی دەستگیرکردنیان ناردەوە بۆ دادگاکان، ئەگەر ئەوانە عەفو کراون ئیدی ئەنجومەنی دادوەری بۆچی گشتاندن دووبارە دەکاتەوە؟

دەسەڵاتی کوردی شەو و ڕۆژ لە بەغدان باسی دەستوور و یاسا و مافی مرۆڤ دەکەن، ئەمە بانێکە و دوو هەوا، ئاخر خۆ ئێمەش هەر باسی دەستوورو یاسامان دەکرد.

**پرس: بڕیاری گواستنەوەی دادوەر هاوژین حامد بڕیارێ کارگێڕی بوو، یان سزادان بووە؟ چۆن؟**

دادوەر هاوژین : کارگێڕی بنەمای خۆی هەیە، کەواتە کارگێری نەبوو. ئەوە تەنها خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بوو، سزایەکی نایاسایی بوو، هەر چەندە سزای گواستنەوە نابێت بەکاربهاتبایە و سزایەک نیە بەناوی گواستنەوەوە، ئەوە سزا نەبوو، تەنها چاوترساندن بوو.

**پرس : دادوەر هاوژین حامد کاتێ کوردستان جێدەهێڵێتماوەیەک شوێنی نیشتەجێبوونی ئاشکرا ناکات ئایا هەڕەشەی جددیت لەسەر بوو بۆ نموونە هەڕەشەی کوشتن؟**

دادوەر هاوژین : بێگومان من هەمیشە کاتێک قسە دەکەم یان کردەوەیەک کە بزانم سوودی هەیە، بۆیە ئەو کات و ئێستاش نامەوێت شتی تایبەتی خۆم باس بکەم، پێش ئەو کێشانەش هەر بەو جۆرە بووم.

بەڵام مەنتقی بوو کە هیچ باس نەکەم چونکە بەدڵنیایەوە ئێستاش هەڕەشەی کوشتن هەیە لەسەرمان. کاتی خۆی کە بە ئاشکرایی دژایەتیم نەکرابوو هەڕەشەکانم بە جددی وەرنەدەگرت چونکە دەمزانی قورسە کارێکی ناڕەوا دژ بە دادوەرێک بکرێت، واتا لە ڕووی سیاسی و کارگێڕییەوە زۆر دەکەوت لەسەریان، بەڵام دوای سزادانەکەم ، ئیدی هەڕەشەکان فراوانبوون چونکە منیش هەڕەشەی ئاشکرا کردنیانم کرد بەوەی ئەوا مافی گەلێکە وناکرێت دژایەتی گەل و منیش بکرێ، سەرئەنجام ناچاربووین دەربچین لە کوردستان.

**«بەدڵنیاییەوە ئێستاش هەڕەشەی کوشتنمان لەسەرە»**

**پرس : بەپێی لێدوانەکانی پێشووی بەڕێزتان سەرۆکی دادگای تاوانەکانی کەرکووك گەرمیان فشاری خستووەتە سەرتان بۆ ئەوەی دەستگیرکراوانی ئەنفال ئازاد بکرێن ,هۆکاری ئەوە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

دادوەر هاوژین : ئەو فەرمانبەرێکە لە دەوڵەتدا، پێویست بوو لەسەروو خۆی فەرمان وەربگرێت، بەڵام لە کێ وەریگرتووە، بەدڵنیایەوە نازانم،بەڵام من دەزانم کە کێ و لە چ ئاستێک دژایەتی منی کردووە و دەزانم کێ لە هەمان دەڤەر پشتگیری کردووم، هەموو دەسەڵاتدارانی سلێمانی دژی من نەبوون.

دادوەر ئەکرەمی گەرمیان کاتی خۆی هەموو هەوڵی ئەوە بووە من لە گەرمیان دابمەزرێم، ئیدی بۆ دژایەتیم دەکات؟ بێگومان دژایەتیم ناکات و کەسانێک ناچاریان کردووە ئەو کارە بکات لە دژی من، بەڵام دەبوو قبوڵی نەکردایە.

**پرس : دەوترێت جاش و موستەشارەکان لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بە بڕیارێ پیشتر فەرمانی لێبوردنیان بۆدەرکراوە ئایا هیچ لایەنێک مافی لێبوردنی گشتی هەیە لە جاش و موستەشار یان لێبوردن لەو تۆمەتبارانە لەرووی یاساییەوە گونجاوە یان دەکرێ؟**

دادوەر هاوژین : بەرەی کوردستانی دەزگای دەوڵەتیی نیە، بۆ ئەوەی عەفو بکرێن دەبوو پەرلەمان عفویان بکات، یان دادگایەک بێتاوانیان بسەلمێنێت.

تەنانەت ئەوەش هەندێک پەردەپۆش بکەین، دووبارە فەرمان و بڕیارەکانی هەرێمەمان بیر نەچێت کە دووبارە لە حکومەت و پەرلەمان و دادوەریشەوە دوای دادگاییەکەی سەددام ، داوای دەستگیر کردنیان کرایەوە، ئەگەر ئەوانە عەفو کراون، ئیدی بۆچی دەزگاکانی هەرێم فەرمانی دەستگیرکردنەکانی دادگای بەغدادیان قبوڵ کرد و داوایان لە دادگا و پۆلیسی هەرێم کرد بۆ دەستگیرکردنیان؟

جگە لەوەش لەم هەرێمە ئێمە شتی سەرسوڕهێنەر هەیە، دادوەرێک دادگای سەدام دەکات پلەی باشتر و ڕێزی لێدەنرێت ، دادوەرێک بەردەستەکانی سەدام دەستگیردەکات شاربەدەر دەکرێت.

**پرس : لەو ماوەیەدا لە دەرەوەی وڵاتن هیچ هەوڵێک هەبووە بۆ گەڕاندنەوەی دادوەر هاوژین بۆ کوردستان؟**

دادوەر هاوژین : بێگومان چەندین کەس هەوڵی لابردنی ستەمیان داوە، بەڵام بێئاکام بوو، وە ئێمەش لەسەر کەیسێکی کوردی لەژێر دەسەڵاتی کوردی وا لەدەرەوەین، جێی داخە لە دەسەڵاتی کوردی هەڵبێیت و لەسەر مافی گەلی کوردستانی.

**«دادوەر ئەکرەمی گەرمیان کاتی خۆی هەموو هەوڵی ئەوە بووە من لە گەرمیان دابمەزرێم، ئیدی بۆ دژایەتیم دەکات؟ بێگومان دژایەتیم ناکات و کەسانێک ناچاریان کردووە ئەو کارە بکات لە دژی من، بەڵام دەبوو قبولی نەکردایە».**

**« لەم هەرێمەی ئێمە شتی سەرسوڕهێنەر هەیە، دادوەرێک دادگای سەدام دەکات پلەی باشتر و ڕێزی لێدەنرێت ، دادوەرێک بەردەستەکانی سەدام دەستگیردەکات شاربەدەر دەکرێت».**

# ئەنفال و ئەنفالی قەرەبوو

مەلا بەختیار



٤/١٤، ساڵ ڕۆژی مەرگەساتی ئەنفالە. ئەنفال، لە دێر زەمانەوە، تیزاب ئاسا، مێژووی نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد، تا زەمانی بەعس، خستۆتە ناو ژانی هەمیشەییەوە.

سەرکردایەتی سیاسەتی کوردستان، خوێندنەوەیەکی زانستییان بۆ بنەچەی چینایەتی بەعس و شوناسی ئایدۆلۆژیان، هەرگیز نەبووە. کە بنەچەی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی دوا کەوتووی عەرەبە، لەسەر بنجی ئایین- مەزهەب روابون. ئایدۆلۆژیکەکەشیان باڵادەستێتی نەژادی عەرەب و پەیامی ئیسلامی عروبەوی بەعسیانە بوو. کاتێك، ئایین- مەزهەب، ئاوێتەی ئایدۆلۆژیەتی نەتەوەیی گۆشەگیر دەکرێ، لەسەر دەسەڵاتدا و بۆ پاراستنی دەسەڵات، بەرە بەرە بەرەو فاشیەت دەخزێن. بۆیە زۆر زۆر گرنگە ئایین و دەسەڵات لێك داببڕێن.

نەناسینی بنەچەی چینایەتی و شوناسی ئایدۆلۆژی بەعس، لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە، کێشەی گەورەی حیزبە سیاسیەکانی عێراق- سوریا، ئینجا هی وڵاتانی دیکەی عەرەبی بووە. تارادەیەك بە چەپەکانیشەوە. بۆیە، یان لەکاتی ئۆپۆزسیۆندا، زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی ناوچەکە دۆستایەتییان کردون، یاخود لە هاتنە سەر حوکومڕانیاندا، چونەتە ناو بەرەی سیاسیەوە، لەگەڵیاندا. ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بەقوڵی ئایدۆلۆژیەتی بەعس لێکبدرایەتەوە، نەدەبوو هەر لەسەرەتاوە، بواری پەرەسەندنی ئەم ئایدۆلۆژیەتە فاشیستیە درابا.

تائێستاش، تێگەیشتنی زانستی، بۆ ڕەگەزە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی فاشیەتی ڕۆژهەڵاتی دواکەوتوو، لە ناو هێزە سیاسیەکاندا دیاری نەکراوە. بۆیە، لەقۆناغە جیاوازەکاندا، یان ناسیۆنالیزمی دواکەوتوو، بەناوی دەوڵەتی نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوەییەوە، ڕای گشتی لە خشتە دەبەن، یاخود، بزوتنەوەی سەلەفی دەتوانن بەناوی ئایین- مەزهەبەوە، بزاڤێکی فاشی بسەپێنن. یاوەکو بەناوی خەباتی نیشتیمانییەوە، لەسەرکوت کردنی دیموکراسیدا، ڕەفتاریان فاشیستیانەیە.

ئەو ڕاراییە، لە ناسین و ناساندنی ڕەگەزەکانی فاشیزمی دواکەوتوو، تا هەنوکەش، لەناو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوامە. بە کوردستانیشەوە. هەر بۆیە تێزی بێ پێزی سیاسی – تیۆری جۆراوجۆر لە لایەن سەرکردە و سەرکردایەتی لایەنەکانەوە دەهۆنرێتەوە، هەتا ئەنفال نەکرێتە پرسێکی سیاسی- نەتەوەیی، لە سەر هەموو ئاستەکاندا. بە ئاستی سزادانی تاوانبارانی کوردیشەوە!

بەڕای بەندە، ئەم کوردە، پێویستی بەوەیە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەیەکی زانستی لەسەر ئەنفال بکات.. تیایدا، کەیسی ئەنفالکراوان، لەبەزەیی مرۆییەوە بگۆڕدرێ بە پرسێکی نەتەوەیی ستراتیژی. پرسەکە، ناکرێ تەنها لە دەستی حیزبە سیاسیەکاندا بمێنێتەوە. چونکە ئەم حیزبانە دوای (٣٣) ساڵ نەیانتوانیبێ پرسەکە بکەنە پرسێکی ستراتیژی، تازە، دوای لە دەستدانی ئەو ساڵانە.. بەتایبەتی لەدوای روخانی بەعسدا و لە نوسینی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا، نەیان توانیبێ، پرسەکە بکەنە ستراتیژی، لەمەو دواش پێیان ناکرێ.

**«بەڕای بەندە، ئەم کوردە، پێویستی بەوەیە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەیەکی زانستی لەسەر ئەنفال بکات.. تیایدا، کەیسی ئەنفالکراوان، لەبەزەیی مرۆییەوە بگۆڕدرێ بە پرسێکی نەتەوەیی ستراتیژی»**

هەقوایە، خەمخۆرانی مەدەنی و نوسەرانی ئەکادیمی و سەربەخۆ، خەمێکی کۆنگرەی بەستراتیژیکردنی پرسی ئەنفال بخون.

دیارە، ئەنفال و کیمیاباران کردنی کوردستان، دوانەی تراژیدیای نەتەوەکەمانن.. جوێ ناکرێنەوە. ئیتر کاتێتی فشاری ڕای گشتی دروست بکرێ، بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی ئەنفال.. کۆنگرەیەك تیایدا، لەهەموو بارێکی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتوری، سایکۆلۆژی و یاسایی، پرسەکە هەڵبسەنگێندرێ.. بەرەنجامەکەشی بەو ئاراستەیەدا گەڵاڵە بکرێ کە ئەرکی یەکەمی گەلەکەمان و حکومەتی کوردستان و لایەنە سیاسیەکان، داکۆکی بێ لە سیاسەتی قەرەبووکردنەوەی زیانە مادی و روحیەکانی ئەنفال، قەرەبووکردنەوەکەش، بەشێکی بۆ قوربانیەکان بێ، وەکو کەسوکار و میراتگرانی ئەنفال.. بەشێکیشی بۆ بوژاندنەوەی ناوچە ئەنفالکراوەکان بێ.. لە سۆرانەوە بۆ بادینان. دەمێنێتەوە بڵێین: هەقوایە، مەترسیەکانی فاشیەت و دژایەتی دیموکراسی، بکرێتە وانەیەك و لە خوێندنگاکاندا بخوێنرێتەوە.

# ئەنفال لە نێوان یاسا و موجامەلە

گۆران عەلی محەمەد – کەلار

هیچ گەل و نەتەوەیەك خوازیاری نەهامەتی و ماڵ وێرانی نیە بە تایبەت میللەتێك خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆی نەبێت وەکو میللەتی کورد ، بەڵام کە نەهامەتی و مەرگەساتێك ڕوو دەدات ، لانی کەم دەبێت بزانرێت چۆن هەڵسوکەوت بکرێت لە گەڵ دەرهاوێشتەکانی ئەو بابەتە لە هەموو ڕوویەکەوە ، ئەوەی من دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم لایەنی یاسایی ئەو تاوانەیە کە بە داخەوە تا ئێستا نەتوانراوە بە باشی مامەڵە بکرێت لە گەڵ ئەو ڕەهەندانەی کە دەکرێت بۆ کورد سوودی لێوەربگرێت چی لە سەر ئاستی ناوخۆ یان هەرێمی یان نێودەوڵەتی ، هۆکارەکەی هەرچی بێت پاساو نیە :

أ-لە سەر ئاستی ناوخۆی عێراق ، دەبوایە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی عێراق ناچار بکرایە بە داوای لێبووردن لە گەلی کورد ( کە ئەمەش لێکەوتەو سوودی یاسای دەبوو ) چونکە حکومەتەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو بە میراتگری پێشوی خۆیان دادەنرێن بە پێی ڕێسا و یاسا و جاڕنامە نێودەوڵەتیەکان هەوەکو چۆن حکومەتەکانی دوای ٢٠٠٣ خۆیان بە خاوەنی عێراق و مافەکانی عێراق دەزانن ، دەبێت لە سەر هەمان ڕێسا خۆیان بە خاوەنی ئیلتیزاماتەکانی عێراق بزانن ، هەروەها ئەم حکومەتانە هەردەم خۆیان دزیوەتەوە لە قەرەبوو کردنەوی گەلی کوردستان لە سەر ئەو هەموو زەرەرو زیانانەی لەو پرۆسە بەدناوە دەرهەق بە کورد کرا ، وە مافی قەرەبووش سەلمێنراوە بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە بە پێی یاسای ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠٠٥ پێکهێنرا تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە تاوەنەکانی ڕژێمی پێشوو ، بێگومان ئەو بڕیارەش پاڵپشت بوو بە چەندین بەڵگە ، بۆیە دەوڵەتی عێراق وەکو قەوارەیەکی مەعنەوی یاسایی بەرپرسە لە قەرەبووی گەلی کورد چونکە سەلمێنرا حکومەتی پێشوو ئەو تاوانەی ئەنجامداوە و دەبێت گەلی زەرەرمەند قەرەبوو بکرێتەوە .

**«لە سەر ئاستی دەرەوە ، سەرەڕای ئەو هەموو دەزگا فەرمیانەی چی حکومی یاخود حیزبی کە کورد هەیبووەو هەیەتی ، نەتوانراوە وەکو پێویست ئەم تاوانە بناسرێت لە سەر ئاستی جیهان یاخود بتوانرێت بە شێوەیەك ئاراستە بکرێت کە گەلی کورد بناسرێت وەکو سەرەکیترین کاراکتەری زەرەرمەند لە سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو»**

ب-لە سەر ئاستی دەرەوە ، سەرەڕای ئەو هەموو دەزگا فەرمیانەی چی حکومی یاخود حیزبی کە کورد هەیبووەو هەیەتی ، نەتوانراوە وەکو پێویست ئەم تاوانە بناسرێت لە سەر ئاستی جیهان یاخود بتوانرێت بە شێوەیەك ئاراستە بکرێت کە گەلی کورد بناسرێت وەکو سەرەکیترین کاراکتەری زەرەرمەند لە سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو چونکە هەموو ئەو تاوانە کە لە یاسای ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠٠٥ وە بە دیاریکراوی لە مادەکانی ( ١١ و ١٢ و ١٣ و ١٤ ) دا هاتووە ، هەموو تاوانەکانی دەرهەق ئەم گەلە ئەنجامدراوە کە خۆیان لە تاوانەکانی ( پاکتاوی ڕەگەزی و دژە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ و سەرپێچی کردنی یاساکانی ناوخۆ ) دا خۆی دەبینیەوە ، کە هەموو ئەمانە دەرفەتێك بوون نەتوانراوە تا ئێستا سوودی لێوەربگێرێت لە سەر ئاستی دەرەوە ، ئەمە لە کاتێکدا ئەم تاوانانە تاوانگەلێکن ئاستی ناوخویی تێدەپەڕێنن و خەسڵەتی نێودەوڵتیان هەیە و هەموو وڵاتێك دەتوانێت لێکۆڵینەوەی تێدا بکات، نزیکترین بەڵگەش کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هێچ وڵاتێك ڕێگای بە خۆی نەدا و ئاماژەیەك بدات بەوەی کە بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان گەلانی ژێردەستە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان هەیە ، ئەمەش بێگومان بەرپرس لێی پێش هەموو کەس لایەنە فەرمییەکانن کە دەبوو ئەمە کاری لە پێشینەیان بوایە !.

بۆیە پێش لە دەست چوونی دەرفەتەکان دەبێت بزانین هەرچەند ڕووداني وەها کۆستێك لە هەڵبژاردنی گەلی کورد نەبووە بەڵام چۆنیەتی هەڵسوکەت کردن لە گەڵ دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردنی خۆمانە ، کە بەڕای بەندە دەبێت ئەم پەیامە پێش هەموو لایەنێك بە وڵاتانی هەرێمی بگەیەنرێت و چی تر بە سۆز و سیاسەتی موجامەلە باس لەم بابەتە نەکرێت بەڵکو لە چوار چێوەی ئەو هەموو ڕێککەوتن و جاڕنامەو یاسا نێودەوڵتیەکان باسی لێوە بکرێت کە بێگومان هەموویان لە قازانجی نەتەوەی زەرەرمەند دەبێت یان لانی کەم بابەتەکە لە چوار چێوەی سۆزو موجامەلە دەبرێتە ئاستی یاسایی و سیاسی کە بە قەناعەتی من تا ئێستا بەو ئاستە نەبراوە ، بەداخەوە ! .

**« ڕووداني وەها کۆستێك لە هەڵبژاردني گەلی کورد نەبووە بەڵام چۆنیەتي هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردنی خۆمانە».**

# کاتێک نەوەی ئەنفالەکان یاخی دەبن



**مەجید ساڵح**

ڕۆژی ٣/١٦ شیرین ئەمین لە ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا وێنەی تارق ڕەمەزانی فڕۆکەوانی تۆمەتبار بە کیمیاباران کردنی هەڵەبجەی بەرز کردەوە و داوای کرد تاوانبارانی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان بەسزا بگەیەنرێن، نەک بەشکۆوە ئازاد بکرێن؛ ژمارەیەکی زۆر لە هاوپیشەکانی لە پەرلەمان لە جیاتی دەستخۆشی، بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە پەلاماریانداو و هەرچی بەدەمیاندا هات نەیانگەڕاندەوە لە دژی. شیرین، بەتەنها دەربازبوویەکی تراژیدیای ئەنفالی بەعس و قوربانییەکی دەستی دەسەڵاتی کوردی نییە، بەڵکو هێمایە بۆ ئەو ناعەدالەتییەی کە قوربانییەکانی ئەنفال و هەڵەبجە تێدا دەژین. خواستی شیرین ئەوەیە ئەم قوربانیی بوونە لە جێگەیەک کۆتایی پێبێت و نەگوێزرێتەوە بۆ منداڵەکەی و منداڵی منداڵەکەی.. بۆیە دەبێ گوێی لێ بگیرێت نەک پەلاماری بدرێت.

**دەبێ لەو ناوچانەی کە زۆرترین قوربانیان هەبووە، خەستەخانە و سەنتەری تایبەت بکرێنەوە و پزیشک و شارەزای تایبەتمەندیان بۆ بهێنرێت. بۆ ئەوەی کەس و کاری قوربانیەکان بتوانن ئارامی دەروونیان بۆ بگەڕێتەوە و وەک کەسێکی ئاسایی لە ناو کۆمەڵگادا ژیان بەسەر بەرن. ئەزموونی باشوری ئەفریقا لەوەدا پیشەنگ بووە.**

لە سەدەی ڕابردوودا، چەندین گەل و نەتەوە، هاوشێوەی خەڵکی کوردستان بەدەست ڕژێمە تۆتالیتارییەکانەوە قەتلوعام کراون، هەزاران قوربانی هاوشێوەی شیرن ئەمین لەو وڵاتانەدا دەژین، بەڵام هەندێک لەو وڵاتانە زۆر بە ئاسانی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی (سیستمی عەدالەتی ئینتیقالی)یەوە قۆناغەکەیان تێپەڕاندوە و قوربانییەکان هەستیان بە ئارامی دەروونی و ویژدانی کردوە و کۆتایی بە خەم و ئازارەکانیان هاتووە. بۆ نمونە لە ڕوەندا و ئەفریقای باشور، بەڵام ئەو وڵاتانەی ئەو سیستمەیان پەیڕەو نەکردوە، قوربانییەکان لە ئازارێکی دەروونی بەردەوامدا دەژین و هەرگیز وڵاتەکەش ئارامی بە خۆوە نەدیوە.

**عەدالەتی ئینتیقالی چییە؟**

بریتیە لەپاکێجێک لە ڕێوشوێنی یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و دارایی بۆ کۆتایهێنان بە هەستی ستەم لێکراویی لەلایەن قوربانیانی کارەساتێکەوە. عەدالەتی ئینتیقالی بۆ هەڵمژینی توڕەیی قوربانیەکانە لەو زوڵم و ستەمەی لێیان کراوە، بەبێ ئەوەی تاوانباران بەسزای خۆیان بگەن. جێبەجێ کردنی عەدالەتی ئینتیقالی، لەپاڵ ئەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی ڕابردوو دادەخات، باری دەروونی قوربانیەکان نەک هەر سەقامگیر دەکات، بەڵکو دەیانخاتە سەر شاڕێی خزمەتکردنی کۆمەڵگا و پێشخستنی وڵات. عەدالەتی ئینتیقالی لە چەند بەشێک پێکدێت:

**بەشی یاسایی:** واتا دادگایی کردنی هەموو ئەوانەی لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا تێوەگلاون و تاوانی کوشتنی بە کۆمەڵ و تاوانی جەنگیان ئەنجامداوە. ئەو دادگایانە دەبێ ئاشکرا و شەفاف بن، دەبێ هەموو مەرجەکانی پرۆتۆکۆڵ و پەیماننامە نیودەوڵەتییەکانی تێدا بێ. ئامانجی ئەو دادگاییە ئەوەیە ماف بۆ قوربانیەکان بگەڕێنێتەوە و یاسا جێبەجێ بکرێت، کە دادگا نەبوو، قوربانییەکان هەر هەڵێکیان دەست کەوێت تۆڵەی خۆیان بەو جۆری کە بۆیان دەلوێت دەکەنەوە. کاتێک شیرین ئەمین، دەبینێ ستەمکارەکان و قاتڵەکان ئازاد دەکرێن و بە بێ ترس دەسوڕێنەوە، حەتمەن دەبێ چاوەڕێی کاردانەوەیەکی لەو شێوەی لێ بکرێت، ئەوە هەر ئەو بەتەنیا نییە وا بیردەکاتەوە، قوربانی دیکەش زۆرن بەدوای تۆڵەدا دەگەڕێن، تۆڵەیەک لەوانەیە لەوەی شیرین قورستر و کاریگەرتر بێ.

**کاتێک شیرین ئەمین، دەبینێ ستەمکارەکان و قاتڵەکان ئازاد دەکرێن و بە بێ ترس دەسوڕێنەوە، حەتمەن دەبێ چاوەڕێی کاردانەوەیەکی لەو شێوەی لێ بکرێت، ئەوە هەر ئەو بەتەنیا نییە وا بیردەکاتەوە، قوربانی دیکەش زۆرن بەدوای تۆڵەدا دەگەڕێن، تۆڵەیەک لەوانەیە لەوەی شیرین قورستر و کاریگەرتر بێ.**

لە ئەفریقای باشور، دادگایی ئاشکرا دانرا بۆ تاوانبارانی ئاپارتایت، بەشێوەیەک هەموو ئەوانەی دەستبەسەر زەوی وزار و موڵکەکانیاندا گیرابوو، دوای خستنەڕووی بەڵگە، بۆیان گەڕێنرایەوە. بەڵام لە پاڵ دادگاکاندا کۆمیتەیەکیش بۆ ئاشتەوایی و لێبوردەیی پێکهات و هەزاران کەس لە پێناوی بەرقەرارکردنی ئاشتیدا لە مافەکانی خۆیان خۆشبوون، دوای ئەوەی ستەمکارەکان داوای مەغفەرەت و بەخشیشیان کرد. لە ڕەونداش هەروا بوو، دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگایی کردنی تاوانباران دانرا و بەهەزاران کەس مافەکانیان بۆ گەڕایەوە.

**بەشی کۆمەڵایەتی عەدالەتی ئینتیقالی:** بریتیە لەوەی پێی دەوترێت (جیاکاری پۆزەتیف). مەبەست لێی پڕکردنەوەی ئەو درزەیە کە بەهۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو دروست بووە و کۆمەڵێک خەڵک لە مافەکانیان بێبەش کراون. بۆ نمونە لە دامەزراندن لە فەرمانگەکانی حکومەتدا دەبێ کەس و کاری ئەنفالەکان و کیمیا بارانی هەڵەبجە و شوینەکانی دیکەی کوردستان، لە ریزی پێشەوەدا بن، یان ئاوەدان کردنەوەی ئەو ناوچانەی بەر ڕوخاندن و تەهجیر کەوتوون، لە پێشی ناوچەکانی دیکەدا بێ.

**بەشی دەروونی عەدالەتی ئینتیقالی :** بریتییە لە دروستکردنی سەنتەری چارەسەری دەروونی و بۆ قوربانییەکان و ئەوانەی مافەکانیان پێشێل کراوە و تاوانەکە کاریگەرییەکی قورسی لەسەر جەستە و دەروونیان بەجێ هێشتووە و بە چارەسەر نەکراوەیی ماوەتەوە. دەبێ لەو ناوچانەی کە زۆرترین قوربانیان هەبووە، خەستەخانە و سەنتەری تایبەت بکرێنەوە و پزیشک و شارەزای تایبەتمەندیان بۆ بهێنرێت. بۆ ئەوەی کەس و کاری قوربانیەکان بتوانن ئارامی دەروونیان بۆ بگەڕێتەوە و وەک کەسێکی ئاسایی لە ناو کۆمەڵگادا ژیان بەسەر بەرن. ئەزموونی باشوری ئەفریقا لەوەدا پیشەنگ بووە.

**بەشی قەرەبوو کردنەوەی مادی:** بریتیە لە قەرەبوونکردنەوەی قوربانییەکان، بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی ژیانیان وەک خەڵکی ئاسایی بەسەربەرن. ئێمە دەزانین هەموو گوندەکانی کوردستان لە کاتی پەلاماردەکانی ئەنفالدا ڕوخێندراون و خەڵکەکەی یان لە ئەنفالەکاندا سەرنگوون کران، ئەوانەشیان دەربازیان بوو، لە ئۆردوگاکاندا لەوپەڕی خراپی باری گوزەراندا دەژیان و دوای تێپەڕ بوونی ٣٣ ساڵ، هێشتا نەوەکانیان بەودەردەوە دەتلێنەوە، ئەوانە دەبێ لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە قەرەبوو بکرێنەوە بۆ ئەوەی بتوانن ڕابردوە تاڵەکانی ژیانیان تێپەڕێنن و بە هیوایەکی نوێوە بڕواننە ئایندە.

عەدالەتی ئینتیقالی قۆناغێکی گرنگە بۆ دروستکردنی ئایندەی هەر کۆمەڵگایەک، بەتەنها حکومەت بەرپرس نییە لێی و دەبێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە تایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەرکیان خزمەتکردنی کەس و کاری قوربانیانی دەستی ڕژێمی پێشووە، لە ڕێگەی وەرگرتنی هاوکاری و پشتیوانی نێو دەوڵەتی کار بۆ جێبەجێکردنی بکەن. ئەو وڵاتانەی کە نەیانتوانییوە عەدالەتی ئینتقالی جێبەجێ بکەن، وەک سۆماڵ، کۆنگۆی دیموکراسی سودان و ئەفغانستان، قوربانییەکانیان هەرگیز نەیوانتوانیوە ژیانێکی بەکەرامەت و ئاسایی بەسەربەرن.

**عەدالەتی ئینتیقالی قۆناغێکی گرنگە بۆ دروستکردنی ئایندەی هەر کۆمەڵگایەک، بەتەنها حکومەت بەرپرس نییە لێی و دەبێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە تایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەرکیان خزمەتکردنی کەس و کاری قوربانیانی دەستی ڕژێمی پێشووە، لە ڕێگەی وەرگرتنی هاوکاری و پشتیوانی نێو دەوڵەتی کار بۆ جێبەجێکردنی بکەن. ئەو وڵاتانەی کە نەیانتوانییوە عەدالەتی ئینتقالی جێبەجێ بکەن، وەک سۆماڵ، کۆنگۆی دیموکراسی سودان و ئەفغانستان، قوربانییەکانیان هەرگیز نەیوانتوانیوە ژیانێکی بەکەرامەت و ئاسایی بەسەربەرن**



# کاتی دادگایی موستەشارەکانە



**کاوە لەتیف - پارێزەر**

لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال دا ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرۆک عەشیرەت و خەڵکی دەست ڕۆشتووی سەردەمی (ڕژێمی سەدام)لە لایەن دادکای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داواکراون بە سیفەتی تۆمەتبار و بە تۆمەتی بەشداریکردن لە پرۆسەی ئەنفال و کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی هەزاران کەس لەو پرۆسەیەدا دواتریش فەرمانی داستگیرکردنیان لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانەوە گشتاندنی پێکراوە بۆ سەرجەم دادگاکانی لێکۆڵینەوە لە هەرێمی کوردستان لەو ڕێگایەشەوە بۆ سەرجەم دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی دەستگیرکردنیان و ڕادەستکردنیان بە دادگای تایبەتمەند بە مەبەستی دادگایی کردنیان بەڵام جگە لە دادگای لێکۆڵینەوەی کفری کە لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەی پێشووتری کفری ( حاکم هاوژین حامد ) دوو لەو تۆمەتبارانەی دەستگیر کرد لە هیچ شوێنێکی تری هەرێمی کوردستان ئەو بڕیارەی دادگا جێبەجێنەکراوە و هیچ کام لەو تۆمەتبارانە دەستگیرنەکراون و ڕادەستی دادگا نەکراون دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ چەند بابەتێک دەگەڕێتەوە کە پێویستە خەڵکی کوردستان و کەس و کاری سەربەرزی قوربانیانی ئەنفال لێی بەئاگابن لەوانە شێوازی پێکهێنانی فەوجی جاشەکان و ڕەزامەندی دەربڕینی سەرکردایەتی کورد بۆ دروستکردنی ئەو فەوجانەو پێوەندی نهێنی و ئاشکرای نێوان زۆرێک لە موستەشارەکان وسەرکردایەتی حزب و هێزی چەکداری کوردی کە ڕەنگە بە دادگایکردنی موستەشارەکان زۆر بابەت پەردەی لەسەر هەڵبدرێتەوە و زۆرکەسی تریش کە بە قارەمان و پاڵەوانی ئەم میللەتە ناویان دەرکردووە تێوەبگلێن و مێژووی زۆر پاڵەوانی ئەم میللەتە ئاوەژوو ببێتەوەو ڕاستییەکان دەربکەون .

**«ڕەنگە بە دادگایکردنی مۆستەشارەکان زۆر بابەت پەردەی لەسەر هەڵبدرێتەوە و زۆرکەسی تریش کە بە قارەمان و پاڵەوانی ئەم میللەتە ناویان دەرکردووە تێوەبگلێن و مێژووی زۆر پاڵەوانی ئەم میللەتە ئاوەژوو ببێتەوەو ڕاستییەکان دەربکەون» .**

**«خۆشباوەری خەڵکی کوردستان بە حکومەتەکەی و چەندبارە هەڵبژاردنەوەیان وپێشنەخستنی سیستەمێکی گونجاو بۆ ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان کە تیایدا دادگا سەروەر بێت و بڕیارەکانی تەنها مورەکەبی سەر کاغەز نەبن هۆکارێکی ترە بۆ دەستگیرنەکردنی مستەشارە تۆمەتبارەکانی دوسیەی ئەنفال».**

بابەتێکی تر کە گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی شار و کۆندەکانی کوردستان وەکو بەشێک لە شەڕی عێراق و ئێران سەیر دەکرێت کە سەرکردایەتی هێزی چەکداری کورد لە بەرەی ئێران بوون و سەدام ورژێمەکەی بە نوێنەرایەتی و پاڵپشتی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی شەڕیان دەکرد بویە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە پاڵپشتی دروستکردنی دادگای باڵای تاوانەکانیان دەکرد لە عێراق نەینویست زیاتر لەسەر تاوانەکانی سەدام ورژێمەکەی بووەستن چونکە زیاتر ڕووی ڕاستەقینەی خویان دەردەکەوت و پلان و بەشداری و هاوکارییە سەربازی و سیاسی و هەواڵگریەکانیان زیاتر ئاشکرا دەبوو ، هەر بوویە بە شانۆگەری دادگایکردنی سەدام و چەند کەسێک لە سەرکردایەتی حزبی بەعس کوتایی پێهێنا و زیاتر لە سەر بابەتەکە نەچوون ، خۆشباوەری خەڵکی کوردستان بە حکومەتەکەی و چەندبارە هەڵبژاردنەوەیان وپێشنەخستنی سیستەمێکی گونجاو بۆ ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان کە تیایدا دادگا سەروەر بێت و بڕیارەکانی تەنها مورەکەبی سەر کاغەز نەبن هۆکارێکی ترە بۆ دەستگیرنەکردنی مستەشارە تۆمەتبارەکانی دوسیەی ئەنفال بویە تاوەکو خەڵکی هەرێمی کوردستان و کەس و کاری سەربەرزی ئەنفالەکان بڕوایان بەو دەسەڵاتە هەبێت کە فەرمانڕەوای دەکات لە هەرێمی کوردستان و تاوەکو تێپەڕی ئەو عەقڵێتە حزبیە نەکرێت کە لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت ئەوا تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال هەروا بە ئازادی دەسوڕێنەوە و زیاتر زیان بە خەڵکی کوردستان دەگەیەنن بەڵام ئەگەر خەڵکی کوردستان خویان ڕێکبخنەوە و سیاسەتێکی نوێی فەرمانڕەوای لە هەرێمی کوردستان پێش بخەن کە تیایدا دادگا سەروە و سەربەخۆ بێت ئەوە دۆسیەی موستەشارەکان دۆسیەیەکی کاراوەیە و کاتی دادکایی کردنیانە

**«تاوەکو تێپەڕی ئەو عەقڵێتە حزبیە نەکرێت کە لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت ئەوا تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال هەروا بە ئازادی دەسورێنەوە و زیاتر زیان بە خەڵکی کوردستان دەگەیەنن».**

# هێشتا کارێکی ئەوتۆمان بۆ ئەنفال نەکردووە هەتا دەستی لێهەڵبگرین

**«ئەفسوس هێشتا کەسوکاری ئەو شەهیدانە هەر دەیانەوێ خەڵکی ترو حزب و حکومەت ببێتە زمانحاڵیان»**

عومەر محەمەد

ڕۆژی ٢/٥/ ٢٠١٩ دوای ئەوەی سیمنارێکم دەربارەی ئەنفال لە زانکۆی سۆران بۆ خوێندکارانی کۆلێژی ئاداب پێشکەش کرد، سیمنارەکەم دەربارەی کەمتەرخەمی چاپ وبڵاوکردنەوەو هەڵەو هەڵپەی نوسەران بوو، بەبەڵگە چەند هەڵەیەکی زۆر زەقی کوشندەم لە نێو چەند کتێبێکدا خستەڕو، ئەم هەوڵەی من ئەگەرچی زۆر دەستخۆشیان لێکردم بەڵام، لەبری دڵخۆشی مایەی نیگەرانی ئامادەبوان بوو، زۆریان پرسیان کە داخۆ ئەم هەموو بێباکی وکەم تەرخەمییەی ئێمە هۆکارەکەی چییە، هەر ئەو ڕۆژە بەدۆڵی ئالانەو دۆڵی بالیساندا گەرامەوە بۆسلێمانی، زۆر دەمێک بوو سەردانی بالیسانم نەکردبوو، ساڵانی پێشتر بە هاوکاری ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی و ڕێکخراوی گرینکرۆز سەرپەرشتی چەند پرۆژەیەکی بچوکم بۆ خەڵکی ئەو دۆڵەکردبوو، لەهەموویان باشترو دڵگیرتر کردنەوەو دامەزراندنی کتێبخانەیەک و خولێکی فێربوونی کۆمپیتەر بوو کە بۆ گەنجەکانیان و خوێندکارەکانیان کردبوومانەوە، هاوکارییەکی ئەو ڕۆژنامەیەشمان کرد کە بۆ نوسینەوەو دۆکیومێنتکردنی ناوچەکە دەردەچوو، بەڵام کە بە دۆڵەکەدا تێپەڕیم توشی سەرسامی و نیگەرانی بووم، ئەو ناوچەیە گەشەیەکی زۆری کردبوو، تەنانەت گوندی تازە لەسەر ڕێگەکە دامەزرابوون و ڤییەلاو باخ و باخات، هاوکات زۆربوون و گەورە کردنی مزگەوتەکان، بەڵام ئەفسوس کاتێک لامدایە کتێبخانەکەی گوندی توتمە هەمان ئەو تابلۆیە بوو کە ساڵی ٢٠١٢ بۆخۆم بەکردم دابوو و بۆخۆشم بەهاوکاری گەنجەکانیان بە دیواری کتێبخانەکەدا هەڵمواسیبوو، هەرئەو تابلۆیە بوو، کە سەرمای زستان و هەتاوی هاوین گیانی تێدا نەهێشتبوو ! سەیرە ئەو خەڵکە دەتوانن باخ و باخات و مزگەوتی گەورە دروست بکەن، بەلام ناتوانن تەنها خانویەک بۆ کۆکردنەوەی وێنەی ئەنفالکراوەکانیان و شەهیدەکانی کیمیاباران دروست بکەن ؟ تەنانەت ناتوانن پارەی ئەو گۆڤارەش بەهەرەوەزی دابین بکەن کە مێژووی کیمیابارانی گوندەکەیان و ناوچەکەیان دەنوسیتەو ؟! لە دۆڵی بالیسان دوو گۆڤار دەردەچوون بەناوی ڕاز و خۆشناوەتی، بەڵام ئەفسوس بەبیانوی ئەوەی حکومەت هاوکارییان ناکات، ئێستا هیچیان دەرناچن، ئەم ساڵی ڕابورد یادەکەشیان نەکردەوە، بەپاساوی ئەوەی حکومەت نایکات .. ئەم بێباکی وکەمتەرخەمیانە هیچ پاساوێک قبوڵ ناکەن دەبوو خەڵکی ئەم دۆڵە هەرگیز ئەوەندە کەم تەرخەم نەبوونایە. ئێ باشە باحکومەت نەیکات ئەی خەڵک ئەی ڕۆشنبیرەکانی ؟ ئەی ئەوانەی دژە حکومەتن ؟ ئەوان بۆ دەستی بۆنابەن و هەرچی حکومەت پێی ناخۆشە بینوسن و دۆکێومێنتی بکەن ؟ ئەفسوس هێشتا کەسوکاری ئەو شەهیدانە هەر دەیانەوێ خەڵکی ترو حزب و حکومەت ببێتە زمانحاڵیان ؟! لە کاتێکدا ئەوان دەتوانن ببن بەزۆر شت، ببن بەفریاد ڕەسی خۆیان ببن بەقسەکەری خۆیان، ساڵانێکی زۆر ببوم بەگوێی ئەوان و ببووم بەزمانحاڵی ئەوان و دەنگی ئەوانم گەیاندە دونیا، ئەمریکاو ئەوروپا تەنانەت چەندین ئەوروپی و بیانیم بردە سێبەری ماڵەکانیان و گوێیان بۆگرتن، کەچی هەرگیز نەیانبیست و نەیانویست تێبگەن کە ئەوان دەبێت لەو پێستە بێنە دەرەوە.




**لەناو ئەنفالکراواندا چیرۆکی سەیرو سەر سوڕهێنەر هەیە**

لەناو ئەنفالکراواندا چیرۆکی سەیرو سەر سوڕهێنەر هەیە، لەم دۆڵی بالیسانە هەزاران چیرۆکی بیستراوی نەنوسراو هەیە، هەندێکیان کە ئێستاش لەژیاندا ماون لە دۆزەخ خراپتریان دیبوو، بۆیە هەرگیز ئەو ئازارانەیان بیرناچێتەوە بەڵام لەبیرنەچونەوەی ئازار بەکوێمان دەگەیەنێ ئەگەر هەوڵ بۆ شکاندنی نەدەین ؟ ئەگەر ئەو ئازارە توشی ڕاچڵەکین و بەخۆداچونەوەمان نەکات و نەمانکات بەمرۆڤی بەهێز ؟ هەڵبەت مرۆڤی ئازارچەشتوتریشمان لەناو چیرۆکی جێنۆسایدا هەیە، هەندێکیان هەر تەواو سەرسوڕهێنەرن ئەوانە ڕێک لە ژێر تەرم و خوێن هاتبوونە دەرەوەو بە جل وبەرگ و جەستەی خوێناوی و ڕۆحی هەلاهەلاوە هاتبوونەوە ناومان ! وەلێ ڕێزیان نەگیراو هەر بەدڵشکاوی مانەوە. وا بەرەبەرە لێیان دەمرێ و بەدڵشکاوی ئەم دونیایە بەجێدەهێڵن. بەڵام منیش و ئەوانیش هێشتا سەرمان لەوە سوڕماوەو واقمان وڕماوە خەڵک بۆ لێمان تێناگەن خۆ هەر بەزمانی خۆیان دەدوێین؟ بۆ نازانن چیمان دەوێ ؟ هەر بەراست لە شکۆمەندی زیاتر چیمان دەوێ ؟!
هەندێکیش ڕەپ وڕاست پێم دەڵێن بەدوای کڵاوی بابردوکەوتووی، بۆ وازناهێنێ؟ منیش هەمووجارێک بە زەردەخەنەوە وەڵامیان دەدەمەوە کە لەراستیدا پڕە لەنیگەرانی و پێیاندەڵێم : هێشتا کارێکی ئەوتۆمان بۆ ئەنفال نەکردووە هەتا دەستی لێهەڵبگرین .

# لێبوردنە گشتیەکەی بەرەی کوردستانی لەنێوان شەرعی و ناشەرعی بووندا
# لە دادگایکردنی جاش و موستەشارەکاندا

## «لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانی بە پێی بڕگەی شەشی (٦)ی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی هیچ شەرعیەتێکی نییە»

راپۆرتی : پرس

**سەبارەت بە کەیسی ئەنفال ، دادگای باڵای تاوانەکان لە دوای (٦١) دانیشتن لەئەنجامدا بە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٧) سزای لە سیدارەدانی بۆ چەند تاوانبارێک دەرکرد لەوانە ( عەلی حەسەن مەجید، سوڵتان هاشم و چەند تاوانبارێکی تر )، وەهەروەها بە بڕیاری ژمارە (١٠) لە بەرواری (٢٠٠٧/٦/٢٤) بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ٤٢٣ تۆمەتبار دەرکرد کە لەو ژمارەیە (٢٥٨) کەسیان کورد بوون . بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتباران نێردرا بۆ هەرێمی کوردستان بۆجێبەجێ کردن، وەهەروەها ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٩٤٣) لە (٢٠١١/٥/٥) فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ئەوتۆمەتبارانە دەرکرد کە لە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکاندا ناویان هاتبوو، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیە کە تا ئێستا داواکراوان دەستگیرنەکراون ،هەندێک پاساوی ئەمە بۆ لێبوردنە گشتیەکەی بەرەی کوردستانی دەگەڕێننەوە ڕۆژنامەی (پرس) لەم ڕاپۆرتەدا لەسەر شەرعی و ناشەرعی بوونی لێبوردنە گشتیەکەی بەرەی کوردستانی دەوەستێت :**

**عەلی مەحمود نووسەر و چالاکوان -** سەبارەت بە دادگایی نەکردنی جاش و موستەشارەکان و پاساوی لیبوردنی بەرەی کوردستانی بە ڕۆژنامەی پرسی ڕاگەیاند» لێبوردنە گشتیەکەی بەرەی کوردستانی ساڵی ١٩٩١ ە, بەڵام لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانی ساڵی ١٩٩١ بە پێی بڕگەی شەشی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی هیچ شەرعیەتێکی نییە, هەر لێبوردنێک پێش جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەرچوبێت بۆ تۆمەتبارانی دوو توێی تاوانەکانی بڕگەکانی ١١ و ١٢ و ١٣ و ١٤ دادگای باڵای تاوانەکان, کە بریتین لە تاوانەکانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی پێشێلکردنی یاسا عێراقیەکان, بە پێی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی لەسەر تاوانباران عەلی حەسەن مەجید و سوڵتان هاشم و .... تاوانی ئەنفال تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە, ئەم تاوانانەش بە تێپەڕ بوونی کات کۆن نابن و بەسەر ناچن و بنەمای نێودەوڵەتییان هەیە, زمکان» زەمان و مەکان» تۆمەت لەسەر تۆمەتبار هەڵناگرن, وە تاوانی نێونەتەوەیشن, لەسەر ئەو بنەمایە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دامەزراوەو ئەم جۆرە تاوانانە لە تایبەتمەندیەتی, تۆمەتبار بۆ کوێ هەڵبێت دەربازی نابێت لە سزا, تەنانەت ناکرێت مافی پەنابەریشی پێبدرێت , تۆمەتباری ئەنفال مافی پەنابەری سیاسیان پێ نادرێت, بە پێی رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨, چونکە بەشدارن لە تاوانی جینۆساید, وە سزا دەسەپێنرێت بەسەر هەموو کەسێکی بەشدار لە پرۆسەی پاکتاوی بە کۆمەڵ, نابێت رزگاریان بێت لێی, بەو پێیەی ئەمانیش کەسانێکن بەشداربوونە لە ئەنجامدانی تاوانەکە, بۆیە وەك بەشدارکەرێك لە پرۆسەی کۆکوژی دەبێت دادگایی بکرێن و تاوانباران لە سزا دەربازیان نەبێت» وتیشی « بۆیە ئەمانە لێبوردن نایانگرێتەوە, بەم هۆیەشەوە ئەو بڕیارەی بەرەی کوردستانی هیچ بنەمایەکی یاسایی و هێزێکی نییە, بەداخەوە جگە لە دەسەڵاتدارانی کوردستان لە عێراقیش بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە, هاتووانی ناو لیستەکە لە بەغدا پۆستی سەربازی و تەشریعیان وەرگرتووە و چونەتە پەرلەمانەوە و فەرماندەیی گرنگیان لە سوپا وەرگرتووە, یاسای بنەبڕکردنی پارتی بەعس ئەمانی لێ دەرکراوەو بڕیارەکانی نەیانی گرتۆتەوە«.

**دادوەر هاوژین حامد - دادوەری پێشووی دادگای بەرایی شاری کفری** کە لەسەر دەستگیرکردنی جاش و موستەشارەکان سزادراو ناچار بە هەڵهاتن کرا بۆ دەرەوەی وڵات لەبارەی لێبوردنە گشتیەکەی بەرەی کوردستانیەوە بە ڕۆژنامەی (پرس)ی ڕاگەیاند " بەرەی کوردستانی دەزگای دەوڵەتیی نیە، بۆ ئەوەی عەفو بەربکات دەبوو پەرلەمان عفویان بکات، یان دادگایەک بێتاوانیان بسەلمێنێت».

وتیشی» دووبارە فەرمان و بڕیارەکانی هەرێمان بیر نەچێت کە دووبارە لە حکومەت و پەرلەمان و دادوەریشەوە دوای دادگاییەکەی سەددام ، داوای دەستگیر کردنیان کرایەوە، ئەگەر ئەوانە عەفو کراون، ئیدی بۆچی دەزگاکانی هەرێم فەرمانی دەستگیرکردنەکانی دادگای بەغدادیان قبوڵ کرد و داوایان لە دادگا و پۆلیسی هەرێم کرد بۆ دەستگیرکردنیان».

**محەمەد حاجی مەحمود - سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان** لەمبارەیەوە بە ڕۆژنامەی پرسی ڕاگەیاند «خۆ بەرەی کورستانی بەتەنها بڕیاری لیبوردنی گشتی دەرنەکردووە، بریاری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش هەر بڕیاری بەرەی کوردستانی بووە بۆیە ئەگەر بەرەی کوردستانی شەرعێتی نەبووبێت پەرلەمان و حکومەتیش شەرعێتی نییە بەبڕوای من ئەم پرسە دەبێت خەڵکە یاساییەکە بڕیاری لەسەر بدەن ئایا بەرەی کوردستانی و بڕیارەکانی شەرعی بوونە یان نا چونکە بەرەی کوردستانی خاوەنی بڕیاری سیاسی و سەربازی و ئیداری بوو وە زیاتر لە ساڵێکیش ئیدارەی کوردستانی کردوە«



بەرەی کوردستانی دەزگای دەوڵەتیی نیە، بۆ ئەوەی عەفو دەربکات

**«بەرەی کوردستانی دەزگای دەوڵەتیی نیە، بۆ ئەوەی عەفو بەربکات دەبوو پەرلەمان عفویان بکات، یان دادگایەک بێتاوانیان بسەلمێنێت دووبارە فەرمان و بڕیارەکانی هەرێمان بیر نەچێت کە دووبارە لە حکومەت و پەرلەمان و دادوەریشەوە دوای دادگاییەکەی سەددام ، داوای دەستگیر کردنیان کرایەوە، ئەگەر ئەوانە عەفو کراون، ئیدی بۆچی دەزگاکانی هەرێم فەرمانی دەستگیرکردنەکانی دادگای بەغدادیان قبوڵ کرد و داوایان لە دادگا و پۆلیسی هەرێم کرد بۆ دەستگیرکردنیان».**



وەك بەشدارکەرێك لە پرۆسەی کۆکوژی دەبێت دادگایی بکرێن و تاوانباران لە سزا دەربازیان نەبێت.

## محەمەد حاجی مەحمود - سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەدیدارێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی (پرس):

# بەبڕوای من جاش و موستەشارەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە هەموویان پیاوی ڕژێم بوون

دیداری : پرس

**لـەم دیدارەدا ڕۆژنامـەی (پرس) چەند پرسـێکی تایبەت بە دۆسـیەی دادگایی نەکـردنی جـاش و موستەشـارەکان لە تـاوانی ئەنفـال و بڕیـاری لیبـوردنی بـەرەی کوردسـتانی ، هەروەهـا ئـەو هەڕەشـەو پەیامانـەی ڕژێمـی بەعس پێـش دەسـتپێکردنی پرۆسـەی ئەنفال بـۆ حزبە سیاسـیەکانی کـورد و هێنانی سوپای پاسداران لەگەڵ محەمەد حاجی مەحمود - سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان گەنگەشە دەکات:**

**پرس : ئاشکرایە دادگای باڵای تاوانەکان لـە عێـرق لەسـاڵی ٢٠٠٧ بڕیـاری دەسـتگیرکردنی بـۆ (٤٢٣) تۆمەتبـار لە کەیـس ئەنفال دەکـرد لـەو ژمارەیەش (٢٥٨) تۆمەتباریـان کـوردن , بڕیـاری دەسـتگیرکردنی تۆمەتبارانیش نێردرا بۆ هەرێمـی کوردسـتان بۆجێبەجێ کردن ,بەڵام ئـەوەی جێی پرسـیارو نیگەرانی کـەس و کاری ئەنفالکراوانـە ئەوەیـە بڕیارەکـە جێبەجێنەکـرا دەمانـەوێ بۆچوونی بەڕێزتان لەوە بارەوە بزانین ؟**

محەمـەد حاجی مەحمود: سـەبارەت بە دادگایکردنی جاش و مووستەشـارەکان , دادگای باڵای تاوانـەکانی عێراق خۆیان دەتوانـن داوای دەسـتگیرکردنی ئـەو تۆمەتبارانـە بکـەن هەرچەنـدە ڕەنگـە زۆرێك لەوانە ئێسـتا لە ژیانـدا نەمابن , بـەڵام کاتی خـۆی لەلایـەن بـەرەی کوردسـتانیەوە بڕیاری لێخۆشبوونیان بۆ دەرچووە، بۆیـە ئەو بڕیـارە کاریگەری لەسـەر بابەتەکـە هەیە دەبێـت ئەوەش بڵێین ئەو کاتەی بەرەی کوردسـتانی ئەو بڕیـارەی دەرکرد دادگا نەبـوو , هەموو تەرکیزێکـی هێزە سیاسـیەکان لەسـەر کۆتایی هێنان بوو بە دەسـەڵاتی بەعس بیرشـمان نەچێت زیاتر لە (٤٠٠) هەزار چەکـداری کورد لەگـەڵ ڕژێمی بەعس بوون ئەگەر بێت و بەرەی کوردستانی ئەو کاتە ئەو بڕیاری لێبووردنەی دەرنەکردایە ڕەنگە ئەوان لەبەری ڕژێم بمانایەنەتەوە ڕەنگـە ئـەم ڕاپەڕیـن ڕووینەدایـە بـە ئاسانی و ئەوکات خەڵکێکی زۆر دەبوونە قوربانی، ئەو بڕیاری لێ بووردنە وایکرد ئەو چەکدارانەی هاوکاری ڕژێمی بەعس بوون بگەڕێنـەوە و لولەی تفەنگەکانیان بکەنە ڕژێم ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە بەرەی کوردسـتانی ئەو کاتی توانی هێزە سیاسـیەکان یەکبخات و شـەڕی ناوخۆ نەهێڵێـت وتـوانی دوو بڕیـاری گرنگ دەربـکات لەوانـە : بڕیـاری لێبووردن دەربکات بۆ هەموو چەکدارەکانی ڕژێمی عیراق هەروەها بڕیاری دەستاودەسـت کـردنی دەسـەڵات لـە خۆیـەوە وە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکات.

**پرس : باسی لێبوردنی گشتیت کرد لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە ئایا ئەو بەرە مافی یاخود دەسەڵاتی یاسایی هەبوو لێبوردنی گشـتی بۆ تۆمەتباران لـە کەیسی ئەنفال دەر بکات واتا ئەو جـۆرە لێبوردنە لەو تۆمەتبارانە لەڕووی یاساییەوە گونجاوە ؟**

محەمـەد حاجـی مەحمـود : دەمەوێ ئـەوە بڵێم خـۆ بڕیـاری هەڵبـژاردنی پەرلەمانی کوردسـتانیش هـەر بڕیاری بـەرەی کوردسـتانی بـووە بۆیـە ئەگەر بەرەی کوردستانی شـەرعێتی نەبووبێت پەرلەمـان و حکومەتیش شـەرعێتی نییە بەبڕوای من ئەم پرسیارە دەبێت خەڵکە یاسـاییەکە بڕیاری لەسـەر بـدەن ئایا بەرەی کوردستانی و بڕیارەکانی شەرعی بوونـە یان نا چونکە بەرەی کوردسـتانی خـاوەنی بڕیاری سـیاسی و سـەربازی و ئیـداری بـوو وە زیاتر لە سـاڵێکیش ئیدارەی کوردستانی کردوە .

**«حکومەتی عیراقی داوای لێ بووردنی لە دەوڵەتی کویت کردوە ئێستا پارەی خەڵکی ئەنفال کراو دەدات بە قەرەبووی خەڵکی کویت دا ئەمە لەکاتێکدایە میللەتەکەی خۆی خۆی لەناوی بردوە ئامادە نیە داوای لێ بووردن لە میللەتەکەی خۆی بکات»**

**پرس: دەمانەوێ جیا لە بڕیاری لیبوردنی بەرەی کوردسـتانی هەڵویستی محەمەد حاجـی مەحمـود - سـکرتێری حـزبی سۆسیالیسـتی کوردسـتان بزانین لەسەر جاش و موستەشـار و پـرسی دادگای و دادگاینەکردنیان ؟**

محەمەد حاجی مەحمـود: بەبڕوای من جـاش و موستەشـارەکان جیاوازیـەکی ئەوتۆیـان نییە هەموویـان پیاوی ڕژێم بوون ،دەزانین لەگەرمیان و شوێنەکانی تر دەسـوڕێنەوە ڕەنگە بوتـرێ ئەمەیان کەمـتر دەسـتی هەبـووە لـە تـاوانی ئەنفال دا بەڵام بیرمـان نەچێت دواجار هەرهەموویان چەکیان بۆ ڕژێمی بەعس هەڵگـرت ئـەم بابەتـە دەبێـت دادگا یەکلای بکاتـەوە و تاوانبـارو بێ تاوان لەیـەک جیابکاتەوە ،لـەم ڕۆژانە یەکێك لەو سـەرۆك جاشـانە لە کۆیـە مردوە کە (٣٥) پێشـمەرگەی ئێمـە لەگەڵ (١٠) پێشـمەرگەی یەکێتـی لەدەشـتی کۆیە و هەولێـر وتەقتەق بە کوشـت داوە بەڵام بینیمان مەراسـیمێکیان بۆ کرد بەشـێوە بە شـان و باڵیدا دەهاتـن وەك ئەوەی کوردسـتان ئـەو ئـازادی کردبێت بەڵام دەڵێی چی ئیتر !

**پـرس: بـە پێـی عـورف و ڕێککەوتنـە نێودەوڵەتیەکان حکومەتی ئێستای عێراق وارس و میراتگـری حکومەتـەکانی پێش خۆیەتی , بەڵام تا ئێستا قەرەبووی ماددی و مەعنـەوەی کـەس و کارو قوربانیانی ئەنفالی نەکـردووە بەبـڕوای بەڕێزتان هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێتەوە ؟**

محەمـەد حاجـی مەحمـود : پێویسـت بـوو پەرلەمـانی عێراق یـان حکومەتی عێراقی یان نوێنەرانی کورد لە بەغدا لەو مـاوە دوور و درێـژەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعـس هەوڵیان بدایە حکومەتی عێـراق داوای لـێ بـووردن لـە کەس و کاری قوربانیـانی ئەنفال بـکات چونکە حکومەتی عیراقی داوای لێ بووردنی لە دەوڵەتی کویت کردوە ئێستا پارەی خەڵکی ئەنفال کراو دەدات بە قەرەبووی خەڵکی کویت دا ئەمە لەکاتێکدایـە میللەتەکەی خـۆی خۆی لەنـاوی بردوە ئامـادە نیە داوای لێ بووردن لـە میللەتەکەی خۆی بـکات بۆ ئەوەی ببێت بەپرسـێکی گەورە کە پـرسی لەناوبردنی مرۆڤە من پێموایە سـارێژکردنی بەشـێك لەبرینەکان لای حکومـەتی عێراق و نوێنـەرەکانی کوردە لە بەغدا کە فشـار دروست بکەن خەڵکی ئەنفال و کەسوکاریان قەرەبووبکرێنەوە.


محەمەد حاجی مەحمود - سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان -گوڵە خانە

**«بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش هەر بڕیاری بەرەی کوردستانی بووە بۆیە ئەگەر بەرەی کوردستانی شەرعێتی نەبووبێت پەرلەمان و حکومەتیش شەرعێتی نییە»**

**پـرس : وەزارەتی شـەهیدان و ئەنفـال کـراوان ئێسـتا لای حزبەکـەی ئێوەیـە ( حـزبی سۆسیالیسـتی کوردسـتان ) ئایـا ئێـوە وەزیرتـان وەرگرتـووە یان وەزارەت دواتـر کارنامـەی چاکسـازی ئێـوە چییە لەخزمەتکردنی کەس و کاری ئەنفالکراوان و کەسوکاری شەهیدان؟**

محەمـەد حاجـی مەحمـود: بەڵـێ بەئامانجـی خزمەتکـردن وەزیرەکەمان ئـەو وەزارەتـەی وەرگرتـووە بەڵام خۆ هەمـوو وەزارەتەکـە هـی ئێمـە نییە، ئێمە هەر وەزیرەکە و چەند کەسـێکمان لەوێیـە ئـەوانی تـر هەمووی پـارتی و یەکێتین بەڵام بەتەئکید وەزیرەکەی ئێمە بەرنامەی چاکسازی خۆی هەیە و دەستی بەجێبەجێکـردنی بەرنامەکـەی کردووە وتەنها وەزارەتێك لەم کابینەیەدا دەستی بە چاکسـازی کردوە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوانە بۆنمونە پێشتر مووچەی شـەهیدان حزبەکان ئەیانخستە فەردە و لە بارەگای حزبەکانیان دابەشیان دەکرد واتـا وەك دەزگایەك نەبـووە وەزارەتی شـەهیدان زیاتر وەکـو بارەگایەك بووە بەڵام ئێسـتا هەموویان ناسـنامەیان بۆ کراوە و لە بانك مووچەکانیان وەردەگرن ئەمە وەك نمونەیەك ...

**پـرس : پەیوەسـت بە پرۆسـەی ئەنفال هەنـدێ شـت بـاس دەکـرێ بۆنموونە ڕێگـری کردن لە خەڵك بـۆ دەربازبوون لە پرۆسەکە هەروەها حزبە سیاسییەکان ڕۆڵیـان هەبـووە لـە هێنانی سـوپاسی پاسـداران بۆسـنووری کفری و هەندێ شوێن تر دەوترێ ئەم کارانە هۆکار بووە بۆ ئەوەی عێراقی ئەو تاوانە بەرامبەر بە کورد ئەنجامبدات ؟**

محەمەد حاجی مەحمود: خۆی حکومەتی عێراقـی چەنـد جارێك نامـەی نارد بۆ هێزە سیاسیەکان ، بەڵام نامەکەی زیاتر هـەڕەش ئامێـز بـوو، لەنامەکاندا باس لەوەکرابوو کە ئەگەر ئێوە پێش جەنگی ئێـران و عێراق لەگـەل ئێمە ڕێکنەکەون ئێمە شەڕمان وەستان لەگەڵ ئێران هەموو شـتێکتان لەگەڵ دەکەین، بـەڵام ئەوان نەوەسـتان بۆ ئەوەی وەڵامیان بدرێتەوە نامەکانیـش ماون کاتی خـۆی لەڕێگەی دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی و شـێخ عەتای تاڵەبانی ڕادەستی شێخ محەمەد شاکەلی کـراون ،بـەڵام نـا حکومـەتی عێراقی دەیویسـت کورد لەناو بەرێت و وەڵاتێکی سـووتاومان بـۆ بەجێبێڵـت ،وە ئەوەی لەدەسـتی هات بەرامبەر کورد ئەنجامی دا ، سەبارەت بە سوپای پاسدارنیش ڕەنگە لە سـنورەکانی هەڵەبجە و هەندێ شوێن ئەوە کرابێت بـەڵام پێموانیە لە گەرمیان پاسـدار لەو سـنورە بـوونی هەبووبێت بەڵام هێزێکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کـە هێزی بـەدر بـوون کە ئێسـتا (٤٩) پەرلەمانتاریان هەیە لە پەرلەمانی عێراق هێـزی ئۆپۆزسـیۆنی عیراقی بـوون لە براوەل و قـەڵای تەپەگـەروس بوونیان هەبـوو ،ڕێککەوتنیان هەبوو لەگەڵ هێزە کوردییـەکان تەنانەت بارەگاکانیان هاتە سەرای سوپحان ئاغا و ناڵ پارێز و بەڵام بارەگای سەرەکیان لە قەڵای تەپەگەڕوس بوو کە ئەویش عێراقی بوون نەك سوپای پاسداران بۆیە پێموانیە لەگەرمیان شەڕی ئێـران و عێـراق کاریگـەری هەبووبـێ لەسەر پرۆسەی ئەنفال ...

**پاشماوە دیدار بۆ لاپەڕە (٩)**

**«خۆی حکومەتی عێراقی چەند جارێك نامەی نارد بۆ هێزە سیاسیەکان ، بەڵام نامەکەی زیاتر هەڕەش ئامێز بوو، لەنامەکاندا باس لەوەکرابوو کە ئەگەر ئێوە پێش جەنگی ئێران و عێراق لەگەل ئێمە ڕێکنەکەون ئێمە شەڕمان وەستان لەگەڵ ئێران هەموو شتێکتان لەگەڵ دەکەین»**

# پرسی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالکراوان

## بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان : نەخشەو پلانی باشمان هەیە بۆ دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کەسوکارە جینۆسایدکراوەکانمان جا لە هەرکوێ بن



**عادل مەلا ساڵح - بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی شەهیدان**

**بەدواداچوونی : پرس**

ناوچە جیاجیاکانی عێراق پڕن لە گۆڕی بە کۆمەڵ، بەڵام تا ئێستا تەنها ژمارەیەکی کەم لەو گۆڕانە هەڵدراونەتەوە و ڕووفاتەکانی لێ دەرهێنراوە، لەکاتێکدا بەسەدان گۆڕی تری بە کۆمەڵ لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دۆزراونەتەوە و تائێستا هەڵنەدراونەتەوە. بە پێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (پرس) تا ئێستا تەنها ٥ گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدراونەتەوە و ڕووفاتەکانیان بۆ گەرمیان و دوکان هێنراونەتەوە، لەکاتێکدا هێشتا سەدان گۆڕی تری بە کۆمەڵ ماون، تەنها لە سنوری شاخی حەمرین، لەنێوان خورماتو و تکریت، نزیکەی ٥٠٠ گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالکراوەکان هەن، تەنها گۆڕێکیان هەڵدراوەتەوە، کە ڕووفاتی ١٥٦ ژن و منداڵی تێدابوو ,هەر بەپێی زانیارییەکانی (پرس) لە سنوری پارێزگای سەماوە، نزیکەی ١٠٠ گۆڕی تری بەکۆمەڵ بوونیان هەیە ، عادل مەلا ساڵح وتەبێژ و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان تیشک دەخاتە سەر بەرنامە و پلانی وەزارەتەکەی لە هێنانەوە و هەڵدانەوەی ئەو گۆڕانە

پرس : هیچ ئامادەکارییەك کراوە بۆ هێنانەوەی ڕووفاتی ناو ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی کە لە ڕابردوو دا دۆزراونەتەوە ؟

عادل مەلا ساڵح : عێراق بەهۆی حکومڕانی ڕژێمە فاشیستەکانیەو هەر لە دێرزەمانەوە بووەتە گۆڕستانێك بۆ خەڵکانی ئازادیخواز و رزگاری خواز ، ئستاش ڕۆژانە پەیوەندی دەکرێ بەوەزارەتمان کە لە بیابانەکانی باشوری عیراق گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە و جلوبەرگی کوردییان لەبەردایە ...

بەڵێ دواهەمین گۆڕی بەکۆمەڵ کە بەئامادەبوونی شاندی وەزارەتمان هەڵدرایەوە گۆڕی (تل الشیخیة) بوو لەبیابانەکانی پارێزگای سەماوە لە ٢٣ / ٧ / ٢٠١٩ بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای شەهیدانی عیراقی فیدراڵ و پزیشکی بغداد و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر، لەو پرۆسەیەدا ڕووفاتی ١٧١ ئەنفالکراو بەڕیزەوە دەرهێنرنەوە و ڕێکاری زانستی و پزیشکیمان بۆ ئەنجامداوە و بڕیاروابوو لەساڵی ڕابردووە بهێنرێنەوە بۆباوەشی نیشتمان بەڵام بەداخەوە بارودۆخە تەندروستیەکە پلانەکەی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگرتووین و سوورین لەسەر هێنانەوەیان لەکاتێکی گونجاودا .

پرس: پلانی وەزارەت چییە بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی تر ؟

عادل مەلا ساڵح: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان وەزارەتی قەرێنێك نەهامەتی و کارەساتی میللەتێکە .. نەخشە و پلانی ورد و باشمان هەیە بۆ خزمەتکردنی زیاتری کەس و کاری شەهیدان و لەناویشیاندا کارکردن بۆ دۆزینەوە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کەسوکارە جینۆسایدکراوەکانمان جا لە هەرکوێ بن ..

ساڵی ٢٠٠٥ ڕاستەوخۆ لەپاش ڕووخاندنی ڕژێم دەستمان کرد بە هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە بیابانی ( بصیب ) لەپارێزگای سەماوە و بەردەوامیشین لە کارکردن و هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە فیدراڵییەکان و ڕێکخراوی ( icmp ) نێودەوڵەتی ..

هەربۆگرنگیدان بەم بابەتە وەزارەتمان بەهەماهەنگی لایەنەکانی تر توانیوومانە تائێستا سێ کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ پرسی گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە هەولێر و بەغداد و بەریتانیا ڕێکبخەین و تیایدا چەندین توێژینەوەی یاسایی و زانستی پێشکەش کراون و لە هەوڵەکانیش بەردەوامین ..

پرس : کارکردن بە شێوەیەکی زانستی لەسەر ئەم گۆڕەبە کۆمەڵانە کاریگەری دەبێت لە سەر بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال ، دەپرسین بەرنامەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان چییە بۆ ناساندنی دۆسییەی ئەنفال بە جینۆساید؟

عادل مەلا ساڵح : بابەتی جینۆساید بابەتێکی یاسایی و سیاسی زۆر گەورە و گرنگ لای وەزارەتەکەمان و ئەمەش وایکردووە کە وەزارەتمان دەستەیەکی تایبەت دروست بکات بەفەرمانی جەنابی وەزیر بەناوی دەستەی جینۆساید ، دیارە پەرلەمانی عێراق لە دانشتنی فەرمی خۆیدا بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و کیمابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی بارزانییەکان و فەیلیەکانی دا بەڵام لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە هێندە بەس نیە، ئەگەر چی ئەمە پاڵپشتێکی یاسایە بۆ کەیسی نەتەوەیمان بەڵام ڕێکارەکانی دوای ئەم بەجینۆساید ناساندنە گرنگترە کە دروست کردنی زەمانەتێکی یاسایە بۆ ڕێگرتن و دووبارە نەبوونەوەی ئەو جینۆسایدە و قەرەبووکردنەوە ماددی زیان لێکەوتووان و پابەندکردنی حکومەتی عیراق بەداوای لێبوردن کردن لە گەلی کوردستان .

حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کارباری شەهیدان ، هەوڵەکانیان بەردەوامە بۆ ناساندنی کەیسی ئەنفال و کیمیایاران و یەزیدییەکانیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تاهەنووکەش هەندێك لەپەرلەمانی وەڵاتان دانیان بە جینۆسایدی گەلەکەماندناوە و شاندی وەزارەتیشمان سەردانی چەندین وڵاتی ئەوروپی و ئەمریکی و دادگا نێودەوڵەتەکانی کردووە بۆ ئەم بابەتە ...

**«دواهەمین گۆڕی بەکۆمەڵ کە بەئامادەبوونی شاندی وەزارەتمان هەڵدرایەوە گۆڕی (تل الشیخیة) بوو لەبیابانەکانی پارێزگای سەماوە لە ٢٣ / ٧ / ٢٠١٩ بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای شەهیدانی عیراقی فیدراڵ و پزیشکی بغداد و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر، لەو پرۆسەیەدا ڕووفاتی ١٧١ ئەنفالکراو بەڕیزەوە دەرهێنرنەوە و ڕێکاری زانستی و پزیشکیمان بۆ ئەنجامداوە و بڕیاروابوو لەساڵی ڕابردووە بهێنرێنەوە بۆباوەشی نیشتمان بەڵام بەداخەوە بارودۆخە تەندروستیەکە پلانەکەی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگرتووین و سوورین لەسەر هێنانەوەیان لەکاتێکی گونجاودا».**



**گۆڕێکی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوان**

# پاشماوەی دیداری ... محەمەد حاجی مەحمود - سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان

**پرس : پێتوایە هیچ ڕێگەیەك هەبوو بۆ ڕێگری لەو تاوانە بەتایبەت لەڕێگەی دانووستان و وەڵام دانەوەی هەندێ لە داواکاری و مەرجەکانی ڕژێم ؟**

محەمەد حاجی مەحمود: ئێمە جوابمان دایەوە، وتمان ئامادەین بۆ دانوستان ، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون و بڕیاری خۆیان دابوو ، پێشتریش وتم نامەکانی بەعس هەمووی هەڕەشە بوو ، ئیتر جەنگی ئێران -عێراق وەستا و تەنازوولی بۆ ئێران کرد ، کەچی هات میللەتەی خۆی لە ناوبرد.

**پرس : کاک محەمەد بەبڕوای تۆ بەبێ چاوساغی جاش و موستەشار بەعس دەیتوانی پرۆسەکە بەو زیانە گەورەییە وەک خۆی جێبەجیبکات؟**

محەمەد حاجی مەحمود : بەتەئکید بەشداری نزیکەی (٤٠٠) هەزار چەکداری کورد شانبەشانی سوپای عێراق لە پرۆسەکە بەشداربوونە ئەوە کاریگەری خۆی هەبووە.

**پرس : دەتوانین بڵێن ئەنفال کۆتایی هاتووە ؟ یان هەمیشە ئەگەرێکی کراوەیە؟**

محەمەد حاجی مەحمود : خۆی لەڕاستیدا شوێنەواری ئەنفال بەدەیان ساڵی تر سارێژ نابێت ، ئاسانیش نییە بە زووی سارێژ بکرێ ، بەڵام بۆ وەڵامی پرسیارەکە دەتوانم بڵێم نیەتەکە هەیە ، بەڵام بڕواناکەم جارێکی تر ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد دووبارە بێتەوە ، چونکە پێیناناکرێ ، گۆڕانکاری گەورە لەناوچەکە ڕوویداوە ئێستا دونیا دونیای فرەجەمسەرە ، بۆیە زەحمەتە بتوانرێت جارێکی تر بێکەس و زیندەبەچاڵ و وڵاتەکەمان وێران بکرێ.

**پرس : بەبڕوای بەڕێزتان نوێنەرانی کورد لە بەغدا بۆچی نەیانتوانییەوە ئەنفال بە جینۆساید بناسێنن لانی کەم لە عێراقدا ؟**

محەمەد حاجی مەحمود : نوێنەرانی کورد لە بەغدا نەک هەر نەیانتوانیوە ئەنفال بە جینۆساید بناسێنن و حکومەتی عێراق ناچار بە لێبوردن بکەن ، بەڵکو نەیانتوانیوە ڕێککەوتننامەی ساڵ ١٩٨٤ی عێراق – تورکیا هەڵبوەشێننەوە کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیە تورکیا بۆ جوڵاندنی هێز بۆ سنوورەکانی عێراق و هەرێمی کورستان پێویستی بە ڕەزامەندی عێراق نییە بەڵکو ڕەزامەندی لە پەرلەمانی تورکیا وەردەگرێت، نوێنەرانی کورد بۆ ناوچە جێناکۆکەکان چییانکردووە ؟ زۆر بابەتی تریش .....

# بۆچی سەرجەم موستەشارەکان بەشدارن لە تاوانی جینۆسایدی ئەنفال؟



عەلی مەحمود محەمەد

**«بەداخەوە جگە لە دەسەڵاتدارانی کوردستان لە عێراقیش بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە, هاتووانی ناو لیستەکە لە بەغدا پۆستی سەربازی و تەشریعیان وەرگرتووە و چونەتە پەرلەمانەوە و فەرماندەیی گرنگیان لە سوپا وەرگرتووە»**

لەرێکەوتی ٢٠-٦-١٩٨٧دا, بیرۆی باکووری پارتی بەعس, کۆبونەوەیەك دەکات, لەو کۆبونەوەیەدا بڕیارێك دەدات, بەو بڕیارە ژیانی گەلێك بە تەواوی دەگۆڕێت, ئەویش بڕیاری ژمارە ٤٠٠٨ بوو, ئەم بڕیارە مانفیستۆی جینۆسایدی گەلی کوردستان بوو, سەرەتایەکە بۆ دەستپێکی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان بەشێوەی سستەماتیك و نەخشە بۆ دارێژراو, کوشت و بڕو دەرکردن خرایە چوارچێوەی بڕیاری فەرمییەوە, بە پێی بڕیارەکە سەرجەم ئەو گوندانەی تاکو رێکەوتی ٢٢-٦-١٩٨٧ دەستیان لێنەدرابوو دەبێت بڕوخێنرێن, هەموو ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان بکرێنە ناوچەی قەدەغەکراو, گوندی قەدەغەکراو هەموو ئەو گوندانە دەگرێتەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سەربازیدا بوو لەو کاتەدا, رژێم تەنها سەنتەری شارەکان و بەشێك لە رێگاکانی بەدەستەوە مابوو, لە روی ئاسایشەوە نابێت ئەو ناوچانە هیچ مرۆڤ و ئاژەڵێکی تێدا بمێنێت و ژیانی تێدا یاساغ کرا, هاتو چۆو کشتوکاڵی تێدا قەدەغە کرا, هێزی ئاسمانی چاودێری زەوییە کشتوکاڵیەکان و رێگاکانی بە چڕی دەکرد, ئەوەی بەربکەوتایە ژیانی لێ دەسەندەوە, سیاسەتی زەوی سوتاندن پەیڕەو کرا, هێزەکان دەستکراوە کران بۆ کوشتنی خەڵکی ئەو ناوچانە لە زەوی و ئاسمانەوە, بڕیارەکە هەوڵدانێك بوو بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەیان لێ بکوژرێت, بە تفەنگ یان تۆپ یان رۆکێت وە یاخود لە ئاسمانەوە بە جۆرەها کۆپتەرو فڕۆکەی جەنگی پیراتۆز, بە چەکی ئاسایی یان هیشۆیی و کیمیاوی, یان لە کاتی دەستگیرکردندا لەسەر رێگاو بانەکان یان لە هێرشەکاندا بۆ ناوچەکانیان گولە باران بکرێن, ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ ساڵ بۆ ٧٠ ساڵ بوو, بڕیاردرا لە سێدارە بدرێن لە دەرەوەی دادگا, دەستنیشان کران بۆ لەناو بردن, بێ ئەوەی یەك کەسیان لێ دادگایی بکرێت, بەمەش دۆسیەکانیان نەچووە خانەی یاسای تاوانەوە, توانای هیچ داکۆکیکردنێکی یاساییان لە خۆیان نەبوو.

لێرەوە زۆربەی دەستکەوتەکان کە تاڵانی لادێنشینانی کوردستان بوو, کە بەدەست دەهێنران لە سەروەت و سامان بۆ فەوجی جاشەکان و هێزەکانی حکومەتی عێراقی بوون بە پێی بڕیارەکە, هێزەکان عێراق بە تەواوی دەستکراوە کران بۆ فەرهودو تاڵانی, بە تایبەت فەوجەکانی جاشەکان, کە ئەوان دواتر ناوی ئەنفالیان لێ نا, بە پێی بڕیاری ٤٠٠٨ تەقەکردن ئازاد بوو بۆ بەئەنقەست کوشتنی هاووڵاتیان, بە تایبەتیش خاڵی ٥ی بڕیاری ٤٠٠٨, گفتوگۆی زۆر لەسەر بوو, بەردەوام تەئکیدی لێکراوەتەوە, ئەو خاڵە بریتی بوو لە ئیعدامکردنی گشتی " هەموو ئەو کەسانەی لەو گوندانە دەستگیر دەکرێن, دەبێت لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا بکرێت لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە, ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٧٠ ساڵە پێویستە ئیعدام بکرێن پاش ئەوەی زانیاری بە کەڵکیان لێوەردەگرترێت و لە کاتی خۆیدا ئاگادار بکرێینەوە".

هەرچی خاڵی حەوت لە بڕیاری ٤٠٠٨ بوو, جاشەکانی سەرپشك کرد لە تاڵانکردن" هەموو ئەو شتومەکانەی کەوا فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی جەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت تەنها چەکە قورسەکان و چەکی ئەسناد و چەکی مام ناوەندی نەبێت چەکە سوکەکان بۆ خۆیان دەبێت, ئێمەی لێئاگادار کەنەوەو تەنها ژمارەکانیان تۆمار بکەن. پێویستە لەسەر فەرماندەی جحافلەکان چالاك بن و بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو موستەشارەکان و فەرماندەی سرییەکان و مەفرەزەکانیان, وە بە وردی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە لە چالاکییەکانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی.".

لە رێکەوتی ٨-٩-١٩٨٧ بە نووسراوی ژمارە ٥٧٣١ی بیرۆی باکوور, بڕیار درا تەنها ٥٠٪ی پێکهاتەی فەوجە خەفیفەکان لە بارەگا جێگیرەکانیان و رەبایەکان بمێننەوە, ئەوی دی بەکار بهێنرێن بۆ پەلاماری گوندە قەدەغەکراوەکان, بۆ ئەوەی پەلاماری پێشمەرگەو دانیشتووانە سڤیلەکەی بدەن, لە هێرشەکاندا جاشەکان پێش سوپا کەوتن, بەشداریان کرد لە پەلاماری هاووڵاتیانی سڤیلی لادێ نشین, خانووی هاووڵاتیانیان روخاند, مزگەوت و قوتابخانەو نەخۆشخانەیان وێران کرد, لە تاڵانیش دەستیان نەپاراست, بڕیاری ٤٠٠٨یش لەو بارەوە ئازادیانی کرد لە تاڵانکردن, واتا بەردەوام چارەکی کۆی ژمارەی فەوجە خەفیفەکان لە ماوەی ئەو ٣٦٤ رۆژەدا لە ئەرکدا بوون لە پانتایی جوگرافیای کوردستان, وێڕای چارەکێکی دیکە زیاتریان بەردەوام لە بارەگاو رەبایەکاندا پارێزگاری حکومەتیان دەکرد و بۆسەیان دادەنایەوە لەسەر رێگاکان بۆ پێشمەرگەو هاووڵاتیان, دەیان و سەدان تاوانی جەرگبڕیان لەو بۆسانە ئەنجامدا, لە تەواوی پرۆسەی ئەنفالەکان و قۆڵەکانیەوە, سەرەتا جاشەکان چونەتە گوندەکان و هەڵەت و شیو دۆڵ و ناو ئەشکەوتەکان و سەر چیاکان دواتر سوپا, بەمەش دەردەکەوێت تەواوی فەوجە جاشەکان لە پرۆسەی ئەنفالدا لانی کەم چەندین جار بەشدارییان کردووە لە تاوانەکەو تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی جینۆساید, ناویان لە لیستی تۆمەتبارانی ئەنفال نووسرابێت یان نا.

تەواوی شایەدحاڵەکانیش ئەوە دەرەخەن, کە زۆرینەی خەڵك یان لەلایەن جاشەکانەوە راستەوخۆ دەستگیر کراون لە کاتی خۆ شاردنەوە, یاخود لە لایەن ئەوانەوە تەسلیم کراونەتەوە, یاخود پڕۆپاگەندەی درۆیان کردووە بۆ خۆ بە دەستەوەدان , لە کاتێکدا لە هەموو قۆناغەکانی ئەنفال, ئەمنی پارێزگاکان پێشتر ئاگادارایانیان کردۆتەوە کە لێبوردن هاووڵاتیانی ناوچەی ناو پرۆسەی ئەنفال ناگرێتەوە .

### دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال

هێما بیرکارییەکان بۆ ژماردنی تاوانەکانی ئەنفال کلۆڵە, هێندە تاوانەکان زەق و گەورەو زۆرن, یاساکانیش لە ئاستیدا زەبوونن بۆ پێناسی یاساییان, بەڵگەنامەو فلیم و دیدنامەکان لاوازن, کۆمەڵکوژی, کوشتنی مەیدانی, دورخستنەوەی بە زۆری دانیشتووان, زیندانیکردن و کوشتنی تەواوی ئەو خەڵکە سڤیلە پاش گرتنیان و گواستنەوەیان بۆ ناوەندی کۆکردنەوەی تۆپزاوەو شوێنەکان دی, دواتر کوشتنیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان, تەرمی بەشێکیان لە موسڵ و سەماوە دۆزرایەوە و لە لایەن پسپۆری نێودەوڵەتی مایکل تربیل و ئەوانی دییەوە دەرهێنرا, زۆرینەیان تا ئێستا گۆڕەکانیشیان نەدۆزراونەتەوە, بێبەریکردن لە پێداویستییەکان ژیان, ئەشکەنجەدان, دەستدرێژی سێکسی و پەلاماردان و لاقەکردن, سزادانی گروپ بە هۆی جیاوازی نەتەوەییەوە, پەلاماردانی ناوچەی سڤیل بە چەکی کۆکوژی کیمیاوی و هیشۆیی و چەکی کلاسیك, پەلاماردانی گوندەکان و بێهۆکار روخاندنی نەخۆشخانە و قوتابخانەو مزگەوت, بەزۆر گواستنەوەو سەپاندنی نیشتەجێبوونی زۆرە ملێ لە ئۆردوگاکان و بێبەریکردن لە هەلی کار و پێداویستی ژیان, توندوتیژ جوڵانەوە لە گەڵ هاووڵاتیانی سڤیل تا ئاستی کوشتنی بە ئەنقەستی بە کۆمەڵیان, بێرێزیکردن بە تەرمی مردووەکانیان, مردن بەهۆی برسێتی و تینوێتی و گەرما و بێ دەرمانی و پیسییەوە, نەبوونی بێبایەخترین کەرەستەی ژیان لەناو زیندانەکان, هێرش بۆ سەر هاووڵاتیانی سڤیل کە هیچ بەشداریەکیان لە چالاکی سەربازی نەبووە, وێرانکردنی ماڵیان و تاڵانکردنیان, جیاکردنەوەی ژنان و پیاوان و رێگا گرتن لە بەیەك گەیشتنیان, بۆ ئەوەی منداڵیان نەبێت, توندوتیژی بە نەخشە, زیانی جەستەیی و عەقڵی, وێڕای مردن زۆرێك لە ئەنفالکراوان تووشی کەمئەندامی بوون لە زیندان, بێهۆکار پەلاماردانی خەڵکی سڤیل, کوشتنی بە دەستی ئەنقەست, کوشتنی نابەجێ, بێبەشکردنی توند لە هەموو پێداویستییەکی تەندروستی و ژیان, دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامان لەناویاندا بەروبوومی کشتوکاڵی هەڵگیراو, نەهێشتنی سەرەووەت و سامانی ئاژەڵداری, کوێرکردنەوەی کانیاو پڕ کردنەوەی بیرەکان, پەیڕەوکردنی سیاسەتی زەوی سوتاندن, بۆردومان کردنی گوند بە خەڵکەکەیەوە, لە زیندانەکان و شوێنەکانی کۆکردنەوە ئاوی خواردنەوەی پیس, کەمی خۆراك و برسیکردن, نەبوونی دەرمان و چارەسەری پزیشکی, سەپاندنی ژیان لە گەرمای بەتیندا, تەعریبکردن......ئەمانە نموونەیەك کەم بوون, تا شوێنپێی هەموو قوربانییەکان هەڵنەگرترێت ناتوانرێت هەموی بنوسرێتەوە, بۆیە بەڵگەنامەو فلیم و دیدنامەو نووسراوەکان ناتوانن دەربڕی گەورەیی تاوانەکە بن, کاتێك ئامادەی هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەبیت دەزانیت چ تاوانێك ئەنجامدراوە, دەزانیت چ جەهەنەمێك لە ژێر بیابانەکان شاردراوەتەوە.

دادگای دۆسیەی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکان لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢١-٨-٢٠٠٦ دەستی پێکرد,لە ٦١ دانیشتندا, کۆی گشتی ١١٩٣ سکاڵاکەرو دیدەر و پسپۆڕی ناوخۆیی و بیانی, سکاڵاو شایەدییان پێشکەش کرد, لەوانە ٥٢ سکاڵاکەر, ١٠ رزگاربووی گۆڕی بە کۆمەڵ, ٨ دیدەر, ٤ پسپۆڕی بیانی " کلایکۆلون سنۆ ١٩٢٨ ئۆکلاهۆما وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.....زانای بواری زانستی بایۆلۆژی,پسپۆر لەسەر ئاستی جیهان, گۆڕی بە کۆمەڵی کرۆمی هەڵدابووەوو کاری لەسەر قوربانیانی کیمیابارانکردنی گوندی فرجینی کردبوو کە چەکی کیمیاوی تێدا بەکار هاتبوو, ئەسفەندیار ئەحمەد شکری توێژینەوەی لەسەر ئەو ئاوارانەی دیار بەکر و ماردین کردبوو, کە کیمیاوی لێیانی دابوو, مایکل کۆمفر ترەمبیل پسپۆر لە بواری پزیشکی رێوشوێنی دیاردە سزاییەکان لە موسڵ و موسەنا گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوانی هەڵداوەتەوە, بە هاوکاری پسپۆڕانی ئەمەریکی و کۆستاریکی و ئوسترالی و کەنەدی, دۆگلاس سکوتی-ئەمەریکی پسپۆر لە بواری چەك و زانستی سزایی", راستەوخۆ بەشدارییان لە دادگاییەکە کرد و وتەیان پێشکەشکرد لە بەردەم دادوەرەکان, لە رێکەوتی ٢٤-٦-٢٠٠٧ بڕیاری دادگا دەرچوو, لە رێکەوتی ٤-٩-٢٠٠٧ بڕیاری کۆتا درا, تاوانکاران بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی سزا دران.

لە پرۆسەی دادگاییەکە حەوت تۆمەتبار دادگاییکران, وە ژمارەیەك تۆمەتباریش لە هەنگاوی یەکەمدا دیاریکرابوون بۆ دادگاییکردن لێ ئامادە نەبوون وەك لە دوو نامەی دادگای باڵای تاوانەکاندا ناویان هاتووە " بە پێی نووسراوی ف٢ ١٤٤٥ رێکەوتی ١٨-١٢-٢٠٠٥ ی دادگای باڵای تاوانەکان, بڕیاری گرتن بۆ ٢٤ کەس دەرچوو, کە بریتی بوون لە" نزار خەزرەجی, یونس ئەلدرب, ئەیاد خەلیل زەکی, رەمزی مەحمود, سەعید مەحمود باریکە, قاسم دڕەیی, معتەسەم بەرزنجی, یاسین رەئوف, تەحسین شاوەیس, قاسم ئاغای کۆیە, بایز عەبدالڕەحمان, عەلی ئەحمەد رەشید, نیعمە فارس, حەمید شەعبان, نەجم عەبدوڵا دوری, عیسمەت سابیر, عەدنان جەباری, جیهان موسا, رەفعەت گلی, عوسمان شێخ سەعید, شێرزاد ساڵەح, تۆفیق جەبار قارەمان, حوسێن شێخ سەعید, حەسیب حەمە ئینجە".

هەروەها "لە رێکەوتی ٢١-١٢-٢٠٠٥, بە پێی نوسراوی دادگای باڵای تاوانەکان ژمارە ف٢ ١٤٧٤, داوای ناوی سیانی و ناونیشانی ١٨ تاوانبار دەکات کە بریتین لە" سەعید مەحمود باریکە, عەدنان جەباری, شێخ رەئوف, شێخ جەعفەر, شێخ رەمەزان, قاسم دڕەیی, جیهان موسا, معتەسەم بەرزنجی, رەفعەت گلی, یاسین رەئوف, غەسان شێخ سەعید, تەحسین شاوەیس, شێرزاد ساڵەح, قاسم ئاغای کۆیە, تۆفیق جەبار قارەمان, بایز عەبدالڕەحمان, حوسێن شێخ سەعید, عەلی ئەحمەد رەشید, حوسێن حەمە ئینجە".

حەوت کەسەکەی دادگایی کران, پێشتر زیندانیبوون, بریتی بوون لە: سەدام حسێن ئەلمەجید ئەلحەسەن عەبدالغەفور عەبدالقادر ئەلناسری ئەلتکریتی سەرۆك کۆماری عێراق کە رۆژی شەممە رێکەوتی ٣٠-١٢-٢٠٠٦ لەسەر تاوانی دوجەیل لە سێدارە درا بۆیە تۆمەتی ئەنفالی لەسەر هەڵگیرا, عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەن عەبدالغەفور عەبدالقادر ئەلناسری ئەلتکریتی بەرپرسی بیرۆی باکوری پارتی بەعس, لیوا روکن سابیر عەبدالعەزیز حوسێن عەلی دوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتی سەربازی, فەریق روکن حوسێن رەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی یاریدەدەری ئەرکانی سوپا بۆ کاروبارەکانی ئۆپەراسیۆنەکان, لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد حەمەد ئەلحەمەد ئەلتانی فەرماندەی فەیلەقی یەکەم, تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی سکرتێری لیژنەی کاروباری بکوور و پارێزگاری موسڵ , عەقیدی روکن فەرحان موتڵەگ ساڵەح خەڵەف ئەلجبوری بەڕێوەبەری رێکخراوی هەواڵگری رۆژهەڵات.

تۆمەتباران بەم شێوەیەی خوارەوە, پاش ساغبونەوەی تاوان لەسەریان سزا دران: عەلی حەسەن ئەلمەجید ٥ سزای لە سێدارەدان, یەك زیندانی بەند بوون تا پاشماوەی ژیانی, یەك سزای ١٥ساڵ زیندانی,٢ سزای زیندانی ١٠ ساڵی و ٢سزای زیندانی ٧ ساڵی.

لیوا روکن سوڵتان هاشم ٤ سزای لەسێدارەدان, ٢ سزای زیندانی بەند بوون تا پاشماوەی ژیانی, ١ سزای زیندانی ١٥ ساڵی, یەك سزای زیندانی ١٠ ساڵی و ٢سزای زیندانی ٧ساڵی.

فەریق روکن حوسێن رەشید ٤ سزای لەسێدارەدان و سزایەکی ٧ ساڵی زیندانی.

سابیر عەبدالعەزیز حوسێن ٣ سزای زیندانی بەند بوون تا پاشماوەی ژیانی و سزایەکی زیندانی ١٠ ساڵی.

عەقیدی روکن فەرحان موتڵەگ ٢ سزای زیندانی بەند بوون تا پاشماوەی ژیانی و سزایەکی زیندانی ١٠ ساڵی.

تۆمەتبار تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی بڕیاری بێتاوانی لە تۆمەتی بەشداری لە تاوانی ئەنفالی بۆ دەرچوو.

ناوبراوان بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە پرۆسەی تاوانی ئەنفال تاوانبار کران.

تاوانباران عەقیدی روکن فەرحان موتڵەگ لە رێکەوتی ٣٠-٣-٢٠١٣ لە

**... پاشمارە بۆ ل ١١**

# چیرۆکی هەڵگرتنی بوخچەکانی دوای ئەنفال

## فەیمە ڕۆستەم مەحمود گوندی سپی سەر :

## دڵخۆشم بەپاراستنی ئەم بوخچەیە،یادگاری پیاوێکی خۆشەویستە کە هاوسەرم بوو..!

**دیدار: سمکۆ سابیر**

فەیمە سێ سەری دەڵێت:تازە شوم بەحوسێن کردبوو (باوك كوردستان) ئەم جلانەی لەناوچەی زەنگاباد بۆ کڕیم لەبان سندوق .ئەو کاتە فیراری عەسکەری بوو کەهاتەوە بۆ ماڵەوە بۆ گوندی سپی سەر ئەم جلانەی لەگەڵ خۆیدا بەدیاری بۆ هێنابووم . یەکێك لەجۆرەکانی ئەم جلانە پێیدەڵێین : کرێم ، کەوای تەنووریی ،ئاوریشم ،پەڕۆیەکەی بان چاویشم ماوە،کەلەکاتی بۆکێنی ئەیاندایە سەر دەم و چاوت، بەڵام ڕەنگەکەی کاڵ بۆتەوە . کەواکەی تریش لەماڵی باوکم بۆیان کڕیبووم ،کاتێك گەنج بووم و هێشتا هاوسەرگیرم نەکردبوو . هەرلەکفری بۆمیان دووری پێیدەڵێن :تولە مار، چونکە ئەم جۆرانە لەو سەردەمەدا مۆدێل بوون . چەند ساڵێك بەر لەئەنفال بوو ، وابزانم ساڵی ١٩٨٥ بوو .هەرچەندە هاوسەرەکەم فیرار بوو بەڵام دڵمان بەژیان خۆش بوو . تەنها بۆماوەی چوار ساڵ لەگەڵ پیاوەکەم بووم ئیتر ئەنفال کرا .

فەیمە ڕۆستەم دەڵێت : من لەساڵی ١٩٦٣لەگوندی فەقێ مستەفا لەدایکبووم و لەتیرەی (زەند)ین . گوندەکەمان نزیکەی نەوەد ماڵ دەبوو.کەوتبووە نێوان دوو چەم ، چەمی ئاوەسپی و چەمی مامران . فەقێ مستەفا یەکێکە لەگوندە جوان و بەسودەکان بەتایبەتی لەچەمی ئاوەسپی نزیکەو خەڵکەکەشی بەکشتوکاڵ خەریکبوو .گوندێکی بەپیت و بەداهات بوو . سەبارەت بەوەی چۆن ژیانی هاسەرگیری پێکهێناوە،فەیمە دەڵێت : پیاوەکەم لەعەسکەری رایکردبوو، ماڵی برایەکی لەسپی سەر بوو، ئێمەش ئەوکات لەگوندی فەقێ مستەفا بووین، ئیتر بەهۆی هاوسەرگیرییەوەساڵی ١٩٨٤ قسمەتم ڕۆیشت بۆ سپی سەر . حسێنی هاوسەرم دوای ئەوەی لەسەربازی رژێم فیراری کرد،ئیتر گەڕایەوە ناوچەی زەنگابادو بەنهێنی پێشمەرگەی دەبرد بۆ ئەو ناوچاناو چاوساغی و هاوکاری دەکردن،هەتا ئەنفال بەمشێوەیە مایەوە .ئەو یەکێتی بوو لەلای مام جەلال بووە و پێشمەرگەی ئەویش بووە. خێزانەکەی ئێمە لەشەش خوشك و دووبرا پێکهاتبوو، باوکم لەنوگرە سەلمان گەڕایەوە ، عەجاج لەکاتی ئازادکردنەکە بانگی کردبوو، بەڵام باوکم نەیوێرا وتبووی دمانخەنە بەحرەکەوە بۆ ئەوەی ماسی بمانخوات،بۆیە خۆی شاردبووەوە عەجاجیش لەداخا خستبوویە دووا قافڵەو دوواکەس بوو کەلە نوگرە سەلمان گەڕایەوە .حەوت ساڵ بەر لەئێستا کۆچی دوایی کردووە. باوکم دەیگووت زۆربەی مردووەکانی نوگرە ەسەلمان بەدەستی من و هاوڕێکانم دەنێرژران . بەهۆی عەرەبانەیەکی دەستی دەڕۆیشتین لە نزیك قەڵاکە کەمێك لمان بەسەر دادەکردن و تەنها دەمانشاردنەوە . کەسوکاریشم زۆر ئەنفالکراون دوو مامەم بەناوی مەجید و فەتاح بەشەش حەوت سەر خێزانەوە ئەنفالکراون، مامەم مەجید پێنج کوڕو دوو کچ و خێزانەکەشی دوو گیان بوو،مامەکەی تریشم فەتاح پێنج کوڕو دایك و باوکیشی لەنوگرە سەلمان گەڕانەوەو کۆچی دواییان کردووە، کەس نییە ئەنفالانەشیان بۆ وەربگرێت. سەبارەت بەوەی چۆن تائێستاو دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سی ساڵ ئەم جلانەی پاراستووە و نەیهێشتووە لەناو بچێت،گووتی : من لەخۆشەویستی باوکی کوردستان ئەم جلانەم پاراستووە و دەشیپارێزم . لەگەڵ کوردستانی کچم تەنها ئەم یادگارییەمان ماوە . زۆر زۆر بەنرخەو ئەگەر ساڵی جارێکیش لەبەری بکەم هەر پێیدڵخۆشم و شانازی بەم یادگارییەوە دەکەم . ئەو زۆر حەزی لەڕەنگی سوور بوو، زۆربەی دیارییەکانی رەنگی سوور بوون . ئێستا ئەم جلانە دەپارێزم وادەزانم ئەو چاوی لێمەوەیە و هەستی پێدەکات و پێیدەزانێت . زۆر دڵخۆشم بەپاراستنی ئەم بوخچەیە،یادگاری پیاوێکی خۆشەویست و هاوسەرم بوو. زۆر کەم بەیەکەوە ژیاوین . بۆیە لەدوای ئەنفال چەندین جار هاتنە داوام بۆ هاوسەرگیری ، رێزم بۆ هەموو پیاوێك هەیە، بەڵام دوای باوك کوردستان ، چاوم هیچ پیاوێکی تری نەبیی . وامزانی ئیتر دونیا تەنها حوسێنی تێدابوو . زیاد لە دە جار هاتوون بۆ داواکردنی من ، هەموو جارێك کە ڕەتمدەکردەوە شوو بکەم ،لەگەڵ ئەوەش زۆر دەگریام ،پیاوەکەم بیر دەکەوتەوە .خۆشەویستی ئەو بۆمن دەهاتەوە بەر چاوم . ئیتر چاوم بەرایی نەدەدا بەخەیاڵیش بیرلەشوکردن بکەمەوە . فەیمە باس لەوەش دەکات زۆر بەکەمی لەخەوما حوسێنی ئەنفالکراو هاتۆتە خەونی .دەڵێت زۆر بەکەمی هاتۆتە خەونم . سەرم لەوە سووڕ ماوە بۆچی کەم هاتۆتە خەونم .چونکە زۆر لەلای یەکتری خۆشەویست بووین، رێزی یەکتریمان زۆر دەگرت، کەچی بەقەدەر ئەو خۆشەویستییە نەهاتۆتە خەونم . سەبارەت بە سەردەمی ئەنفال و چۆنیەتی خۆ ئامادەکرد





فەیمە ڕۆستەم مەحمود

لەکاتی شاڵاوەکە، دایکی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە لەلایەن کادیرێکی سیاسی یەکێتی بەناوی مەلا سەعید کەبەر لە چەند ساڵێك سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بووە و خەڵکی قەزای کفری یە،ئاگادارکراینەوە کە دەبێت لەئاوایی دەربچین ، چونکە مەترسی ئەوە هەیە فڕۆکەکانی عێراق بۆمبابارانی گوندە بکەن و ژیانمان بکەوێتە مەترسییەوە .بۆیە لەئاوایی دەرچووین و بەرەو قادر کەرەم ڕۆیشتین ،خوشکێکم لەگەڵ دابوو، خۆشم دووگیان بووم . دونیا شڵەژیا بووە گۆم زرێبارو بووە ڕۆژی حەشر ،منیش لەچاوەڕوانی مناڵبوون بووم ،لەسات و کاتی خۆمدا بووم ، ئیتر کە دەرچووین کوردستان مناڵ بوو لەباوەشمدا بوو.ئەمناوە هەمووی سوپاو جاش بوو، هەموو خەڵکی ئاوایی بەیەکەوە دەرچووین،ئێمە لەڕێگە مەکینەی خۆمانمان پێبوو،لەو هەردە پەکی کەوت و جێمانهێشت .کەنزیك بووینەوە لەقادر کەرەم ، ژمارەیەك جاشی تەحسین شاوەیش هاتنە پیریمانەوە،وتیان بێنە لای ئێمە خۆتان تەسلیم بکەنەوە، هەر لەوێ سمایل عەزیز ئاغای زەنگنەش وتی ناوەرن خۆتان لای ئێمە تەسلیم بکەنەوە ،ئەو زەنگنە بوو،پیاوەکەشم زەنگنە بوو، لەلای بیر ئاوەکەی قادر کەرەم بووە شەڕو دەمەقاڵە لەسەر ئێمە هەردوو موستەشار دەیانگووت دەبێت لای ئێمە خۆتان تەسلیم بکەن . ئێمەش خوا خوامانە پیاوەکانمان بەسەلامەتی دەربچن و هیچیان پێنەیەت .ئیتر چووین بۆ ماڵی پیاوێك بەناوی قادر ئەحمەد لەقادر کەرەم .دواتر پیاوەکانیان لێجیاکردینەوە زانیمان کەلەلایەن بارقەوە براون .دواتر پیاوەکەی من و پیاوێ: بەناوی نامیق ڕۆیشتن بۆ ئەوەی مەکینەکە بهێننەوە و بۆ ئەوەی هەموومان بەیەکەوە بین .کە گەڕانەوە پیاوەکان برابوون ،کەسیان لەوێ نەمابوون ،ئیتر نامیق توڕەبوو وتی بۆ بەجێیانهێشتووین و ئێمە بەتەنیا ماینەتەوە ،ئێستا ئێمە روو لەکوێ بکەین .ئیتر حوسێن و نامیق لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی تردا بران . ئیتر ئێمە بەتەنیا ماینەوە ،کەس نەیزانی ئەو پیاوانە چییان لێهات ،ئاو بردونی ، زەوی قووتیدان ، بەناچاری چووین بۆ ناو کەلاوەیەکی شڕ،لەخوار قادر کەرەم کەبەرەو داویە دەڕۆیت، باران بوو،لایەکی رووخابوو، قامیشەکانی سەر خانووەکە هاتبووە خوارەوە . لەنیوەی شەودا ژان گرتمی ، جاش و سوپاش لەمناوە دەهات و دەچوون،میمکێکم کەئەویش هەموو تەمەنی بۆ دوو کوڕەکەی تەرخانکردو دواتر ئەوانیش ئەنفالکران،لەگەڵماندابوو داوام کرد بێت بۆلام ، شوبرایەکیشم لەگەڵ ئێمە مابوویەوە ، ناوی ماو ئەولا بوو، پێموت بڕۆ میمك نەشمیل م بۆ بهێنە، کە میمك نەشمیل هات بۆلام گیانی دەلەرزی ، دوو کوڕی برابوو، هەموو گەنجی خۆی نایە سەر ئەم دوو کوڕەی ، خەتاب و بەبان ، سمایلی عەزیز ئاغا بردیانی ،میمکم وەزعی زۆر خراپ بوو، ئیتر لەو کەلاوەیە منداڵم بوو،کوڕ بوو. بارانیش بەردەوام بوو، میمك نەشمیل وتی ئەم مناڵە تەواو نییە،منداڵەکەش هەر دەیقیژاندو میمکیشم لەبەر دوو کوڕەکەی ئاگای لەهیچ نەمابوو،وتی من دەڕۆم بۆ لای سمایلی عەزیز ئاغای زەنگنە بەڵکو شتێکم بۆبکات خەتاب و بەبانم بۆ ئازاد بکات ، ئیتر منی بەجێهێشت .ماو ئەولاش هاتە ژورەو منداڵەکەی بردو وتی منداڵەکە مردووە ، ئیتر لێمیان دوورخستەوە . ئیتر دڵنیا نیم منداڵەکەم سەگ خواردی ، سوپاکەی بارق بردی ، خۆی مردبوو، بەدڵنیاییەوە نازانم ئەم منداڵەم چی بەسەر هات . هەرچەندە مام ئەولا دەیوت منداڵەکە مردووە بەڵام من قەناعەت ناکەم مردبێت .چونکە من زۆر دەگریام بۆ منداڵەکە ئەویش دەیوت مردووە . میمکم نەشمیل هەتا مردیش هەر پێیدەوتم منداڵەکەت مرد بەڵام من گومانم لێیاندەکرد. کوردستانی کچم هەتا شوشی کرد دەیوت دایە براکەم دێتەوە و لەژیاندایە .من زۆر گومان دەکەم سوپاکەی بارق ئەم منداڵەی منی بردبێت . لەکۆتاییدا فەیمە داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ،منداڵەکانیان بۆ دابمەزرێنن،چونکە ئەوان بەدەردەسەری و بەگوڵە چنەو چنینی دەسکە نۆك و کرێکاری قورس ئەم منداڵانەیان گەورە و بەخاوەن کرد ،کەچی دوای تەواو کردنی خوێندن لەماڵەوە دانیشتوون و دانامەزرێن . بۆکوردستانی کچم گوڵە چنەم بۆ دەکرد بۆ ئەوەی قەڵەم و دەفتەری بۆبکڕم .ئێستا پەیمانگەی ژمێریاری لە ٢٠١٣ تەواو کردووە، ئەڵێن بەبێ واسیتە کردن دانامەزرێت، ئێمەش مەگەر واسیتەمان خوا بێت . دایکی کوردستان باسی ئەوەشی کرد کە کاتێ منداڵ بووە لەکاتی نانخواردندا دەیگووت دایە ئەی بەشی باوکم بۆ هەڵناگرێت ، دواتر گەورەبوو تێگەیشت کە ئیتر باوکی ئەنفالکراوەو ئیتر ناگەڕێتەوە .

# پاشماوە .... بۆچی سەرجەم موستەشارەکان بەشدارن لە تاوانی جینۆسایدی ئەنفال

گرتوخانەی موسڵ و سوڵتان هاشم یش لە نەخۆشخانەیەکی شاری ناسریە لە رێکەوتی ١٩-٧-٢٠٢٠ مردن و بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانیان لەسەر جێبەجێ نەکرا.

هەروەها لە رێکەوتی ٢٠-٥-٢٠٠٧ دادگای باڵای تاوانەکان بە فەرمی لیستێکی بە ٤٢٣ ناوی راگەیاند وەك تۆمەتبارانی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال, کە تاکو ئێستا بڕیاری گرتن ودادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارانە جێبەجێ نەکراوە چ لە عێراق یاخود کوردستان, کە ٢٥٨ کەسیان هاووڵاتی هەرێمی کوردستانن, چ بە لیست, وە چ بە کەسی بڕیاری گرتنیان بۆ دەرچووە, تاکو هەنووکە هیچ یەکێك لەو تۆمەتبارانە بانگ نەکراون بۆ لێکۆڵینەوە, دووجار رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید لە رێگای داواکاری گشتییەوە لە شاری هەولێر سکاڵای لەسەریان تۆمارکردووە, وەلێ لە ژێر فشاری کەسانی دەسترۆیشتووی دەسەڵاتدارەوە داوکاری گشتی بێ ئیرادە کراوەو لە سکاڵاکە نە پرسراوەتەوە.

بەهانە بۆ لێپرسینەوە لە تۆمەتباران, لێبوردنە گشتیەکەی بەرەی کوردستانی ساڵی ١٩٩١ ە, بەڵام لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانی ساڵی ١٩٩١ بە پێی بڕگەی شەشی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی هیچ شەرعیەتێکی نییە, هەر لێبوردنێك پێش جێبەجێردنی ئەم یاسایە دەرچوبێت بۆ تۆمەتبارانی دوو تۆیی تاوانەکانی بڕگەکانی ١١ و ١٢ و ١٣ و ١٤ دادگای باڵای تاوانەکان, کە بریتین لە تاوانەکانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی پێشێلکردنی یاسا عێراقیەکان, بە پێی بریارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی لەسەر تاوانباران عەلی حەسەن مەجید و سوڵتان هاشم و .... تاوانی ئەنفال تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە, ئەم تاوانانەش بە تێپەڕ بوونی کات کۆن نابن و بەسەر ناچن و بنەمای نێودەوڵەتییان هەیە, زمکان" زەمان و مەکان" تۆمەت لەسەر تۆمەتبار هەڵناگرن, وە تاوانی نێونەتەوەیشن, لەسەر ئەو بنەمایە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دامەزراوەو ئەم جۆرە تاوانانە لە تایبەتمەندیەتی, تۆمەتبار بۆ کوێ هەڵبێت دەربازی نابێت لە سزا, تەنانەت ناکرێت پەنابەریشی پێبدرێت , تۆمەتباری ئەنفال مافی پەنابەری سیاسیان پیچ نادرێت, بە پێی رێکەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨, چونکە بەشدارن لە تاوانی جینۆساید, وە سزا دەسەپێنرێت بەسەر هەموو کەسێکی بەشدار لە پرۆسەی پاکتاوی بە کۆمەڵ, نابێت رزگاریان بێت لێی, بەو پێیەی ئەمانیش کەسانێکن بەشداربوونە لە ئەنجامدانی تاوانەکە, بۆیە وەك بەشدارکەرێك لە پرۆسەی کۆکوژی دەبێت دادگایی بکرێن و تاوانباران لە سزا دەربازیان نەبێت.

بۆیە ئەمانەلێبوردن نایانگرێتەوە, بەم هۆیەشەوە ئەو بڕیارەی بەرەی کوردستانی هیچ بنەمایەکی یاسایی و هێزێکی نییە, بەداخەوە جگە لە دەسەڵاتدارانی کوردستان لە عێراقیش بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە, هاتووانی ناو لیستەکە لە بەغدا پۆستی سەربازی و تەشریعیان وەرگرتووە و چونەتە پەرلەمانەوە و فەرمانده‌یی گرنگیان لە سوپا وەرگرتووە, یاسای بنەبڕکردنی پارتی بەعس ئەمانی لێ دەرکراوەو بڕیارەکانی نەیانی گرتۆتەوە.

# جريمة الانفال



أعداد الحقوقي
المقدم علي جمال قدوري

## ما هية الانفال

الأنفال هي حملة عسكرية من ثماني مراحل أسفرت عن القتل العمد لخمسين ألفا على الأقل ، وربما مائة ألف من الكورد , استخدمت القوات العراقية في حملة الأنفال أسلحة كيماوية مرات عديدة ضد الأكراد , وقد استمرت حملة الأنفال من أواخر فبراير/شباط إلى أوائل سبتمبر/أيلول ١٩٨٨, ووقع الاختيار على الضحايا الذين كان منهم نساء وأطفال وشيوخ لأنهم كانوا كورد بقوا في مسقط رأسهم في أراض خارج نطاق المناطق التي تحكمها بغداد , وأسفرت تحريات وتحقيقات منظمة هيومن رايتس ووتش لحقوق الإنسان في عامي ١٩٩٢ و١٩٩٣ عن تصنيف الأنفال كجريمة إبادة جماعية ضد جانب من السكان الكورد العراقيين في شمالي البلاد.

## مراحل جريمة الانفال

المرحلة الأولى : ابتدأت بالهجوم على منطقة (سركلو) و (بركلو) وقد استغرقت هذه المرحلة ٣ اسابيع.

المرحلة الثانية : ابتدأت هذه المرحلة عندما قام النظام العراقي (في عهد صدام حسين) بشن هجوم على منطقة قره داغ واستمرت هذه العملية من ٢٢ اذار إلى ٣٠ اذار من سنة ١٩٨٨.

المرحلة الثالثة : ابتدأت بالهجوم على منطقة كرميان في محافظة كركوك.

المرحلة الرابعة : ابتدأت عندما قام النظام العراقي السابق بشن هجوم على منطقة حوض الزاب الصغير.

المرحلة الخامسة : حيث قام النظام العراقي بشن هجوم على المناطق الجبلية ل محافظة اربيل وجرى تدمير القرى الكردية هناك.

المرحلة السادسة : وهي اخر المراحل عمليات الانفال ابتدأت هذه العملية في ٢٥ من شهر آب \ أغسطس سنة ١٩٨٨ وقد شملت منطقة بهدنان وقد استمرت هذه العملية حتى ٦ من ايلول \ سبتمبر من نفس العام.

## المجرمون الذين نفذوا جريمة الانفال

( الرئيس السابق صدام حسين ) ( علي حسن المجيد، أمين سر مكتب الشمال لحزب البعث العربي الاشتراكي ) ( سلطان هاشم أحمد، القائد العسكري للحملة ) ( صابر عبد العزيز الدوري؛ رئيس الاستخبارات العسكرية ) ( حسين رشيد التكريتي، نائب قائد العمليات بالقوات المسلحة العراقية ) ( طاهر توفيق العاني، محافظ الموصل ) ( فرحان مطلق الجبوري، مسؤول الاستخبارات العسكرية في شمالي العراق )

## نتائج عملية الانفال

١. تدمير أكثر من ( ٤٥٠٠ ) قرية ومنطقة
٢. تدمير المؤسسات الدينية والمدنية والخدمية .
٣. بلغ عدد ضحايا الأنفال قرابة ال ( ١٨٢٠٠٠ ) ضحية قتلا أو إخفاءا .
٤. تشريد أكثر من ( ٥٠٠٠٠٠ ) إنسان .
٥ . خلفت عشرات الالاف من الجرحى والمرضى والمعاقين .

## القوانين التي خرقها مرتكبي جريمة الانفال

أ- إتفاقية جنيف بشأن حماية الأشخاص المدنيين في وقت الحرب المؤرخة في ١٢ / أب / ١٩٤٩ والتي نصت :

المادة ( ٣ ) : في حالة قيام نزاع مسلح ليس له طابع دولي في أراضي أحد الأطراف السامية المتعاقدة ، يلتزم كل طرف في النزاع بأن يطبق كحد أدنى الأحكام التالية :

(١) الأشخاص الذين لا يشتركون مباشرة في الأعمال العدائية ، بمن فيهم أفراد القوات المسلحة الذين ألقوا عنهم أسلحتهم ، والأشخاص العاجزون عن القتال بسبب المرض أو الجرح أو الاحتجاز أو لأي سبب آخر ، يعاملون في جميع الأحوال معاملة إنسانية ، دون أي تمييز ضار يقوم على العنصر أو اللون ، أو الدين أو المعتقد أو الجنس ، أو المولد أو الثروة أو أي معيار مماثل آخر , ولهذا الغرض ، تحظر الأفعال التالية فيما يتعلق بالأشخاص المذكورين أعلاه ، وتبقى محظورة في جميع الأوقات والأماكن : ( الاعتداء على الحياة والسلامة البدنية ، وبخاصة القتل بجميع أشكاله ، والتشويه ، والمعاملة القاسية ، والتعذيب ) ( أخذ الرهائن ) ( الاعتداء على الكرامة الشخصية ) ( إصدار الأحكام وتنفيذ العقوبات دون إجراء محاكمة سابقة أمام محكمة مشكلة تشكيلا قانونية ) ( ٢ ) يجمع الجرحى والمرضى ويعتني بهم .

ب - الإعلان العالمي لحقوق الإنسان والتي جاء في بنوده مايلي :

المادة ( ٣ ) : لكل فرد الحق في الحياة والحرية وسلامة شخصه .

المادة ( ٥ ) : لايعرض أي إنسان للتعذيب ولا للعقوبات أو المعاملات القاسية أو الوحشية أو الحاطة بالكرامة . المادة ( ٩ ) : لا يجوز القبض على أي إنسان أو حجزه أو نفيه تعسفا .

الإجراءات التي قامت بها المحاكم العراقية

في حزيران / يونيو لعام ٢٠٠٦، أعلنت المحكمة العراقية الخاصة أن صدام حسين وستة متهمين آخرين سيحاكمون في ٢١ آب/أغسطس لعام ٢٠٠٦ فيما يتعلق بحملة الأنفال, وفي كانون الأول/ديسمبر لعام ٢٠٠٦، تمت محاكمة صدام بتهمة الإبادة الجماعية خلال عملية الأنفال, وكانت المحاكمة لحملة الأنفال لا تزال جارية في ٣٠ كانون الأول/ديسمبر لعام ٢٠٠٦ عندما أُعدم صدام حسين لدوره في مذبحة الدجيل.

في ٢٣ حزيران/يونيو من عام ٢٠٠٧، أُدين علي حسن المجيد واثنين آخرين من المتّهمين هما سلطان هاشم أحمد وحسين رشيد محمد بتهمة الإبادة الجماعية وبتهم أخرى وحكم عليهما بالإعدام شنقًا , وحُكم على اثنين آخرين من المتهمين وهما فرحان الجبوري وصابر عبد العزيز الدوري بالسجن المؤبد، وتمت تبرئة طاهر توفيق العاني بناءًا على طلب النيابة. اتُّهم المجيد بجرائم حربٍ وجرائم ضد الإنسانية وجرائم إبادةٍ جماعية، وقد أُدين في حزيران/يونيو من عام ٢٠٠٧ وحُكم عليه بالإعدام.

## الإجراءات الواجب على منظمة الأمم المتحدة القيام بها

١- اعتبار جريمة الإبادة الجماعية (الانفال) من الجرائم الأشد خطورة والتي تثير قلق المجتمع الدولي بأسرة وفقا لما جاء في ديباجة نظام المحكمة الجنائية الدولية لعام ١٩٩٨ وفي المادة الخامسة منه .

٢- اعتبار جريمة الإبادة الجماعية (الانفال) انتهاكا لحقوق الإنسان قد يصل وصفها الى ( تهديد للسلم والأمن الدوليين ) تستوجب تدخل مجلس الأمن استنادا للفصل السابع من ميثاق الأمم المتحدة .

٣ - الاعتراف الدولي بالاختصاص الشامل والذي يعني ملاحقة الفاعل ومقاضاتة أمام المحاكم الجنائية الوطنية بصرف النظر عن مكان ارتكاب الانتهاك أو جنسية الفاعل أو الضحية نفسها .

٤- اعتبار قاعدة ( أما التسليم أو المحاكمة لمرتكبي الانفال ) قاعدة معترف بها على المستوى الدولي حيث تلزم الدولة في حالة عدم محاكمة فاعل الجريمة بتسليمة للقضاء الدولي بأعتبار هذا الاخير قضاء مكملا للقضاء الوطني وفقا لما جاء في ( نظام روما ) للمحكمة الجنائية الدولية عام ١٩٩٨ .

٥- عدم اعتبار جريمة الانفال من الجرائم السياسية لكونها لا يمكن أن تنضوي تحت غطاء العمل السياسي.

٦- التأكيد على منع جواز منح المتهمين بهذه الجرائم الحماية واللجوء في كافة الدول .

**«يجب تعويض متضرري الانفال من قبل الدولة العراقية كونهم متضررين اسوة بقية الشرائح المتضررة كشريحة السجناء السياسيين ومتضرري رفحاء والشهداء وغيرهم» .**

## القرارات الدولية حول الانفال باعتبارها ابادة الجماعية وعقوباتها

توجد العديد من النصوص الاتفاقية الدولية حول جريمة الإبادة الجماعية أهمها :

١- معاهدة حظر الابادة والمعاقبة عليها لعام ١٩٩٨ .

٢- معاهدة حظر الأبارتهيد لسنة ١٩٧٣ والتي نصت في المادة ( ٢ ) منها على اعتبار قتل أعضاء من مجموعة بشرية جريمة دولية .

٣- مشروع تقنين الجرائم ضد السلام وأمن الانسانية لعام ١٩٩٦ .

٤ - نظام روما بشأن المحكمة الجنائية الدولية لعام ١٩٩٨ والذي دخل حيز النفاذ في عام ٢٠٠٢ .

حق ضحايا جريمة الانفال في التعويض

يقصد بالتعويض دفع مبلغ مالي للضحية عن الإصابات الجسدية أو النفسية أو غيرها من الأضرار المتكبدة جراء الجريمة الدولية المرتكبة ، ويمثل التعويض اعتراف بالأذى الذي حل بهم نتيجة الفعل الإجرامي المرتكب و يتحمل مسؤولية دفع التعويض من حيث المبدأ الشخص المدان أو الجهة التي تتحمل المسؤولية عن أفعاله او من صناديق خاصة بدفع التعويض للضحايا في حالة عدم وجود موارد كافية لدى الشخص المدان لاستغلالها في دفع التعويض وتمثل هذه النقطة أحد المبادئ الأساسية التي وردت في إعلان الأمم المتحدة لتوفير العدالة لضحايا الجريمة و إساءة استعمال السلطة ، إذ جاء فيه حينما لا يكون من الممكن الحصول على تعويض كامل من المحرم أو من مصادر أخرى ، ينبغي للدول أن تسعى إلى تقديم تعويض مالي إلى الضحايا الذين أصيبوا بإصابات جسدية بالغة ، أو أي على أخرى , لأسر الأشخاص المتوفين او الذين أصبحوا عاجزين بدنيا أو عقليا نتيجة للإيذاء ، و خاصة من كانوا يعتمدون في إعالتهم .

ولم تخالف اتفاقية روما هذا المبدأ ، إذ اعتمدت الفكرة نفسها في دفع التعويضات للضحايا ، حيث قررت في الفقرة ٢ من المادة ٧٥ اختصاص المحكمة الجنائية الدولية بأن تصدر أمرا مباشرا ضد شخص مدان تحدد فيه دفع مبلغ مخدد كتعويضات للضحية ، كما أجازت لها أيضا أن تأمر بدفع تلك التعويضات عن طريق الصندوق الاستئماني وفق المادة ٧٩ من النظام الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية حينما كان ذلك مناسبا ، و بالتالي فإن المحكمة لا تلجأ إلى دفع التعويضات عن طريق الصندوق الاستئماني ، إلا إذا عجزت عن دفعها كاملة من أموال الشخص المدان ، أما من غير الصندوق الاستئماني و الشخص المدان ، فلا يجوز للمحكمة أن تصدر أمرا بدفع التعويضات لأي جهة أخرى .

## التوصيات حول متضرري الانفال

١- يجب تعويض متضرري الانفال من قبل الدولة العراقية كونهم متضررين اسوة بقية الشرائح المتضررة كشريحة السجناء السياسيين ومتضرري رفحاء والشهداء وغيرهم .

٢- ان تكون التعويضات مادية ويخصص لها راتب شهري مستمر او مبلغ معين دفعة واحدة وفق القوانين المدرجة ضمن الاتفاقيات العالمية بتعويض متضرري الإبادة الجماعية .

٣- أن تكون لهم امتيازات متعددة اسوة بأقرانهم من ناحية تخصيص قطع الأراضي واكمال الدراسات العليا والوظائف والاولوية لهم كتعويض عما تسبب لهم النظام البائد من اضرار.

٤- وضع قوانين صارمة وعقوبات جديدة لمنع تكرار هكذا جرائم بحق شرائح الأقليات او بقية الشرائح الكردية او العراقية بشكل عام .

٥- معاقبة الجناة الذين ارتكبوا هذه الجريمة ممن لم تتم معاقبتهم من قبل العراق او الدول الموقعة على اتفاقيات حقوق الانسان ومنظمات الأمم المتحدة بخصوص الإبادة الجماعية .

# چۆنێتی بەنێودەوڵەتی کردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان



سالار مەحمود

ڕۆژی ڕوخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە عیراق، هێڵێکی جیاکەرەوە بوو لە مێژووی ئەم وڵاتەدا. دوای ئەو بەروارە زۆرێک لە مرۆڤایەتی ئینجا زانیان چ تاوانێکی دەگمەن و مەترسیدار دەرهەق بە خەڵکی سڤیل و هاونیشتمانیان ئەنجام دراوە.

گۆڕی بەکۆمەڵ لە عیراقدا هەیە، لەسەردەمی حوکمڕانی ڕژێمی بەعس لە ١٩٦٨_٢٠٠٣ زۆرترین کۆمەڵکوژی و زیندەبەچاڵکردن لەلایەن خودی ڕژێمەکەوە دەرهەق بە خەڵکی وڵاتەکە ئەنجام دراوە. لەناو ئەو تاوانانەدا کورد قوربانی یەکەمی ئەو سیاسەتی قڕکردنەیە.

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حسێنەوە لە٩/٤/٢٠٠٣ بەمەبەستی بەهێزکردنی دۆسیەی دادگاییکردنی سەدام حسێن و تاوانبارانی تر لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، ئەمریکاییەکان دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیدا ئەنجام لە ناوچەی محاویل و سەماوەو حەمرین چەندین گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرانەوەو چەند گۆڕێک هەڵدرانەوە. بەڵگەو ئێسک و پروسکەکان کرانە بەڵگەی تاوانی گۆڕی بەکۆمەڵ و کۆمەڵکوژی، بە تایبەتی لە دۆسیەی ئەنفال و بارزانیەکان و فەیلیەکاندا.

پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە ئایا توانراوە پرسی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ببرێتە ئاستی نێودەوڵەتی و لەناوەندە جیهانیەکاندا بناسرێ و بەرپرسیارێتی گەردوونی بۆ دروست بکرێ؟ ئایا هەوڵ دراوە؟ لەچ ئاستێکدا بووە؟ ئایا حکومەتەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان سودیان لە لێکۆڵینەوەو ڕاسپاردەکانی شارەزایانی بوارەکە بینیوە بۆ پرسی ناساندنی جینۆسایدی گەلانی عیراق و گەلی کورد بە دونیای دەرەوە؟

بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆ هەر سێ (کۆنگرەی نێودەوڵەتی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی عیراق(

لەساڵانی ڕابرووددا سێ کۆنگرەی بەناو نێودەوڵەتی بەستران تایبەت بە پرسی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەلایەن هەردوو حکومەت و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەپرسی جینۆساید.

یەکەم :_ لەلەندەنی پایتەختی بەریتانیا یەکەم کۆنگرەی قوربانیانی گۆڕی بەکۆمەڵی عیراق ئەنجام درا. کۆنگرەکە لە ١٦/٩/٢٠٠٦ دەستی پێکرد. بەپێی ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەکە ئامانج لەو چالاکیە، پەیام گەیاندنە بە ویژدانی مرۆڤایەتی و بەگوێدانی هەموو جیهان لەجۆرو مەترسی ئەو تاوانانەی ڕژێمی سەدام حسێن ئەنجامی داوە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم دەقی بەیانی کۆتایی یەکەمین کۆنگرەی قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان وەک خۆی و بەزمانی عەرەبی بخەمە ڕوو:_

واعرب المشاركون في المؤتمر عن ما يلي :

١. نثمن هذه المبادرة التي أطلقها (مركز العراق الجديد للإعلام والدراسات في بريطانيا) وهي الأولى من نوعها في العراق خاصة ومنطقة الشرق الأوسط والعالم الإسلامي عامة ونعبرِّ عن تقديرنا للجهود الكبيرة التي بذلها (المركز ) لإنجاح المؤتمر باعتباره فريداً من نوعه لكونه أول مؤتمر عالمي تعقده جهة غير حكومية رغم مرور أكثر من ثلاث سنوات على سقوط النظام الديكتاتوري البائد في العراق. وكذلك يعتبر هذا المؤتمرالاول من نوعه بسبب طبيعة الموضوعات التي نوقشت فيه ونوع الحضور الذي لم يقتصر على النخب السياسية التي تشكل عادة واجهة المؤتمرات، بل شاركت فيه أيضاً النخب الثقافية والكوادر الأكاديمية وأهالي المقابر الجماعية ومعتقلون نجوا بإعجوبة من الدفن أحياءاً أو من اعدامات جماعية.

٢. نحذر وبقلق شديد من أن المسؤولين عن جرائم الإبادة الجماعية للجنس البشري في العراق مازالوا يتمتعون بالحرية بعيداً عن المحاسبة والعقاب وندعوا لحملة عالمية لاعتقال من مارسوا عمليات القتل الجماعي في العراق وأولئك الذين شاركوا فيها أو أعانوا عليها ممن هم في داخل العراق أو خارجه لضمان أمن الشعب العراقي وإنصاف ألمظلومين وعدم تكرار جرائم ابادة أخرى للجنس البشري في العراق وفي المنطقة.

٣. تحديد يوم في السنة لإحياء ذكرى ضحايا المقابر الجماعية وإبادة الجنس البشري في العراق وتقديم العزاء لإهالي الضحايا وتجديد الإدانة لنظام صدام وحزبه البعثي الفاشستي ، واعتبر المؤتمرون هذا اليوم السادس عشر من آذار - مارس من كل عام هو ( يوم المقابر الجماعية في العراق).

٤. يطالب المؤتمرون جميع الدول وجامعة الدول العربية ومنظمة المؤتمر الإسلامي والمنظمات المختصة بحقوق الإنسان والتي ساهمت وسكتت عن جرائم الابادة الجماعية في العراق في ظل نظام حزب البعث البائد، أن تقدم اعتذارا للشعب العراقي عموماً ولأهالي ضحايا المقابر الجماعية بشكل خاص، إذ أن مهادنة تلك الأطراف للنظام الصدامي السابق كان واضحاً لا لبس فيه.

٥.العمل على جعل مأساة المقابر الجماعية جزءاً من الثقافة العراقية ومناهج التربية والتعليم كتجربة مريرة مر بها العراق قادت إليها أخطاء كثيرة، ولتذكير الاجيال بخطورة الأنظمة الدكتاتورية الطائفية كالنظام الصدامي الدموي.

٦. التأكيد على تطبيق وتفعيل قانون اجتثاث البعث إلى أقصى حدوده وطرد المجرمين البعثيين ممن تلوثت أيديهم بدماء الأبرياء من شعبنا من أي وظائف عليا وحساسة وسيادية وخاصة الأمنية والعسكرية منها لضمان عدم عودتهم لممارسة جرائم أكثر وحشية، ولينالوا جزاءهم العادل جراء ما اقترفته أيديهم وفقاً للقوانيين والعقوبات الجزائية الدستورية.

٧. إقامة مؤسسة بإسم المقابر الجماعية تعنى بإعداد ملف عن المقابر الجماعية من خلال عرض وثائق الإدانة والأدلة القانونية على الإعلام المحلي والعالمي، وتدعم هذه المؤسسة مالياً من قبل الدول الداعمة لإعادة إعمار العراق.

٨. الحفاظ على المقابر الجماعية ومنع نبشها إلا لأسباب توثيقية ومن جهات متخصصة وقانونية وتسيجيها وصيانة ما تعرض من هذه المقابر من عمليات حفر عشوائية وغلقها إلا على الزوار وألمهتمين فقط.

٩. ينبغي إقامة المتاحف تضم مقتنيات الشهداء وملابسهم أثناء عمليات الإعدام الجماعية. وإقامة النصب التذكارية في المدن التي فقدت من أبنائها في هذه الجريمة الكبرى.

١٠. يناشد المؤتمرون جميع الكتاب والمثقفين والفنانين والأدباء بإطلاق حملة إعلامية منظمة وواسعة لفتح ملف المقابر الجماعية. كما يدعو المؤتمرون الحكومة الى تشجيع النتاجات الأدبية كالقصة القصيرة والرواية والعمل المسرحي والتي لها علاقة بمآسي المقابر الجماعية.

١١.يطالب المؤتمرون جميع الدول التي فقدت أعزاءً لها في المقابر الجماعية على يد نظام البائد وحزبه الإجرامي وخاصة الشقيقة الكويت حكومة وشعباً والتي اكتوت هي الأخرى بعدوان وطغيان الإرهاب الصدامي المقيت بأن تمد يد العون والمساعدة بتزويدنا بالوثائق والبيانات الخاصة بالشهداء والتنسيق في هذا الإطار .

لەو یانزە خاڵەی کە لە کۆتایی کاری کۆنگرەکەدا خراوەتە ڕوو بۆ کارو ئەرکی ئاینده. جەختکراوەتەوە لەسەر ڕاپەڕاندنی چەند هەنگاوێک لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی. بەڵام هێشتاو دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو دەیە زۆر لە خاڵەکان هێشتا هەر مەرەکەبی سەر کاغەزن.

ئەم ڕاستیەش ئەوە دەردەخات کە ئەرکەکان ماون و بەرپرسیارێتیەکە کۆن نابێ چونکە سروشتی تاوانەکە کۆن نابێ.

کۆنگرەی یەکەم بۆ ساتەوەختی خۆی گرنگ بوو سەدایەکی زۆری هەبوو کە لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا یەکەم چالاکی بەناوی کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ قوربانیانی گۆڕی بەکۆمەڵ ئەنجام بدرێت.

**«دەسەڵاتی یاسادانان ڕاسپێردراوە بۆ دەرکردنی یاسای قەرەبوکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان. گۆڕە بەکۆمەڵەکان بخرێنە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە ئەم خاڵانە لە گرنگترین ڕاسپاردەکانن کە هێشتا مورەکەبی سەر کاغەزن».**

ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکەم بۆ ئەم ساتەوەختەش زۆرینەیان گونجاون، چونکە بەشی زۆری ڕاسپاردەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

سەبارەت بەم بابەتە دەچینەوە لای ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کەلەشاری نەجەف ئەنجام درا.

ئەمە دەقی ڕسپاردەکانە بە زمانی عەرەبی:-

١. يوصي المؤتمر بإنشاء هيئة عليا للمقابر الجماعية ، تعمل في إطار مؤسسات المجتمع المدني ومنظمات حقوق الإنسان، ويكون لها فروع في أنحاء العراق كافة ، ودعوة الجهد الدولي للتعاون معها .

٢. مطالبة الأمم المتحدة بالاعتراف بجرائم المقابر الجماعية في العراق، واعتبارها كارثة إنسانية، وإبادة جماعية ومأساة أممية .

٣. مطالبة الأمم المتحدة ببناء متاحف ونصب تذكارية في مقراتها ، تخليداً للمأساة ، وليكون عملها مواساة من المجتمع الدولي لذوي الضحايا ، واعتبار يوم ١٦/أيار ( اليوم الوطني للمقابر الجماعية في العراق من كل عام ) يوماً دولياً.

٤. نطالب مجلس النواب العراقي بصياغة مواد قانونية تجرّم كل من يشكّك ويسفّه جريمة المقابر الجماعية .

٥.مطالبة الحكومة العراقية بتخصيص قطع أراضي لإقامة النصب التذكارية باسم المقابر الجماعية بعد إعلان جائزة كبرى لأفضل تصميم فني .

٦. دعوة وزارة الثقافة العراقية إلى تخصيص جائزة سنوية على المستوى الوطني والدولي، بعد الإعلان عن مسابقة أدبية وفنية خاصة بالمقابر الجماعية .

٧.دعوة وزارة التربية ووزارة التعليم العالي والبحث العلمي إلى تضمين مأساة المقابر الجماعية في المناهج التربوية والتعليمية الدراسية وتعريف المتعلمين في المراحل كافة بها.

٨.مطالبة الحكومة العراقية بالإسراع برعاية وتكريم ذوي الضحايا من المقابر الجماعية، مع الأخذ بالحسبان عدد الضحايا ، وحجم الضرر لكل عائلة ، والتنفيذ الكامل لقانون الشهداء رقم ٣ لسنة ٢٠٠٦ م .

٩. دعوة الحكومة العراقية إلى مساعدة الضحايا وذويهم على إقامة شكاوى في المحاكم المختصة على الشركات المسؤولة عن تزويد النظام البائد بأسلحة الدمار الشامل التي استخدمت في إبادة الشعب العراقي والمواد التي تدخل في صناعتها .

١٠. دعوة القوى السياسية الى الإسراع بقانون المساءلة والعدالة.

١١. دعوة الحكومة العراقية لإعداد البنى التحتية للتنقيب عن المقابر الجماعية بتوفير مختبرات فحص الحمض النووي وقواعد البيانات. دعوة المؤسسات التشريعية إلى إنضاج القوانين العراقية النافذة في مجال تأهيل وتعويض ذوي الضحايا والإسراع بإقرار ( قانون التعويضات ).

١٢. نطالب المؤسسات الإعلامية الرسمية وغير الرسمية بإبراز جريمة الإبادة الجماعية على المستوى الوطني والإقليمي والدولي .

١٣. نطالب وزارة النقل والمواصلات بتصميم واستعمال طابع بريدي وطني يخص مأساة المقابر الجماعية .

١٤.نطالب وزارة التخطيط بتثبيت فقرات لمعرفة عدد المفقودين والحالة المادية والاجتماعية لذويهم من خلال الإحصاء السكاني المزمع إجراؤه في العراق .

١٥. تشكيل لجنة لمتابعة تنفيذ توصيات المؤتمر والإعداد للمؤتمر القادم بإذنه تعالى.

کۆنگرەی سێیەمی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە شاری نەجەف ئەنجام درا. بەچەندین ڕاسپاردەی گرنگەوە کۆتایی بەکاەکانی هێنراوە.

لە خاڵی یانزەی ڕاسپاردەکاندا باسی گرنگی فەحسی DNA بۆ کەسوکاری قوربانیان و خودی قوربانیانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان کراوە.

دەسەڵاتی یاسادانان ڕاسپێردراوە بۆ دەرکردنی یاسای قەرەبوکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان.

گۆڕە بەکۆمەڵەکان بخرێنە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە ئەم خاڵانە لە گرنگترین ڕاسپاردەکانن کە هێشتا وەکەرەکەبی سەر کاغەز وان.

سەبارەت بە کۆنگرەی سێیەمی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کەلە شاری هەولێر بەسترا. چەندان کەسایەتی ناوخۆیی و شارەزای دەرەوە بەشداریان کرد، چەندین لێکۆڵینەوەو فیلمی دیکۆمێنتاری پێشکەش کران. بەهەمان شێوەی هەردوو کۆنگرەی ڕابردوو چەند ڕاسپاردەیەک دەرکران. لە گرنگترینیان بریتی بوو لە بەردەوام بوونی دادگای باڵای تاوانەکان لەسەر تەواو کردنی هەموو ئەو دۆسیانەی تاوانی مەترسیدارن و لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنجامدراون. تەواوکردنی سکاڵاکانی پێشکەش بەدادگاکە کراوە. ڕاسپاردنی پەرلەمانی عیراق بەدەرکردنی یاسایەک بۆ سزادانی ئەوانەی گومان دروست دەکەن لەسەر تاوانەکانی جینۆساید و حەجم و قوربانی تاوانەکان. کارکردن بۆ ناساندنی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بە تاوانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان. ئەنجامدانی پشکنینی DNA بۆ کەسوکاری قوربانیانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان.

ئەم ڕاسپاردانە لە گرنگترین تەوەرەکانی کۆنگرەی سێیەمی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بوو. ئەمەش دەقی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سێیەمی گۆڕە بەکۆمەڵەکانە:

١. متابعة التوصيات أمر ذات أهمية كبيرة لتحقيق أهداف المؤتمر لذا قررت اللجنة المنظمة تسمية لجنة متابعة التوصيات و المكونة حصرا من الجهات التي شاركت في الإعداد والتحضير للمؤتمر .

٢. تكليف وزارة حقوق الإنسان في الحكومة الإتحادية والدوائر المعنية باستكمال العمل بالمركز العراقي للمفقودين من أجل الشروع بوضع قاعدة بيانات مفصلة للمفقودين العراقيين .

٣. يطالب المؤتمرون المحكمة الجنائية العراقية العليا القيام بدورها المختص بها بفتح التحقيق في المقابر الجماعية ، وعلى الادعاء العام المكلف بحماية مصالح الشعب القيام بدوره في هذا المجال ، ويطالب المؤتمرون عدم حل أو إلغاء المحكمة .

٤. دعم مؤسسة الشهداء في الحكومة الإتحادية ووزارة الشهداء والمؤنفلين في حكومة إقليم كردستان في السعي لخدمة ذوي شهداء المقابر الجماعية وبما يتناسب و حجم ونوع التضحية التي ضحى بها شهداء العراق عامة و المقابر

# جینۆسایدکردنی کوردستان

## تاوانێک لەڕابووردوو، مەترسییەک لە پێشماندا؟



تەها سلێمان

**بەرخوردێك بۆ چەمكی جینۆساید**

تا ساڵی ١٩٤٤ تاوانی جینۆساید، تاوانێك بوو بەبێ ناو، زۆربەی توێژەرو لێکۆڵەرانیش کۆکن لەسەر ئەو رایەیی جینۆساید چەمکێکی نوێیە بۆ تاوانێکی کۆن، بەو پێیەی پێش ١٩٤٤و لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەندین تاوانی کۆمەڵکوژی و قڕکردن و لەناو بردن ئەنجامدراوە. لە١١-١٢-١٩٤٦ کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بڕیاری ژمارە «٩٦»ی دەرکردو بە پێی ناوەڕۆکی بڕیارەکە «جینۆساید، بەتاوان لە یاسای نێودەوڵتیدا دانراوە«. ناساندن یان ناوزەدکردنی کۆمەڵکوژی بە(جینۆساید) و تەوزیفکردنی لەیاسای نێودەوڵەتیدا، بۆ جاری دووەم و لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی پەرەی پێ دراو لە٩-١٢-١٩٤٨ بەبڕیاری ژمارە «٢٦٠» رێککەوتنامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزدانی تاوانکارو بکەرەکانی لە پاریسی پایەتەختی فەرەنسا دەرکردو ئەم رێککەوتنامەیە لە «١٩» مادەپێك هاتوەو لە ١٢-١-١٩٥١وە کاری پێدەکرێ و تا ئێستا «١٤٧» دەوڵەت واژۆیان لەسەر کردوە. کە تێیدا گرنگترین ماف کەمافی بوون و ژیانە، لە بەندی سێیەم لەجاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٨ پێداگیری لەسەرکراوە دەرهەق بە هەندێ گروپ و نەتەوەو کۆمەڵ، کە ڕوو بەڕووی جینۆساید کراونەتەوە.

بۆ زیاتر بەرچاو روونی، زاراوەی جینۆساید (Genocide) لەدوو بڕگە پێکهاتووە، یەکەمیان (Genos) ی یۆنانی بە واتای رەگەزو دووەم (cide)ی یونانیە، واتای کوشتن دەگەیەنێ بەسەریەکەوە، یان مانای کوشتنی رەگەزی مرۆڤ دەبەخشێت و لە چەمکە بنەڕەتیەکەیدا هەڵگر یاخود مەبەستی کوشتنی بەکۆمەڵ یا قڕکردنە.

بۆیەکەمین جارو یەکەمین کەس کەئەم زاراوەیەیی بەکارهێناو جێگیریکرد (RafalLemkeln) بوو، بەڕەچەڵەك پۆلۆنی و هاوکات هەڵگری رەگەزنامەی «ئەمریکی» بوو، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، پلەی راوێژکاری وەزارەتی جەنگی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێبەخشرابوو. رەنگە ئەوەی زیاتر وای لەو زانایە کردبێ کەبیر لەو زاراوەیە بکاتەوەو بە دیارترین تاوان یان تاوانی تاوانەکان پێناسەی بکات و بیناسێنێت، بەدەرلەوەی کەخۆی شارەزای ئەو بوارە بوە، ئەوەبوبێت کە خانەوادەکەی دوای ئەوەی کەوتنە دەستی «نازییەکان» کۆمەڵکوژکران، وەك سەدان هەزار جولەکە کە جینۆسایدکران.

ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ساڵی ١٩٤٨ دەرچوو دڵنیاییدا، لەسەربنەما نێودەوڵەتیەکان کە دادگای «نوێرنبێرگ»ە دانی پێدا ناوەو داوای دەست نیشانکردنی گشت بنەماکانی کرد کەدانی پێدا ناوە لە«میامی» و دادگای «نوێرنبێرگ»و لەحوکمی «دادگا»وە لەبریاری دووەم.

لەهەمان رۆژدا کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دڵنیاییدا کەجینۆساید لەناوبردنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ و لەناوبردنی مافی ژیانی تاکەکانە لەهەموو توخم و رەگەزەکانی مرۆڤایەتی و لەم بارەشەوە رێکەوتننامەیەك دەربارەی جینۆساید جێبەجێکرا لە ١٢ی کانونی دووەم ساڵی ١٩٥١، «١١٠» دەوڵەت رەزامەندیان لە سەری دەربڕی و وەك ئاماژەمان بۆ کرد دواتر بوو بە «١٤٧» دەوڵەت. لە پێشەکی رێکەوتننامەکەدا دەستنیشانی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانی کردووە لەبەرواری ١٩٤٨/١٢/١١ کەتیایدا هاتووە «جینۆساید تاوانە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، وە پێچەوانەیە لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها جیهانی شارستانی حاشای لێکردووە«. کە هەتا ئێستاش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، وەك مەرجێکی سەرەکی و ئیلتزام لەسەرشانی دەوڵەتەکان دادەنرێت.

لە ساڵی ١٩٥٠ لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی کە سەربەنەتەوە یەکگرتووەکانە پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی دارشت کە پێناسەو شێکردنەوەی بۆ کراوە لە یاسای «نوێرنبێرگ»و ریزبەندی بۆ تاوانی جینۆسایدکردوە، کە لەدژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە، وەك تاوانێك کە بکەرو ئەنجامدەرانی سزای یاسایی دەدرێن بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و لەو پرنسیپانە کە باس لە جینۆساید دەکات، وەکو تاوانێکی سەربەخۆو دژ بە کۆڕو کۆمەڵ و مرۆڤایەتی.

**پێناسەی جینۆساید**

لەبەر رۆشنایی ئەو پێوەرو پێوانانەی کە لەپەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاری جینۆسایدا هاتوون لە «٩»ی دیسمبەری ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە، وەکو بڕیارێکی تایبەت بەژمارە (٢٦٠) بڵاوکراوەتەوە، دەتوانین کۆی تاوانەکانی دژ بە گەلی کورد وەك «ئەنفال، جینۆسایدی بەرزانیەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژی و راگواستنی فەیلیەکان، راگواستنی پشدەرو دەوروبەری، بۆمبارانکردنی قەڵادزێ، راگواستنی سەید سادق، راگواستنی مەخمور، راگواستنی کەرکوك و دەوروبەری، بۆردومانی ئۆردوگای زیوێ، کۆمەڵکوژی ئەشکەوتی دەکان و گوندی سۆریا»و زۆری ترلەسەردەستی حکومەتەکانی عێراق بەگشتی و بەعس بەتایبەت، و لە نوێترینیان «کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی و قەزای شەنگال و دەوروبەری و پێکهاتەکانی وەك مەسیحی و شەبەك و کاکەی، لەسەردەستی داعش» بە جینۆساید بناسێنین، بە پێی ماددەی «٢»ی ئەو پەیماننامەیە کەبەم شێوەیە باس لە جینۆساید دەکات:

جینۆساید هەموو ئەو کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە مەبەستی لەناوبردنی تەواو یان بەشێك لە گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، رەگەزی و ئاینی ئەنجام دەدرێت، بۆنموونە:

١-کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

٢-گەیاندنی زیانی گیانی یا رۆحی ترسناك بەئەندامانی گروپەکە.

٣-بەمەبەست دانانی ئەندامانی گروپەکە لەژێر بارودۆخێکی وادا کەببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێك یان تەواوی ئەندامەکانی.

٤-پێشگرتن لە زاوزێکردن (منداڵ بوون) لە نێو گروپەکە.

٥-دابڕانی بەزۆری منداڵان و گواستنەوەیان لەوگروپە بۆگروپێکی تر»جیاکردنەوەیان لە خانەوادەی خۆیان».

ئەگەر سەرجەم بڕگەو خاڵەکانی پێناسەکە بۆجینۆساید لێکبدرێتەوە، بەتەواوی و بەڕوونی ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە سەرجەم ئەمانە لە شاڵاوەکانی دژبەگەلی کورد لە «کوشتن، لەناودان، ئەنجامدانی تاوان، گەیاندنی زیانی گیانی و مادی، رێگری لە زاوزێ، جیاکردنەوەی ژن و منداڵ لەخێزان، سەودای نامرۆڤانە بە مرۆڤ بەتایبەت ئافرەتان و ژنان و کچان، سووتاندنی ژینگەو دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانی هاوڵاتی سڤیل، سووتاندنی رەزوباخ، سڕینەوەی ناسنامە، هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری» کە لەسەرەوە باسی بەشێکیمان کردو ناومان هێنا بەرامبەر بەگەلی کورد دەچنە چوارچێوەی تاوانی جینۆساید، دژی مرۆیی، جەنگ»ەوە.

هەروەك لەمادەی «٣»ی رێککەوتننامەکەدا باس لەو تاوانانە دەکات کە ئەنجام دەدرێن و پێویستە بکەرو ئەنجامدەرانی سزای یاسایی بدرێن و وەربگرن، ئەوانەش ئەم کاراکتەرانەن:

١-جینۆساید « چەمك و قەبارەی تاوانەکە کە ئەنجامدراوە بە پێی تەواوی پێناسە نێودەوڵەتیەکان بۆ تاوانی جینۆساید»

٢-پلاندانان بۆ تاوانی جینۆساید «ئەوەی کەوا پلانی تاوانەکە دادەنێ«

٣-هاندانی راستەوخۆو ئاشکرا بۆ تاوانی جینۆساید «ئەوەی وا بەئاشکراو راستەوخۆ هانی کردەوەی تاوانی جینۆساید ئەدات».

٤-هەوڵدان بۆ تاوانی جینۆساید «ئەوەی وا هەوڵی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید ئەدات».

٥-بەشداریکردن لە تاوانی جینۆساید «ئەوانەی کەوا بەشداری لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دەکەن، جا لەهەر پلەو پایەو پۆستێکدابن».

بەپوختی، پێناسەی جینۆساید بەپێی بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیاری ژمارە (٢٦٠) بوو لە ١٩٤٨/١٢/٩ دەرکرا، سەبارەت بەوەی کەجینۆساید تاوانێکە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبەزێنێت و دژی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەو لەبەرئەوەی ئەم تاوانە پێشێلکردنی تەواوی مافەکانی مرۆڤەو زۆر ترسناکەو لەدژی مافی ژیانەو تێکدەری ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییە، بۆیە بڕیاری ئەوەی لەسەردراوە کە تاوانێکی دڕندانەو هەڕەشەیە لەدژی مرۆڤایەتی. کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کەپشت بەبەندی»٦»شەشەمی بنەماکانی دادگای «نوێرنبێرگ»دەبەستێت کەجینۆساید واتە رەتکردنەوەی مافی بوونی سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەروەك چۆن نیشانەی رەتکردنەوەی ماڤی بونی ژیانە، ئەویش رەدکردنەوەی دانپێدانانە بەمافی بوون و سوکایەتیکردنە بەسەرجەم مرۆڤایەتی و ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی بەرهەم دێنێ.

هەرلەم بارەیەوە دادگای نێودەوڵەتی «رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان» لە ٢٨-٥-١٩٥١ دا کە هۆکاری دانانی ئەو پەیماننامەیە ئامانجی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە کەجینۆساید مەحکوم بکات و سزای بخاتەسەر، وەك تاوانێك لە یاسای نێودەوڵەتیدا. کەواتە جینۆساید تەنیا فەوتاندنی فیزیکی کۆمەڵێ خەڵکی نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئاینی و ڕەگەزی نیە بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەرکۆی مرۆڤایەتی.

جگە لە رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨، رێکەوتننامەی رۆمای ١٧ی تەمووزی ١٩٩٨مان هەیە، کە لە ٢٥ی سێپتەمبەری هەمان ساڵ دەنگی لەسەردراوەو بوە بە بنەما بۆ دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەمەش لەبەر رۆشنایی رێکەوتننامەی ١٩٤٨. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٠٢ هەزار دامەزراوەو دەستی بەکارەکانی کردوەو تا ئێستا زیاتر لە ١٢٠ دەوڵەت رێککەوتنامەی رۆمای ١٩٩٨ ی واژۆکردوە. ئەتوانین بڵێین دادگای تاوانی نێودەوڵەتی یەکێکە لە هەوڵە شلگێرو نوێییەکان بۆ روو بەڕوو بوونەوەی تاوانەکانی «جینۆساید، مافی مرۆڤ، دووژمنکارانە«و هاوکات زەمینە سازییەکی تەواو نێودەوڵەتیە بۆ رێگە گرتن لە ئەنجامدان و دووبارە بوونەوەی تاوانی جینۆسایدو هاوشێوەیەکانی لە هەر شوێنێکی دنیا بێت.

**ئەوتاوانانەی کە لەلایەن حکومەتی عێراق «بەعس»و پێش بەعسیش ئەنجام دراوە، بە پێی هەموو یاساو پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، لەیەك کاتدا (تاوانی جینۆساید، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ)ە.**

ئەوەتانێ لە مادەی «٥»ی رێککەوتنامەکەدا، بەم شێوەیە ئەرك و تایبەتمەندییەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی چڕدەکاتەوەو دەست نیشانی دەکات:

یەکەم: تاوانی کۆمەڵکوژی «جینۆساید»

دووەم: تاوانی دژی مرۆڤایەتی

سێیەم: تاوانی جەنگ

چوارەم: تاوانی دووژمنکارانە.

کە هەر یەك لە تاوانەکانی «جینۆساید، دژی مرۆڤایەتی، جەنگ» لە رێککەوتنامەی ساڵی ١٩٤٨ بە روونی دەست نیشان کراون و لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، بەڵام تاوانی دووژمنکارانە چەمکێکی تازەیە بۆ تاوانێك کە دەوڵەتێك یان لە دەوڵەتێك زیاتر دژی دەوڵەتێکی تر بە شێوەیەکی دووژمنکارانە «عدوانی» ئەنجامی دەدات، بۆ ئەمەش یاساو پێوەر بۆ ناسینەوەی تاوانەکەو سزادانی بکەرەکەی دانراوە.

ئەوەی کە زۆر گرنگەو پێویستە بەوردی قسەو گفتوگۆی لەبارەوە بکرێ، ئەوەیە هەر وڵاتێك واژۆی لەسەر رێککەوتنامەی رۆمای ١٩٩٨ نەکردبێت، نەبوەتە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی؟ ئەمەش دەستی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەستوە، کەبتوانێ لە وڵاتێکا کە ئەندامی دادگا نەبێت و ئەو تاوانانەی سەرەوە بە جینۆسایدیشەوە تیایدا ئەنجام بدرێ، بتوانێ دەوڵەت و سەرانی دەوڵەتەکە راپێچی بەردەم دادگاکە بکات بۆ لێپێچینەوەو سزادان؟ بۆیە تا ئێستا دەیان دەوڵەت، لە نێویاندا دەوڵەتی عێراق، بان روونتر ئەو چوار دەوڵەتی کوردستانیان داگیرکردوە «عێراق، سوریا، تورکیا، ئێران» ئامادەنین هەم رێککەوتنامەی رۆما واژۆ بکەن و هەمیش ئینزمام بکەن بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی؟ ئەمەش لەلایەك نیەتی بەردەوامی ئەو دەوڵەتانە بۆ جینۆساید دووپات دەکاتەوەو لەلایەکی تریش کورد هەمیشە لە چوارچێوەی مەترسییەکی چاوەڕوانیدایە بۆ دووبارە بوونەوەی تاوانی جینۆساید لەدژی لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانی نیشتمان و خاکەکەی؟

با لێرەوە بەکورتی باسی تاوانەکانی جینۆساید دژی کوردو کوردستان لە «باشور» بکەین و دواتر هەموومان سەرپشکین بەراوردیان بکەین بە پێی ئەو یاساو رێسایانەی کە لەسەرەوە باسمانکرد؟

کورتەیەك لە مێژووی ئەنجامدانی جینۆساید لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، دەیان وێستگەی ئەنجامدانی جێنۆساید «کۆمەڵکوژی و تاوان» بوونی هەیەو ئەنجامدراوە، رەنگە درووست بێت لێرەدا ئاماژە بە چەند وێستگەیەکیان بکەین لەوانە

-»جینۆسایدی هندیە سوورەکان کە لە کۆی زیاتر لە «٥٠» ملیون بۆ «٩٠» ملیۆن کەس ئێستا لە سەرتاسەری جیهان نزیکەی «٤ بۆ ٥» ملیۆن کەسیان لێماوەتەوە

- هۆڵۆکۆست کە جینۆسایدی جولەکەکانە چەندین ملیۆن کەسیان لەلایەن نازییەکانەوە لێ کۆمەڵکوژکراوە، بۆ نموونە تەنها لە وڵاتی پۆڵۆنیاو لە شاری «ئاوش فێچ» زیاتر لە «١» ملیۆن کەسیان لێکۆمەڵکوژو بە سەدان هەزاریان لێ کەم ئەندام کراوە، ئەمە جگەلە شوێنەکانی تر وەك «ئەڵمانیاو سویدو نەمسا»و هتد.

- هێرشی کیمیاوی بۆ سەر هێرۆشیماو ناکازاکی، یان جینۆسایدی هێرۆشیماو ناکازاکی کەلەلایەن وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتی یابان ئەنجامدراو زیاتر «١٤٠» هەزار کەس لە هێرۆشیما، ٨٠ هەزار کەس لە ناکازاکی بوون بە قوربانی.

- جینۆسایدی ئاشوریەکان لە عێراق کە ژێدەرو سەرچاوەکان ئاماژە بە کۆمەڵکوژکردنی هەزاران ئاشوری دەکەن لە سەرەتای ساڵانی سییەکاندا، تەنها لە بەر هۆکاری ئاین و زمان و جیاوازییان.

- یان جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٥و دوای جەنگی جیهانی یەکەم کە خۆی لە زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو دەدا.

- هەروەك لە مانگی ٣و ٤-١٩٩٤ کۆمەڵێك لە سەرکردەی توندڕەو لە کۆمەڵەی «هۆتۆ»، کە نوێنەرایەتی زۆرینەیان لە رواندا دەکرد، شاڵاوی کۆمەڵکوژی «جینۆساید»یان لە دژی کەمینەی ئەو وڵاتە «توتسی» دەست پێکردو لە ماوەیەکی دیاریکراو کە «١٠٠» رۆژی تێپەڕنەکرد

**.... درێژە بۆ ل (١٥)**

# پاشماوە ... جینۆسایدکردنی کوردستان

، نزیکەی «٠٠٠، ٨٠٠» هەزارکەسیان کوشت و بەهەزاران ئافـرەت روو بە ڕووی ئازارو ئەشکەنجەو دەست درێژی سیکسی بوونەوە.

جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان

-مەعلومیشـە گەلـی کوردسـتان لـە هەرچوارپارچەکـەی «باشـوور، باکـوور، رۆژهـەڵات، رۆژئـاوا» قوربانی سیاسـەتی جینۆسایدی رژێمە داگیرکەرەکانی بوە وەك «عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا».

لە عێراقدا «باشـووری کوردستان» جگە لە ڕاگواسـتن و دەربەدەرکردنی سەدان هەزار خێزان لـە شاروشـارۆچکەکانی «کەرکوك، خانەقین، موسڵ، شەنگال، بەدرەو جەسان، خوورماتـوو، مەخموور»و تێـك و پێکدانی هـەزاران گووند، دیارترین و ترسـناکترین وێسـتگەکانی جینۆسـاید ئەمانەی خوارەوە بوون:

- جینۆسـایدی بەرزانیـەکان کـە زیاتر لە «٩٠٠٠» هەزارکەسیان لێ جینۆسایدکرا.

- جینۆسـایدو دەربەدەرکردنـی کوردانـی فەیلی کە بە «٧٠٠» حەودسـەد هەزار کەس ئەژمارو تۆمارکـراون، و ٢٥ هەزار گەنجیان چەکی کیمیاوییان بەسەردا تاقی کراوەتەوە.

-کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـە کەجگـە لەجینۆسـایدکردنی «٥٠٠٠» هـەزار کەس، بە هەزارانی تریشـی کەم ئەندام کرد، و تا ئێستاش کاریگەری جۆراو جۆری لێدەبێتەوە.

- شاڵاوەکانی ئەنفالی ١٩٨٨ کە «١٨٢» هەزار مرۆڤی زیندە بەچاڵ و جینۆسایدکرد»، ئەمە جگـە لە چەندین شـاڵاوی تری جینۆسـاید کە قوربانییەکانـی بە دەیان هەزار ئەژمارو تۆمارکراون.

-جینۆسـایدی ئۆردگای زیوێ، جینۆسایدی ئەشـکەوتی دەکان، جینۆسـایدی گوونـدی سۆریا، جینۆسـایدی مەسیحییەکانی قەزای سمێڵ.

-جینۆسایدی شـاری سەردەشت (هێرشەکە لـە رۆژی ٢٧-٦-١٩٨٧ کاتژمێـر «٤»و پانزە خولەکی دوانیوەڕۆ دەستی پێکردوە، سەرەتا دەرکەوتنـی فرۆکـە جەنگیەکانـی عێراق و دواتریـش خەڵك لـە پێناوی خۆپاراسـتن زۆربەیان بـەرەو پەناگەکانیان دەڕۆن، رێك لەم کاتەدا دوور لە هەموو بەها مرۆییەکان و یاسـاو رێسـا نێودەوڵەتیـە مەدەنـی و جەنگییـەکان، چەندیـن بۆمبـی کیمیـاوی بەسـەر شـارەکەدا دەبارێنـن و خەڵتانـی خوێن و مەرگی دەکـەن. هەروەك زیاتر لە سەرچاوەیەك باسی ئەوە دەکەن کە لەکاتی کیمیابارانکردنـەدا «١١٤» هاوڵاتـی گیـان لەدەست دەدەن و هەزارانی تریش بریندار دەبـن. ئەگەرچـی پێچەوانـەی ئـەو ژمارە «١١٤» هاوڵاتی شـەهید، لە بەڵگەنامەیەکی بەعسـدا هاتوە کە ژمارەی ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە «١٥٥»).

- لە تورکیاشـدا «باکوری کوردستان» تەنها لە سـاڵی ١٩٢٥ بۆ ١٩٢٨ لـە «١٢» ناوچەی کـورد نشـین «٨٢٤٣» هەشـت هـەزارو دووسەدوچل و سـێ گووند خاپوورو وێران کراون و «١٣٧٨٨» سیانزە هەزارو حەوسەدو هەشـتاو هەشت کەسـیش جینۆسایدکراون. لە سـاڵی ١٩٣٧ «١٠» هـەزار هاوڵاتی و لە ساڵی ١٩٣٨ «٦» شەش هەزارو «٨٦٨» کەس جینۆسـایکراون، کـە ئەمە بەجینۆسـایدی «دەرسیم» ناوبانگی دەرکردوە. ئەمەجگە لە جینۆسـایدی «خاك و کلتوورو زمان» کە لە ١٩١٤وە بۆ ئێستا بە شێوەیەکی سیستماتیك و بەرنامە بۆداڕێژراو بەردەوامی هەیە.

- لـە سـوریادا «رۆژئاوای کوردسـتان» لە سـاڵی ١٩٤٦وە بە شـێوەیەکی سیسـتماتیك جینۆسـایدی گەلی کورد دەسـتی پێکردوە، بۆنموونە هەرلەوسـاڵەدا «١٥٠» هەزار کورد بە بێگانـە لە قەڵـەم دران و ناسـنامەیان لێسـەندرایەوەو لـە سـاڵی ١٩٤٥ تـا ١٩٥٨ «١٥٠٠٠» هەزار خێزانی عەرەب دەهێنرێتە ناوچە کوردییەکان و نیشتەجێدەکرێن، ئەمە جگە لەوەی لـە «٩٠٪»ی خێزانە کوردییەکان ناسـنامەی کوردبوونیان لێوەردەگیرێتەوەو بـە زۆر دەکرێن بـە عـەرەب، بۆنموونە لە پارێـزگای جەزیـرەدا «٢٠٠» هـەزار کورد ناسـنامەی نەتەوەییـان لێدەسـەنرێتەوە، هاوکات بە بیانووی پشـتێنەی ئەمنی سنوور «٦٠» هەزار کوردی تر بێناسـنامە دەکرێن، بەهەزاران جوتیاری کـورد لە گوندەکان بە زۆرە ملـێ هەڵکەنـدراون و راگوێزراون و شوێن و جێگاکانیان بە عەرەب پڕ کراوەتەوە.

- ئەگەریـش بمانـەوێ نموونـە ئێـران «رۆژهەڵاتـی کوردسـتان» وەربگرین ئەوە بەسـە کە ئەوە بخەینە روو، تەنها لە ماوەی دەسـڵاتی «١٢» سـاڵی کۆماری ئیسـلامی ئێرانـدا «لـە ١٠٧٩ بـۆ ١٩٩١ «٥٠» هەزار کـورد بە تاك و کۆمـەڵ و گرووپ کوژراون و جینۆسـاید کـراون، لـە سـاڵی ١٩٩١ بۆ ئێسـتا ٢٠١٤ زیاتـر لـە «١٠٠» هەزارکەس لـە سـێدارەدراون و کۆمەڵکوژکراون، ئەمە جگە لە سیاسـەتی چۆڵکردن و راگواسـتنی ناوچـە کوردسـتانیەکان کـە بە هـەزاران کونـد ئەژماردەکرێـن و تۆمارکـراون و دانیشتوانەکەشی ناچاری جۆرەها سیاسەتی کوشـتن و بڕین و برسیکردن و ڕاگواستن و هەڵاتن کراونەتەوە.

- نوێتریـن کـردەی جینۆسـاید لـەدژی ئێزدییـەکان لە سـەرەتای مانگـی ٨-٢٠١٤ لەلایەن دەوڵەتی ئیسـلامی لە عێراق و شام «داعش» لە ناوچەی شـەنگال و دەوربەری ئەنجامدرا.

واژۆنەکردنی ڕێککەوتننامەکان؟

رێکەوتنامـەی ١٩٤٨ و رێککەوتننامەی رۆما ١٩٩٨، دوو لـە ڕێککەوتننامـە گرنگەکانـی تایبـەت بـە ڕێگریکردنـن لـە تاوانەکانی «جینۆسـاید، تاوانی دژی مرۆیـی، تاوانی جەنگ» و نوێترینیشیان تاوانی دووژمنکارانە. کە لە بەشەکانی سەرەوە هەندێ وردەکاری ئەو دوو ڕێککەوتنەمان باسکرد وەك بەرچاو ڕوونی. ڕەنگە لێرەدا پێویست بێ ئەو پرسیارە دووبارە بکەینەوە: بۆچی ئەم دوو ڕێککەوتنە گرنگن؟ گرنگی واژۆکردن و پەیوەست بوون بەم دوو ڕێککەوتنە چییە؟

تا ئێسـتا کە باسی مەترسـییەکانی دووبارە بوونـەوەی تاوانەکانـی «جینۆسـاید، دژی مرۆیـی، تاوانـی جەنـگ، تاوانـی دووژمنکارانـە« ئەکەیـن، یەکەمین خاڵ کە لەپێشـچاوی ئەگرین و پێویسـتە لەسـەری ڕاوەستین، ئەوەیە کە هەر یەك لەو وڵاتانەی کوردسـتانیان داگیرکردوەو تـاوان لە دژی دانیشـتوانەکەی ئەنجام ئـەدەن، «عێراق، تورکیـا، سـوریا، ئێـران»ن و هیچکامیـان واژۆیـان لەسـەر ڕێککەوتنـەکان نەکردوە، یـان لەسـەرەتاوە ئەوانەشـیان واژۆیـان لەسـەر ڕێککەوتننامـەی ١٩٤٨ی نەتـەوە یەکگرتوەکان کـرد، دواجار لێی پەشـیمان بوونـەوەو ئیلتزامیان بە واژۆکانی خۆیانەوە نەکرد، چجای ئەوەی ڕێککەوتنامەی ڕۆمای ١٩٩٨ کە نوێترینیانەو تا ئێستا نەك واژۆیان لەسـەری نەکـردوە، بەڵکـو نەیانتوانیـوە ئامادەیی گفتوگۆشی لەبارەوە دەربڕن.

بۆیـە هەتا ئەم دەوڵەتانە ئیلتزام نەکەن بەو دوو ڕێککەوتنە بەتایبـەت ڕێکەوتنی رۆماو واژۆی لەسـەر نەکـەن و نەبنـە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، مەترسـییەکانی دووبارە بوونەوەی تاوانی جینۆسایدو تاوانی دژی مرۆیـی و تاوانـی جەنـگ و تاوانـی دووژمنکارانە، لە ئەگەرە هەرە بەهێزەکانەو بۆی هەیە لە هەموو کات و سـاتێك دووبارە بێتەوە، وەك ئەوەی لەسـەر دەسـتی ڕژێمە یـەك لـەدوای یەکەکانی تورکیـاو ئێران و عێراق و سـوریا لـەدژی گەلی کوردسـتان بە گشـتی و گەلی کورد بـە تایبەت ئەنجام ئەدرێن.

**دەرەنجام**

لەم گەڕان و پشـکنینەماندا، لەسەردۆسیەی تاوانـی جینۆسـایدکردنی گەلـی کـوردو کوردسـتان وەك نەریتـی پشـکنین، بەپێویسـتمان زانی ئـەم دەرەنجامانە وەك بۆچـوون بخەینـە ڕوو، چونکـە لەکۆتایـدا یارمەتیمان دەکات بۆ تێگەیشتن و کارئاسانی لـە ئامانجـی کردەوەکەو جـۆرو قەبارەی تاوانەکە، بەتایبەت لە باشووری کوردستان:

یەکـەم: ئەوتاوانانەی کە لەلایەن حکومەتی عێراق «بەعـس»و پێش بەعسـیش ئەنجام دراوە، بـە پێـی هەمـوو یاسـاو پێـوەرە نێودەوڵەتیـەکان، لەیـەك کاتـدا «تاوانـی جینۆسـاید، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ»ە.

دووەم: ئامانـج لە ئەنجامدانی ئەم تاوانانە لەلایـەن حکومەتـی عێـراق، لەناوبردنـی ناسـنامەی کوردبـوون بـوەو ئەمەشـی بەشێوەیەکی سیستماتیك و پلان بۆ دارێژراو ئەنجام داوە.

سـێیەم: تاوانـەکان لەسـەربنەمای ئایدۆلۆژیـای پـان عەرەبیـزم و لەهەندێ شـوێن و جێگا بەباڵادابڕینی بەرگی ئاینی و بە سوود وەرگرتن لێیان ئەنجامدراوە.

چـوارەم: لەچوارچێـوەی ئەنجامدانـی تاوانەکانـدا، بـە دەیان هـەزار «پیاو، ژن، مناڵ، پیر» لـە خەڵکی سـیڤیل کۆمەڵکوژو زیندە بەچاڵکراون.

پێنجەم: لەپەلامارو شاڵاوەکانی ئەنجامدانی تاوانەکاندا، زیاتر بەهەزاران گوند یەکسانی زەوی کراوەو بەهەزاران رەزو باخ سوێنراوەو هەزاران سەرچاوەی ئاو کۆر کراونەتەوە.

شەشـەم: جگەلە بەڵگەنامـەکان، لە زمانی تاوانبـارەکان خۆیانـەوە بەڕوونـی دان بە تاوانەکان و ئەنجامدانیدا نراوەو پشتڕاست کراوەتـەوە بۆنموونـە «دۆسـیەی ئەنفال، هەڵەبجە، بەرزانیەکان، فەیلیەکان».

حەوتـەم: لـەدوای تاوانەکـە، چەندیـن کاریگـەری ئابـوری و کۆمەڵایەتـی و دەروونـی، لەنێوکەس و کاری قوربانیەکانی تاوانەکە سـەریان هەڵداوەو بە ئێستاشەوە ئامادەبونیان هەیە.

هەشـتەم: سـەرەڕای ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکانـی عێـراق، بەفەرمـی بڕیدارەوە «تاوانی ئەنفـال، تاوانـی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، تاوانی جینۆسایدکردنی فەیلیەکان، تاوانـی جینۆسـایدکردنی بەرزانیـەکان» تاوانی «جینۆسـاید، تاوانـی دژی مرۆیی، تاوانی جەنـگ»ە، و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سـەرۆکایەتی کۆماری عێراق، ئەم بڕیارەیـان پشتڕاسـت کردوەتـەوە، کەچی هێشتا حکومەتی عێراقی ئامادە نیە ئیلتزام بەناوەڕۆکـی بڕیارەکە بە قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتـوان و داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان و کەس و کاری قوربانیان.

نۆیەم: لەبارەی دۆسـیەی ئەنفال، تا ئێسـتا جگە لـە «٦» تۆمەتبـارو تاوانبـار، «٤٢٣» کەس کەلەلایەن دادگای بـاڵای تاوانەکانی عێراقەوە، بە تۆمەتی بەشداری لە پەلامارو شـاڵاوەکانی ئەنفال داواکراون، رادەسـتی دادگا نەکران یان تەسلیم نەبوون و دادگایی نەکراون، و لەعێراق و هەرێمی کوردستان بە ئازادانە دەسـوڕێنەوە. ئەمە جگە لە سەدان تۆمەتبـاری تر، کە لەلایـەن دادگاوە بەهیچ شـێوەیەك باس نەکراون و ناویان نەهاتوە. ئەمە بۆ دۆسـیەی هەڵەبجەو فەیلییەکان و بارزانیەکانیش هەر ڕاستەو وایە.

دەیەم: سـەرەڕای هەوڵی دڵسۆزانەی تاك، هێشـتا کارکـردن لەبـواری لێکۆڵینـەوەو ئەرشیفکردن لە بارەی تاوانەکانی جینۆسایدو کیمیابـاران، بە شـێوەی دەزگایی بونی نیە، ئەمەش یەکێکە لە گرفت و کێشـەگەورەکانی دۆسیەی دکیۆمێنتکردنی تاوانەکان.

یانزەیـەم: جگـە لە هەوڵـی پچڕپچڕو دان پیانانی چەند دەوڵەتێـك بەتاوانەکان وەك جینۆسـاید بۆ نموونـە «بەریتانیا، سـوئید، فلەندا، کۆریای باکـور، بەلجیکا، هۆڵەندا»، وڵاتانـی دنیـاو نەتەوەیەکگرتـوەکان و ئەنجومەنی ئاسـایش، بەشـێوەی فەرمی و نافەرمـی تاوانەکانیان وەك جینۆسـاید دژ بەگەلـی کوردو کوردسـتان نەسـەلماندوەو نەناسیوە.

دوانزەیـەم: بـە دەیـان تـەن بەڵگەنامەی «نوسراو، بینراو، بیسـتراو» جگە لە قسـەی زارەکـی سـکاڵاکارو شـایەتحاڵ و تاانبارو تۆمەتبارەکان هەیە لەسەر تاوانەکان، بەڵام تـا ئێسـتا کەمترین رێژەی لـێ پارێزراوەو هاوکات کەمترین کارو پشکنینی لەسەرکراوە.

سـیانزەیەم: زۆربـەی هـەرە زۆری گـۆڕە بەکۆمەڵەکانـی تاوانەکان، لە ناوەڕاسـت و خوارووی عێراقن، تا ئێسـتا کەمترینیان لێ هەڵدراوەتەوەو رووفاتەکانیان هێنراوەتەوە بۆ کوردستان.

چواردەیـەم: هێشـتا حکومەتی عێـراق، نە بەفەرمـی داوای لێبوردنـی لـە گەلی کورد کـردوەو نـەش ئامادەیە قەرەبـووی زیان لێکەوتوانـی چوارچێـوەی تاوانەکە بکاتەوە وەك میراتگـرەوەی حکومەتـی پێشـووی عێراق.

تێبینی: وەك ئامانەت پێویسـتە ئاماژە بەوە بکـەم کە بۆ ئەم باسـە چەندین سـەرچاوە بـەکار هاتـوەو ئەمەی بەردەسـت کورتەی باسەکەیەو لەکاتی پێویسـت و تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکـە هەمـوو سـەرچاوەکان بـە پەراوێزەوە ئەنووسینەوە.

# پاشماوەی..... چۆنێتی بەنێودەوڵەتی کردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

الجماعية خاصة و إنضاج التشريعات المتعلقة بالهيكل الإداري و القانوني والمالي لهذه المؤسسات .

٥. إضافة تضحية الشعب العراقي في الإبادة الجماعية أيام نظام البعث المقبور ضمن المناهج التعليمية لوزارة التربية ووزارة التعليم العالي والبحث العلمي في العراق وفي إقليم كردستان و تكليف لجنة متابعة التوصيات للاتصال بالوزارات المعنية و اتخاذ الاجرءات اللازمة في هذا المجال.

٦.دعم إجراءات الهيئة الوطنية العليا المسقلة للمساءلة و العدالة و بما يكفل حماية القطاع العام ممن ساهموا بتلك الجرائم البشعة التي ارتكبها النظام السابق بحق الشعب العراقي.

٧.الاتصال بلجنة الشهداء و لجنة حقوق الإنسان و اللجنة القانونية في البرلمان العراقي لتشريع قانون يجرم كل من يشكك بتضحيات الشعب العراقي في المقابر الجماعية و الأنفال أو يستخف بها أو يقدم معلومات غير دقيقة عنها إلى الرأي العام ، و استصدار قرار يعتبر جريمة المقابر الجماعية في العراق ، جرائم ضد الإنسانية وإبادة جماعية .

٨. العمل على حصول اعتراف دولي بجرائم المقابر الجماعية في العراق من خلال جهود حكومية أو أي جهات عراقية أو صديقة يمكن من خلالها تحقيق هذا الهدف .

٩. تكلف لجنة متابعة التوصيات بالاتصال بوزارة الثقافة من اجل أن تكون تضحيات العراقيين حاضرة في جميع المشاركات والأنشطة الثقافية داخل و خارج العراق، و على لجنة متابعة التوصيات التواصل مع الفعاليات الثقافية كنقابة الفنانين و الصحفيين و اتحاد الأدباء و العمل على إنتاج مشاريع ثقافية و فنية توثق لمرحلة التضحيات العراقية في سبيل الإنسانية مع الإشارة أن المشاريع المنجزة لحد الآن لا تلبي الطموح ولا تتلاءم و حجم التضحية.

١٠.الاتصال بمؤسسات العدالة الانتقالية في العراق و في الخارج من اجل دفع عجلة العدالة الانتقالية في العراق إلى الإمام و العمل على تأهيل الإفراد و المجتمع لتجاوز تحديات المرحلة مع الأخذ بعين الاعتبار التأخر الحاصل في هذا المجال على المستوى الوطني و بحث قضية تشكيل مجلس العدالة الانتقالية في العراق لتنسيق جهود مؤسسات العدالة الانتقالية للعمل المشترك في هذا المجال المهم.

١١. دعوة الحكومة العراقية الى تكثيف الجهود من أجل جلب مختبرات (DNA) وتأهيل كوادر وطنية لاستعمالها ، استكمالاً للإجراءات الفنية الخاصة بملف المقابر الجماعية .

١٢. حث الحكومة العراقية على التوقيع على الاتفاقات الدولية التي من شأنها منع تكرار جرائم الإبادة الجماعية .

١٣. حث الحكومة على التعاون مع منظمة البحث عن المفقودين الدولية (ICMP) في مجال التحقيق والبحث عن المفقودين .

المؤتمر الدولي الثالث للمقابر الجماعية في العراق

أربيل ١٧-١٩ نيسان ٢٠١١.

ئاکام ئەم راسپاردانە دەتوانرێ چەند جارێکی ترو لـە بۆنەی جیاوازدا ببنە داخوازی گشـتی لـە پێناو بەنێودەوڵەتی کردنی دۆسـیەی گۆڕە بەکۆمەڵـەکان و بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی گەلی کوردستان بەتایبەتی و قەرەبوکردنەوەی ئـەو زوڵمـە گەورەیەی لەو خەڵکە سـڤیلە کرا بەتایبەتی لە شاڵاوەکانی ئەنفال و تاوانەکانی تری کۆمەڵکوژیدا لە عیراق.

# پرس

سەرپەرشتیارانی ڕۆژنامە :

لاوان ئەحمەد -کاروخ عمر

ڕۆژنامەیەکی تایبەتە بە پرسی ئەنفال و جینۆساید

ژمارە (١) ٤/١٤/ ٢٠٢١


## غیرەتی سەگێک و خیانەتی جاشە تاڵانچییەکان
## چیرۆکێك لە پرۆسەکانی جینۆسایدی ئەنفالی (٣)ی گەرمیانەوە



**ڕەفعەت محەمەد ڕەشید**

پرۆسەکانی جینۆسایدی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ کە بە هەشت قۆناغ ونزیکەی ٨ مانگ بەردەوامبوو، بە هەزارەها چیرۆکی تراژیدیای دڵتەزێنی تێدایە کە ڕەنگە هەر دڵی کورد بتوانێت بەرگەی ئەو تراژیدیایە بگرێت . جینۆسایدی ئەنفالی ٨٨ تونها پرۆسەیەکی سەربازی نەبوو کە سوپای ڕژێمێکی سەرکوتکەر و چەککراو بە نوێترین و پێشکەوتووترین کەرەستەی سەربازی لەوڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبیش ئەنجامی دابێت لە دژی میللەتێك کە بەتەنها بەرگرییەکی سادەی لۆکاڵی بەرگەی ئەو هێرشە سەربازییەی دەکرد . لە پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفالدا , بە هەزارەها گوند ڕوخێنران وتاڵان کران کە بەداخ و حەسرەتێکی گەورە بەشێك لەو تاڵانچییانە جاشە کوردەکان بوون .

چوار ساڵ لە پاش پرۆسەی ئەنفال ولە ماڵێکی سارد و سڕی نەبوونەیی زستانی ساڵی ١٩٩٢ (پوورە ئامینە) م بینی و هەوڵم دا کەمێك لەو بێ دەنگیە هەمیشەییەکەی بشکێنم و هەندێك باسی گوندەکەیان و ساتەوەختی مەحشەری ئەنفالم بۆ بکات دوای چاوەڕوانییەکی چەند خوولەکی، ئاوڕییەکی دایەوە . وتی , باسی چیت بۆ بکەم ؟ باسی من قەت تەواو نابێت و دەرد و خەفەتم زۆرە،بەس ئێ[ستا با باسی شتێکت بۆ بکەم و منیش لەدەم جاشێکی ناسیاوی خۆمان بیستوومە،دوای چەند ڕۆژێك لە ئەنفال و چۆڵکردنی ئاواییەکەمان ،سەگەکەمان بە تەنها مایەوە لە ناو حەوشەی خانووەکەمان بێ نان و ئاو وخزمەتێك وادیارە کە دڵنیا بووە ئاوایی چۆڵە وکەسی تێدا نەماوە , ئەو سەگە حەرەسیاتی خانووەکەی دەکرد ، دوای چەند ڕۆژێك هێزەکانی سوپای عێراق و فەوجەکانی خەفیفەی جاشەکان دەچنە نێو ئاوایی بۆ پشکنین و تاڵان کردن و ئەوەی دەستیان کەوت لەناو ماڵەکاندا هەموویان دەبرد بۆ خۆیان ،کاتێك جاشەکان و سەربازانی سوپای عێراقی دەچنە نێو حەوشەی خانووەکەمان، سەگەکە دەوەڕێتە جاشەکان وسەربازەکان ناهێڵێت بچنە نێو ژوورەکان ودەست بە دزین و تاڵانی بکەن . سەرەتا جاشەکان بەرد دەگرنە سەگەکە بۆ ترساندن ودوورکەوتنەوەی , بەڵام سەگەکە کۆڵ نادات زیاتر ڕێگرییان لێ دەکات،ئەمجارە جاشەکان تەقە دەکەنە دەوروبەری سەگەکە بۆ زیاتر ترساندنی بەڵام سوودی نابێت و سەگەکەش دەست دەکاتە پەلامارێکی توندی جاشەکان ودواجاریش یەکێك لە جاشەکان پاڵەوان ئاسا یەك سەلەی فیشەك دەنێتە سەگەکە وخەڵتانی خوێنی دەکات و دواتر جاشەکان بەئاسانی دەچنە نێو ژوورەکان بۆ دزین و تاڵانی، لە بیستنی دەنگی تەقەکردن ئەفسەرێکی سوپا خۆی دەگەێنێتە ئەو شوێنە بەشێك لە سەربازەکان ئەو ڕووداوە بۆ ئەفسەرەکەی خۆیان دەگێڕنەوە ئەفسەرەکەش کە دیمەنی سەگە کوژراوەکە وجاشە تاڵانچییەکان دەبینێت هیچ قسەیەکی بۆ نایەت وەك وەی لە ناخەوە بڵێت , خۆزگە ئێوەش غیرەتی ئەو سەگە بەوەفایەتان هەبوایە , پوورە ئامینە بە خەسرەتەوە کۆتایی بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە هێنا ، ساڵ هات و ڕۆیشت( پوورە ئامینە) کۆچی دوایی کرد و بە حەسرەت و بێ دەنگی و بەئاواتی گەڕانەوە و بینینی کوڕ و کچ و کوڕەزا و کچەزاکانی سەری نایەوە، بەشێك لە جاشەکانیش ساڵانە لە بەهاردا بەو گوندانە گەشتی بەهارانە دەکەن و هەندێکیانیش ڕەنگە خاوەن پۆست و پلەی بەرز بن ... لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز چیرۆکی غیرەتی ئەو سەگە و خیانەت و نیشتمان فرۆشی جاشەکان ون نابێت

> «ئەفسەرەکە کە دیمەنی سەگە کوژراوەکە وجاشە تاڵانچییەکان دەبینێت ، هیچ قسەیەکی بۆ نایەت وەك وەی لە ناخەوە بڵێت , خۆزگە ئێوەش غیرەتی ئەو سەگە بەوەفایەتان هەبوایە»



**ئەرسەلان پەرۆش**

### بۆچی تائێستا حکومەتی عێراق قەرەبووی کەسوکاری ئەنفالکراوانی نەکردووەتەوە؟!

ئەم ساڵ ٣٣ ساڵ بەسەر تاوانە دڕندانەکەی ئەنفالدا تێدەپەڕێت،کە هاوکات ١٨ ساڵیشە حکومەتی بەعسی دڕندە کە ئەو تاوانەی دژ بە هاوڵاتیانی بێتاوانی گەلەکەمان ئەنجامدا،ڕووخاوە.

لەماوەی ئەو ١٨ ساڵەی ڕووخانی ڕژیمی بەعس و هاتنەکایەی حکومەتی نوێی عێراق، هێشتا هیچ حکومەت و سەرۆک وەزیرانێکی عێراق دەستی بۆ کەیسی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوان نەبردووە.

لێرەدا ئەمەوێت ئاماژەیەکی کورت بە گرنگترین وە هەندێک لەو هۆکارانە بدەم کە وایکردووە حکومەتی عێراق بیر لە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوان نەکاتەوە.

خاڵی یەکەم، نەبوونی نیەتێکی جدی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە لەماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ڕەسمی و بەوەفدێکی حکومی تایبەت سەردانی بەغدا بکات و ئەو کەیسە بجولێنێت و کاری لەسەر بکات، ئەوەشی هەبووە تەنها داوایەکی شەرمنانە بووە تەنها لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ ڕازیکردنی کەسوکاری ئەنفالکراوان بووە، خۆ ئەگەر لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هاوشێوەی ئەوەی کە ئەم ساڵ بۆ بەشەبودجەی هەرێم لەگەڵ حکومەتی عێراق کردی تەنها چەند جارێکی کەمیش ئەوەی بکردایە و چوار جار وەفدی ڕەسمی حکومەتی هەرێم لە ئاستی باڵادا تایبەت بۆ ئەو کەیسە بچوایەتە بەغدا، ئەوا بێگومان حکومەتی عێراق دەهاتە ژێر بار و بڕیارێکی لەو شێوەیەی دەدا.

خاڵی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ ئاست و ئەدای نوێنەرانی کورد لە بەغدا لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا و نەبوونی خەمخۆرێکی ڕاستەقینەی کەسوکاری ئەنفالکراوان تێیاندا، ١٨ ساڵە کورد لە حکومەت و پەرلەمان و پێگە جیاوازەکانی عێراقدا بەشدارە، بەڵام زۆربەی زۆری ئەوانەی کە لەو ماوەیەدا نوێنەرایەتی کوردیان کردووە هیچ خەمێکی ڕاستییان نەبووەو بە تەنها وشەیەکیش نەک لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەڵکو لەگەڵ ڕاگەیاندنە عێراقی و جیهانییەکانیش باسیان لەو بابەتە نەکردووە، بەشێکی زۆری ئەو نوێنەرانەش بەداخەوە تەنها کاتیان بەڕێکردووە، لەلایەکەوە بوون بە بارگرانی بەسەر حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقەوەو لەلایەکی تریشەوە ڕێگە و جێگەی کەسانی دڵسۆز و خەمخۆریان بۆ خۆیان بردووە و نەیانهێشتووە ئەوان بچنە پێشەوەو ئەو ڕۆڵە ببینن، ڕێزی زۆرم بۆ لەو نوێنەرانەی کورد هەیە کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و لەسەر ئاستی تاکەکەس هەوڵی خۆیان داوە، بەڵام وەک کورد ئەڵێت(چەپڵە بە دەستێک لێنادرێت).

خاڵی سێیەم دیسان بۆ بێباکی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە، چۆن؟!

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ژمارەیەکی زۆر لەو جاش و موستەشارە کوردانە دەرکرا کە دەستیان هەبوو لە پرۆسەی ئەنفالدا، فەرمانەکەش ئاراستەی حکومەتی هەرێم کرا بۆ جێبەجێکردن، بەڵام بەهۆی داڵدەدانی زۆرێک لەوانە لەلایەن حزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە بەهیچ شێوەیەک دەست بۆ ئەو کەیسە نەبراو ناشبرێت، کاتێکیش حکومەتی عێراق ئەم بێباکییەی حکومەتی هەرێم و حزبەکانی کوردستانی بینی لە ئاست ئەو تاوانبارانە و داوای ڕەوای کەسوکاری ئەنفالکراوان بۆ دادگاییکردنیان، ئەوکات بۆی ڕوون بووەوە کە بەرپرسانی هەرێم لە هەموو لایەنەکانی کەیسی ئەنفال بێباکن و ئەگەریش قەرەبووەکە نەکاتەوە ئەوا حکومەتی هەرێم دەنگێکی جدی لێوە نایەت.

خاڵی چوارەم، بەشێکی کەمیش لە هۆکارەکان بۆ ئێمەی کەسوکاری ئەنفالکراوان دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نیەتێکی جدی نەبووە بۆ پەستان خستنە سەر بەغدا، ئێمەش دەنگێک و ناڕەزایەتییەکی بەرفراوانی یەکگرتوومان نەبووە بۆئەوەی حکومەتی هەرێم ناچار بکەین هەڵوێستی جدی بەرامبەر بەغدا هەبێت، ئەوەی هەبووە لەماوەی ڕابردوودا زۆر کات تەنها بەیاننامەیەک بووەو لەیادەکانی ٤/١٤ دا دەرمان کردووە و لەژێر لێوەوە ئەو داوایەمان ئاراستەی حکومەتەکانی هەرێم و بەغدا کردووە. دەمێنێتەوە بڵێین ئەم ئەرکە بە پلەی یەکەم، ئەرکی حکومەتی هەرێمە، ئێستاش دەرفەت بۆ ئەو کارە ماوەو پێویستە هەوڵی جدی بۆ بدات تا حکومەتی عێراق ناچار بکات کەسوکاری ئەنفالکراوان قەرەبوو بکاتەوە.

## تکا لەبەردەم یەزداندا

**مەهدی ساڵح مەجید**

من لە ڕۆژێکی خۆشی بەهاردا و، بە بەرچاوی ئێوە و هەموو جیهان و شینایی ئاسمانەوە (٧٠٠٠) کەسم بە گازی کیمیاوی لێ دەکوژن و هەر بۆ بەیانییەکەی (١٨٢٠٠٠) کەسم بە کارەساتی ئەنفال لێ قەتڵ و عام دەکەن و هیچ کەسێکیش لەم دونیایەدا ڕاناچڵەکێ و، ورتەی لە دەمەوە نایەتە دەر، تەنانەت (هەموو ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی جیهانیش؛ ئەوەندەی سەرقاڵی ئەوە بوون کە دەنگ و باسی یارییەکی تۆپ تۆپێن بڵاو بکەنەوە یان چیرۆکی ئەو ژنە ئەمەریکییە بگێڕنەوە کە لە کۆشکی سپیدایەو «سەگەکەی» بە ڕووداوی دڵتەزێنی ئۆتۆمبیل مردووە .. یان بە درێژایی ساڵێك بە تەنها باسی پەیوەندییەکی سێکسی (بێل کلنتۆن) بکەن لەگەڵ کچێکی ئەمەریکایدا، بەڵام نەیانپەرژایە سەر ئەوەی باسی کوشتنی بە کۆماڵی (١٨٢٠٠٠) کورد بکەن کە فاشیستێکی عەرەب بەوپەڕی دڕندانەوە و بە پاڵپشتی هەموو هێزی عەرەبییەوە شمشێری خەلافەتی ئیسلامی لێ ڕاکێشاوین و، زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە بە بەرچاوی ئێوە و هەموو جیهانەوە قەتڵ و عاممان دەکات و، ئەم کارەساتەو دەیان کارەساتی تری بێ وێنە لە چارەنووسی بندەستی ئێمەدا تۆمار دەکات، تاقە گوناهی ئێمە ئەوە بووە کە تەنها گووتومانە ئێمە کوردین و بە کوردی لە دایك بووینە - لێمان بگەڕێن با بە کوردی قسان بکەین و بە کوردیش بمرین و هیچی تر.

## ئایا کورد ئەنفال بەجێ دەهێڵێ؟

**خالد حاجی وادی**

کورد تاکە نەتەوەی دونیایە کە ٢٧٠٠ ساڵە بەردەوام لەناو(کردەی ئەنفال) کردن دایە، تائێستا ئەنفال لەپێشیەوەیەتی نەیتوانیوە ئەنفال تێپەڕێنێ، ئەڵبەت تێپەڕاندن بەو مانایە نا کەلە هزرماندا دایشۆرینەوەو نەمێنێ، بەڵکو؛ بە پێچەوانەوە دەبێ لەهزرماندا هێندە هەڵکشێ و تەقینەوەیەکی وادروست بکات لەخەوی غەفڵەت بێدارمان بکاتەوە. ئەنفال ببێ بەو پرسیارەی کە:

ئایا ئێمە بۆ ئەنفال دەکرێین!؟.

ئایا ئێمە تاوانبارین بەوەی بەدرێژایی مێژوو لەناو " کردەی ئەنفال" دابین!؟.

ئایا ژانی ئەم هەموو ئەنفالە بەبەردەوامی هی ئەوە نەبوو ڕاچڵەکێنێ دروست بکاو ببێتە ڕاپسکانێک لەکۆتوبەندی زەلیلی و ژێر دەستەیی!؟.

ئایا تاکەی ئێمە بەبەردەوامی بۆ ئەنفال کردنمان پاساوو بیانوی گەوجانە بهێنینەوە بۆ دوژمنەکانمان، بەجۆرێک ڕەوایەتیان بدەینێ و بگرە خۆشمان ببین بەکرێ گیراو و جێبەجێکاری پەلاماری وەحشی گەرانەی دوژمن!؟.

ئایا لەمێژوودا هیچ نەتەوەیەکی وەک ئێمە پڕ سەیرو سەمەرەتر هەیە لەسەر لێدانی سەگ و کەڵەشێرەکەی دوژمنایەتی نەبڕاوە بەرپابکات لەگەڵ هاونەتەوەو کەسی خۆی، کەچی دوژمنە نەتەوەییەکەی خاکەکەی داگیر بکات نەک لای ئاسایی بێ بەڵکوبێ بەنۆکەرو پیاو کوژ بۆی!؟.

بێگومان هەتا کورد خۆی وەک نەتەوە نەناسێنێ و دەس بەرداری، کۆیلەیەتی و پاشکۆیەتی تورک و عەرەب و فارس نەبێ و بەدوژمنی داگیر کەرو دڕندەو تاڵانچی و خوێن خۆریان نەزانی، هەرگیز ؛ لە (کردەی ئەنفال)کردن ڕزگاری نابێ.


akarlawan@yahoo.com 07725428086 - 07725428108